KURDISTAN

# ٥٩ مەشخەڵ

## ڕێگای ڕزگاری کوردستان

١٢ی جۆزەردان

یادی شەهیدان

٤١ ساڵەی لە سێداری ٥٩

لاوی مەهابادی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- بۆ ٥٩ لاوی مهاباد کە ئێستاش جەنازەکانیان کەس نازانێ لە کوێن ........................................ خاڵە قازی ..... ٥

٢- لە شێعری "پۆلێک گوڵاڵە"، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ........................................ ئاشق ئیسماعیلی ..... ٦

٣- ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ "ئێعدام" ........................................ ڕەزا محەممەدئەمینی ..... ٧

٤- پەنجا و نۆ گەڵای وەریو! ........................................ هەیاس کاردۆ ..... ١٠

٥- ٣٦ەمین ساڵی لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی ........................................ کوردستان و کورد ..... ١٢

٦- بەڕێوەچونی سیمینارێک بەبۆنەی ١٢ی جۆزەردان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........................ ١٤

٧- ١٢ی جۆزەڕدان، پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ........................................ ڕەشید قازی ..... ١٦

٨- یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهابادی دەستی ڕەشی زۆرداری! ........................................ ئەنوەر کەریمی ..... ١٨

٩- ژانێک بە روحی بریندارى شارێکەوە ........................................ ئەحمەد شێربەگی ..... ٢٠

١٠- "سێرە" بە بۆنەی ساڵیادی کوشتاری ٥٩ لاوی مەهاباد ........................................ بێبەش پیرۆتی ..... ٢٣

١١- جینایەتێکی سامناک ........................................ عەبدوڵڵا حەسەن زادە ..... ٢٤

١٢- کە تراژێدی سنووری ماڵەکانی بڕی........................................ برایمی فرشی ..... ٢٦

١٣- وتاری دەفتەری سیاسیی حدک لە ڕێوڕەسمی یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورددا .................... قادر وریا ..... ٢٧

١٤- دەستنیشان کردنی ١٢ی جۆزەردان ........................................ فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران ..... ٣٢

١٥- بە یادی ٥٩ خونچە بە ناحەق هەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان مەهاباد ........................................ لوقمان زەهرایی ..... ٣٤

١٦- لە ساڵیادی ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ١٢ی جۆزەردان ........................................ جەمال نەجاری ..... ٣٧

١٧- بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد لە مەهاباد........................................ فۆئاد محەممەدی ..... ٤٠

١٨- بۆ یادی ٥٩ گووڵاڵە سوورەی مەهاباد ........................................ سابیر فەتاحی ..... ٤٣

١٩- بەرەو یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد ........................................ حیزبی دێموکراتی کوردستان ..... ٤٦

٢٠- بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ریزگرتن لە یادو بیرەوەریی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد ........................................ ٤٨

٢١- پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان ........................................ ٥١

٢٢- لە یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد ........................................ یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران ..... ٥٣




سەرچاوە
Serchawe

٢٣- ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەبۆنەی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد .................................. ٥٥

٢٤- راگەیێندراوی "فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران"...................................................... ٥٦

٢٥- یادی ٥٩ لاوی شەهیدکراوی مەهابادی بەرز رادەگرین ................................. کۆمیتەی سویدی حدکا ..... ٥٨

٢٦- بەرزراگرتنی یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد لەو شارە ........................................ کوردستان و کورد ..... ٦٠

٢٧- خوێن ڕێژانی دۆینێ و ڕێفۆرم خوازانی ئەمرۆ ............................................... حیسام ئەحمەدی ..... ٦١

٢٨- ٥٩ لاوی مەهاباد: وەکوو کۆمەلەی "ژ ـ ک"، ئێمە سوێندمان خواردووە ............................ قاسم کەڵەشی ..... ٦٤

٢٩- یادی کۆمەڵکوژی لاوانی مەهاباد ............................................... ڕێکخراوی چاودیری کوردۆسایدەوە ..... ٧٠

٣٠- دادگای نامرۆڤانەی کۆماری اسلامی ایران ..................................................... سۆران کرباسیان ..... ٧٢

٣١- لە یادی ئێعدامکردنی ٥٩ لاوی شاری مهاباد .................................................. سمایل شەرەفی ..... ٧٩

٣٢- کرنۆش بۆ ٥٩ گوڵە مەزار ونەکانی مەهاباد ............................................... حەکیم حسێن زادە ..... ٨٢

٣٣- ٥٩ لاوی جوانەمەرگی مەهاباد و هێزی بە هێزی بیستوون ...................................... کەریم ئەللاوەیسی ..... ٨٥

٣٤- بیست و پێنجەمین ساڵی ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد ..................................... موعتەسەم نوورانی ...... ٨٨

٣٥- جینایەتی "میللی - مەزهەبی" یەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان ......................... ئەنور سۆڵتانی ..... ٩١

٣٦- لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهاباد، و ترسێکی هەمیشەیی رژیم ...................................... کوردستان و کورد ..... ٩٣

٣٧- ٥٩ زەبری گورچکبڕ لەبری ٥٩ هەناسەی خنکاو ............................................. برایم چووکەڵی ..... ٩٥

٣٨- حەمیدڕەزا جەلاییپوور و ئێعدامی ٥٩ کەسەکەی مەهاباد ............................................................ ٩٨

٣٩- بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەلاوی کورد لە مەهاباد ..................................... خالید عەزیزی ..... ١٠١

٤٠- لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی؛ خوێندنەوەی ڕووداوێکی سەرسووڕهێنەری مێژوویی .................. هاوری یوسفی ..... ١٠٤

٤١- پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ........................................................... ١٠٩

٤٢- ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی تاوانێک بۆ لە بیر نەچوونەوە! ........................................ قادروریا ..... ١١١

٤٣- ئیعدامی ٥٩ لاوی کورد، جینایەتێکی سامناکی ڕێژیم ٣٨ ساڵ پێش لە ئێستا ........................ تەیمور مستەفایی ..... ١١٣

٤٤- ئێعدامی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد ......................................................... پارتی ئازادیی کوردستان ..... ١١٦

٤٥- تاوانی سیاسی لە ناڕوونیی یاسادا ....................................................... سەلاح خزرپوور ..... ١١٨

٤٦- عومەر باڵەکی: کۆمەڵگەی کوردستان زیندانیی سیاسی بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ ................ ١٢١

٤٧- "یادێک لە ساڵرۆژی ئێعدامی جەنایەتکارانەی ٥٩ خەباتکار و تازەلاوی شاری مــهاباد"............ عەزیز ئاجیکەند ..... ١٢٦

٤٨- بۆ یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد؛ ................................................ شەیر ..... ١٣٣

٤٩- ٤٠ ساڵ پێش ئێستا و لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا ............................................ شۆڕش ئەسەدزادە ..... ١٣٦

٥٠- پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................ ١٣٨

٥١- پەیامی کاک مستەفا هیجری بە بۆنەی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان ................ ١٤١

٥٢- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ................ ١٤٢

٥٣- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ................ ١٤٤

٥٤- پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................ ١٤٦

٥٥- پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان ................ ١٤٨

٥٦- ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................ ١٥٠

٥٧- پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................ ١٥٢

٥٨- یادیک لە ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد ................ عومەر باڵەکی ..... ١٥٥

٥٩- سێدارە، پێناسەی ٤٥ ساڵە ................ هەردی سەلیمی ..... ١٥٨

٦٠- ٥٩ گوڵی ژاکاوی مەهابادی ................ ئەحمەد ڕەحمانی ..... ١٦٠

٦١- ١٢ی جۆزەردان ................ بیژەن قارەمانی ..... ١٦٢

٦٢- هەڵدانەوەی لاپەڕەی جینایەتکاران ................ ئەحمەد شێربەگی ..... ١٦٥


٦٣- یادی ٥٩ شەهیدی مەهاباد ................ د. مەجید حەقی ..... ١٦٧

٦٤- لیستەی ٥٩ شەهیدەکانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ ................ ڕەحمان نەقشی ..... ١٦٨




## بۆ ٥٩ لاوی مهاباد کە ئێستاش جەنازەکانیان کەس نازانێ لە کوێن.

**خاڵە قازی**




ئەوا ٥٩ گوڵ پەڕ پەڕی خوێن
کە قوربانی کران بۆ ڕێبەری خوێن
لە ئاسمانی مهاباد شاهەڵۆکان
لە باڵیان دا دەبینن شاپەڕی خوێن
لە دەریای ڕۆژهەڵات،کەشتی شەهیدان
خەریکی لەنگەرە، لەو بەندەری خوێن
ئەوا پەنجا و نۆ دایک دووبارە
لە سەریان دادەماڵن ڕووسەری خوێن
لە شاری قارەمانان خوێن دەبارێ
لە شەقام و لە دیوار و دەری خوێن
بە ئایاتی خودا کوڕمان دەکوژن
چ ئائینێکە؟بۆتە باوەڕی خوێن
ئەوە کام خوایە قوربانی دەوێ تا
خەزێنەی پڕ بێ،بەو گەوهەری خوێن
عەهد بێ نەچمە حەج بۆ ئاوی زەمزەم
هەتا خاکم دەدێرێ کەوسەری خوێن
دڵم خوێن،دیدە خوێن و شێعری خاڵەی
بە خوێن نوسراوە یەک یەک لاپەڕی خوێن

سەرچاوە دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٢

به پۆلێک سووره گوڵ ڕازایەوه باغی شەهیدانمان
له ئاسمانی خەبات پەنجاونۆ ئەستێره ئەنگووتن

## له شێعری "پۆلێک گوڵاڵە"، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی




**ناشق ئیسماعیلی**

له ساڵوەگەڕی ئیعدامکرانی ٥٩ تێکۆشەری مەهابادی دا، سڵاو بۆ گیانی پاکیان دەنێرین، یادیان دەکەینەوه و جارێکی دیکەش دەڵێین:

پێتان وا نەبێ کۆڵ دەدەین
یان لەبیریان دەبەینـــەوه
تۆڵەی هەموو ئەو خوێنانه
به سەرکەوتن دەکـەینەوه.

سەرچاوه: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٩

# ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ "ئێعدام"



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

ئەمڕۆ سێشەممە ١٠ی ئۆکتۆبر بەرانبەر بە ١٨ی ڕەزبەر، ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ "ئێعدام"ـە. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ئەمنێستی ئینتێرناشناڵ و ڕێکخراوی یەکێتیی جیهانیی دژ بە سزای ئێعدام، پاش بەربەرەکانی زۆری جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دژایەتی لەگەڵ ئەو دیاردەیە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەملاوە، ئەو ڕۆژەیان وەک ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ سزای ئێعدام دیاری کرد. هەر چەند لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و پەرەسەندنی جووڵانەوەی ئۆمانیزم و ڕێز گرتن لە "وجوود"ی مرۆڤ و بەها دێمۆکڕاتیکەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دیاردەی ئێعدام لە بەشێک لەو وڵاتانەدا وەلانراوە، بەڵام سزای ئێعدامی تاوانباران ئێستاش لە جیهاندا هەر بوونی هەیە.

سەرەڕای ئەوەی هەر ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، سزای ئێعدام بە هەموو شێوەکانییەوە خاشەبڕ کراوە و ئیدی تاوانباران، سەرەڕای ئەوەی تاوانەکەیان چ بووە و بە چ هۆیەکەوە تاوانیان ئەنجام داوە و تاوانەکەیان چەندە قورس و گرانە، ئێعدام ناکرێن و سزای دیکەیان بۆ دیاری دەکرێ، بەڵام لە ٥٥ وڵاتی جیهان سزای ئێعدام هەر ماوە. ڕەنگە دیارترین وڵاتی پێشکەوتووی جیهان کە دیاردەی ئێعدامی تێدامابێ ئەمریکا بێ .ئێستاش ئێعدام لە زۆربەی ئیالەتەکانی ئەمریکا ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەستیان بە خوێنی خەڵکی بێتاوان سوور دەبێ و کەسانێک بێگیان دەکەن کە هیچ سووچ و تاوانێکیان نییە، بەردەوامە.

ئێعدام، واتە "عەدەم" کردن و لەنێو بردن، وشەیەکی عەرەبییە کە کەوتووەتە نێو زمانی فارسی و کوردی و لە ئەدەبیاتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانی کوردستاندا زۆرتر لە دەستەواژەی "لەسێدارەدان" بە جێگای ئێعدام کەڵکی لێوەردەگیرێ. بەوحاڵەزۆر دیار و ڕوونە لەسێدارەدان ناتوانێ مانای پڕ بە پێستی وشەی "ئێعدام" بێ. چونکە ئێعدام تەنیا لەسێدارەدان و بە دارەوە

هەڵاوەسین نییە و دەکرێ شێوەکانی دیکەش لەخۆ بگرێ. بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی یەکێتیی جیهانیی دژ بە سزای ئێعدام هەموو شێوەکانی وەک خنکاندن، مل پەڕاندن، لە برسان کوشتن، تیرۆر کردن، سزای کوشتن بە کورسی کارەبایی و دەرزیلێدان و تەنانەت کوشتنی بەکۆمەڵیش دەچێتە خانەی ئێعدام. لە ڕاستیدا لە قامووسی "ئێعدامکەران"دا گرینگ لەنێوچوونی تاوانبارانە و باش بەڕێوەبردنی جۆری "ئێعدام"ـە؛ ئەگینا شێوەکانی زۆر گرینگ نین و بە پێی هەلومەرج و چۆنیەتی ڕوودانی تاوانەکان و ئەوەکە تاوانباران کێن و بەڕێوەبەرانی ئەو سزایە چۆن بەڕێوەی دەبەن، زۆر گرینگ نین.

وشەی ئێعدام لەمێژ ساڵە بۆ نەتەوەی ئازادیخوازی کورد بەگشتی و بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشنایە. لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و هاوچەرخ نیشان دەدەن کە نەتەوەی کورد هەمیشە بۆتە قوربانی داگیرکەران و چەکی "ئێعدام" بە هەموو شێوەکان، وڵامی داگیرکەرانی کوردستان بووە بۆ ڕاپەڕینی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان و دامرکاندنی ئاگری نەکووژاوەی نیشتمانپەروەری ڕۆڵەکانی کوردستان.

کێ هەیە نەزانێ باپیرئاغای مەنگووڕ لە شاری مەراغە بە غەدرو خیانەتی ناجوامێرانەی دەسەڵاتدارانی ئەوکات لەگەڵ نزیکەی هەزار شۆڕەسواری کورد بە پیلانی "موقەددەم مەراغە"یی، چۆن کووژرا؟

زۆر دوور نەڕۆین، پیلانی تیرۆری سمکۆی شکاک و لەسێدارە درانی شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دێرسیم و یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و لە سێدارەدرانی دەیان پێشمەرگەی شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستییەن کە "ئێعدام" بە واتای لەنێوبردن بە هەموو شێوەکانی لەسەر کورد تاقی کراوەتەوە. ئێمەی کورد لە سەدەی ڕابردوو لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا قەڵاچۆ کراوین و گەورەترین قوربانیی سزای ئێعدام بووین.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکۆمەڵ کوشتنی لاوانی کورد هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەدەستی جەللاد خەڵخاڵی و هەروەها لەسێدارەدان، یان باشترە بڵێین ڕەشەکوژی و تیرباران کردنی سەدان و بگرە هەزاران لاوی کورد نیشاندەری ئەو شێوە لە "پاکتاوە"یە کە ناوی ئێعدامی لەسەر دانراوە.

ئەگەر لە وڵاتانی وەک چین و ئامریکا و چەند وڵاتێکی پێشکەوتووی دیکەی جیهان سزای ئێعدام بۆ تاوانبارانی جینایی، وەک کوشتنی خەڵکی بێتاوان و زۆر تاوانی کۆمەڵایەتی دیکە هەروا برەوی هەیە و سەرەڕای نارەزایەتی کۆڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ بەڕێوەدەچێ، لە کوردستان نەک هەر تاوانبارە کۆمەڵایەتییەکان وەک بکوژانی خەڵکی بێتاوان و حوکمدراوانی لەو بابەتە، بەرەوڕووی سزای ئێعدام دەبنەوە، بەڵکوو چالاکانی سیاسی و هەڵسووڕاوانی نەیاری کۆماری ئیسلامیش تووشی سزای ئێعدام دەبن.

لەماوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی‌دا سەدان چالاکوانی سیاسی و هەڵسووڕاوی مەدەنی و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە دادگا ڕواڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەناو دادگایی کراون و پاشان بێبەزەییانە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە. کۆمەڵکوژییەکان لە بەندیخانەکان لە دەیەی شێست وەک ئێعدام کرانی ٥٩ لاوی بێ‌تاوانی مەهابادی و هەروەها کوشتاری بێ‌بەزەییانەی زیندانیانی سیاسی کە چڵەپۆپەکەی کوشتاری بەکۆمەڵی هەزاران زیندانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ بوو و تیرۆری نەیارانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت قەتڵی ڕێبەرانی شەهید قاسملوو و شەرەفکەندی بە دەستی کۆماری پەت و سێدارە لە دەرەوەی وڵات، لەو تاوانانەن کە بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، ئەمنێستی ئینتێرناشناڵ و ڕێکخراوی یەکێتیی جیهانیی دژ بە سزای ئێعدام دەکەونە خانەی "ئێعدام" و لە بەین بردن و لەسەر تەوێڵی کۆماری ئیسلامی ئێران نووسراوە و ناشۆرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## پەنجا و نۆ گەڵای وەریو!



**هەیاس کاردۆ**

جۆزەردان مانگی خێڵ و خێڵاتچیییانە، مانگی ڕەشماڵ و بێری و شمشاڵی شوانە. جۆزەردان مانگی فەریکە بوونی گوڵە گەنمەکان و تیژ کردنی داس و مەڵەغانی سەپان و وەرزێڕانە. جۆزەردان، مانگی وەبەرهاتنی دار و درەخت و زەوی و زاری جووتێرانە. جۆزەردان مانگی فڕینی باڵندە ئازادەکان بە ئاسمانی شین و بێ گەرد دا و دروست کردنی هێلانەی ژین بۆ ڕاگرتنی نەزمی هەرمانە. جۆزەردان مانگی هیوا بە دەسکەوتی خوێندنی خوێندکاران و ئامەزرۆ بوونی پشوویەکی درێژی هاوینانە.

ئەو ساڵە داسی مەرگ زوو تیژ کرا و پێش ئەوەی گوڵە گەنمەکان زەرد بن دروێنە کران. ئەو ساڵەی وەیشوومەی سەرما نەی هێشت چادر و چیغ لە کوێستانان هەڵدرێن، دەستی بێری لە گوانی مەڕ بڕی و شمشاڵی شوانەشی بێدەنگ کرد. ئەو ساڵەی تەیرەکان نەیان توانی لە شەقەی باڵان بدەن و هەوای ساف و بێگەردی ئەو ناوە هەڵمژن. ئەو ساڵەی هێلانە دروست نەکران و سروشت لە ڕەوتی ئاسایی خۆی بێبەش کرا. جۆزەردانی ئەو ساڵە قوتابییان لە جیاتی هیوا بە داهاتوویەکی گەش، فرمێسکی خەم و حەسرەتیان هەڵەوەراند و ئامێزیان بۆ هەڵوەرینی گەڵا سەوزەکان کردەوە. جۆزەردانی ئەو ساڵە وەک بەهار نەدەچوو، ڕێبەندانێک بوو دڵەکانی دەگوشی و لەشەکانی سیس هەڵ دەگێڕا.

ئاخر چۆن دەبێ لە نێو وەرزی بەهاری ژین دا پەنجا و نۆ گەڵای تازە سەوز بوو بە جارێک هەڵوەرێندرێن و پاییزی خەم پێک بهێندرێ؟ بۆ دەبێ پەنجا و نۆ گوڵی بۆنخۆشی بەهاری بە جارێک پەڕپەڕ بکرێن و باخچەی ژیان بە جارێک بڕووتێندرێتەوە؟ ئاخر کەی ڕەوایە لە جۆزەردانی مانگی هیوا و هومێد دا فرمێسک جێگای بزە بگرێتەوە و ترووسکەی هیوا لە چاوەکان بتارێ؟ کەی ڕەوایە سەرزەویی کوردەواری لە بەهاری جوانیی بێبەش بکرێ و پاییزی خەمی بەسەر دا زاڵ بێ؟

ئەو ڕۆژەی مانگی جۆزەردان خەریک بوو بە دوازدەهەمین تیشکی خۆر بڕازێتەوە و باوەشی گەرمی بۆ وەرزێران بکاتەوە نەزمی سروشت گۆڕا و دنیا تاریک داهات. ئەو کاتەی دوازدەهەمین ئێوارەی بەهاری ژین خەریک بوو ژوانی پێک گەیشتن بۆ دڵداران ساز بکا و کاتێکی خۆشیان بۆ پێک بێنێ، دڵی دڵدار گۆڕا و ژوانگە بە چۆڵی مایەوە. ئەو ڕۆژەی خاڵەی جووتێر خەریکی تیژ کردنی داسی ژین بوو هەتا لە جۆزەردانی خێر و بەرکەت دا دروێنەی هیواکانی بکا، ڕەوتی ژیان گۆڕا و ناهومێدی جێگای هیوای گرتەوە. ئەو ڕۆژەی گوڵە بۆنخۆشەکانی باخچەی ژیان خەریکی سەما بوون و بۆنی خۆشی خۆیان بڵاو دەکردەوە، تۆفانی نەهامەتیی هەڵی کردێ و هەوای بەهاری گۆڕا. ئەو ڕۆژەی پەنجا و نۆ لاوی مەهابادی لە کاتێکدا خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەزموونەکانی خوێندنی یەکساڵەیان ئامادە دەکرد و تیشکی هیوا لە پەنجەرەی دڵی دەدان کەوتنە بەر خەنجەری جەور و دڵیان کون کون کرا، ڕوانینی مرۆڤ لە یەکتر گۆڕا.

لەو ڕۆژەوە (١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی) کە داسی مەرگی کۆماری ئیسلامیی ئێران گوڵی تەمەنی پەنجا و نۆ لاوی مەهابادی پەڕپەڕ کرد ئیتر بەهار مانای جارانی نەماوە. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا بای خەزان هەڵی دەکاتێ و گەڵای دارەکان دەست بە وەرین دەکەن. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا کانیی چاوەکان دەزێنەوە و کونی فرمێسکەکان دەکرێنەوە. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا چاوی چاوەڕوانەکان دوور دوور دەڕوانن بۆ ئەوەی ئەو داسی مەرگ هێنەرە لە دەشتی پڕ پیت و بەرەکەتی نیشتمانەکەیان نەمێنێ و هیچی دیکە گوڵە تازە پشکووتوەکانیان پەڕپەڕ نەکرێن. هەموو ساڵێ لەو ڕۆژ و مانگ و وەرزە دا مرۆڤ و مرۆڤ دۆستەکان یادی ئەو پەنجاو نۆ گوڵە پەڕپەڕ کراوە دەکەنەوە و بە یادی ئەوان هەزاران نەمامی تازە دەنێژن.

**ئوستڕالیا؛ ١٣ - ٦ - ٢٠١٣**

## ٣٦مین ساڵی لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی



لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، ڕێژیمی خوێنڕێژ و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ٥٩ لاوی بێتاوانی مەهابادی تەنیا بە تاوانی کوردبوون لە سێدارەدا.

لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، ڕێژیمی ئاخوندی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان، ٥٩ ڕۆڵەی کوردی لە شاری مەهاباد، شاری کۆمار و پێشەوا لە سێدارەدا. لەسێدارەدانی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد لەگەڵ ئەوەی کە داخی خستە سەر دڵی هەموو خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی ئێران، لە هەمانکاتدا بۆ جارێکی تر ڕووی دزێو و ڕاستەقینەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خۆمەینی بۆ هەموو جیهانیان ئاشکرا کرد و هەر لەو کاتەشدا ڕقی تۆڵەی لەنێو لاوانی کورددا دژ بەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە بەهێز کرد و لاوانی کورد دەستە دەستە هاتنە نێوریزی شۆڕشگێران و تێکۆشەرانی لایەنە خەباتگێرەکانی کوردستانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکارییەوە نەک هەر باوەڕی بە ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکوو یەکێک لەو حکوومەتە دیکتاتۆرانە بوو کە بە زەبری چەک و کوشت و کوشتار وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی دایەوە و دەستی دایە سەرکوتکردنی ئازادییە ئینسانییەکان.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی کە دژی مافی هەموو گەلانی ئێران بوو، بەڵام لەبەرانبەر کورددا سیاسەتێکی شوینیستی و کۆنەپەرستانەی گرتەبەر و لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوییدا خۆمەینی وەک ڕێبەری ئایینی ئەو دەوڵەتە فەرمانی جیهادی دژ بە خەڵکی کوردستان دەرکرد و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا بە بەرچاوی دنیاوە ڕۆژانە خەریکی کوشتن و سەرکوتی خەڵکی کوردستانە.

دوای فەرمانی جیهادی خۆمەینی، جینایەتکارێکی بە ناوی خاڵخاڵی ڕەوانەی کوردستان کرد و بوو بە قازیی شەرعی کوردستان و بێ دادگایی و لێکۆڵینەوە، تەنیا لە چەند چرکەیەکدا فەرمانی لە سێدارەدان و بەندکردنی ئازادیخوازان و خەڵکی بێتاوان و بێدیفاعی کوردی دەدا و بە سەدان کەسیان لە کوردستان لە سێدارەدا و خەڵکی کوردستانیان لە چەند شوێن قەتڵوعام کرد.

بە فەرمانی کۆنەپەرستێکی وەک خۆمەینی و بە یاسای دارستان ڕەحمیان بە هیچ کەس نەکرد و ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کوردستانیان غەڵتانی خوێن کرد و تا ئێستاش ئەو یاسا و فەرمانەی خۆمەینی هەر کاری پێدەکرێ و تا ئەمڕۆ نزیک بە پەنجا هەزار کورد بە دەستی ئەو ڕێژیمە خوێنڕێژە شەهید بوون.

وێڕای کوشتنی خەڵکی کوردستان، بەندیخانەکانی ڕێژیمیش شوێنێکی تر بوون بۆ ترس و تۆقاندن و لە ڕێگەی ئەشکەنجە و ئازار و ئێعدامەوە ویستوویانە کورد واز لە مافە ڕەواکانی بێنێ و تەسلیمی ویست و داخوازییەکانی ڕژیمی ئاخوندی بێ.

گەلی کورد دەیان ساڵە بۆ دابینکردنی مافە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانی خەبات دەکا و قەت لە ڕێگای سەرکوت و زەبروزەنگەوە تەسلیمی داوای دژمنان و داگیرکەرانی کوردستان نەبووە، لەو ڕێگایەشدا قوربانی زۆریداوە و ٥٩ لاوی مەهابادیش بەشێک لەو قوربانیانەن کە بە تاوانی کورد بوون لە سێدارە دران.

لە یادی ئەو ڕۆژە تاڵەدا، خەڵکی کوردستان ڕێز دەگرن لە ڕوحی ٥٩ لاوی مەهابادی و لە هەمانکاتدا لاوانی کورد بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن ناهێڵن خوێنی ئەو ٥٩ لاوەی کورد و شەهیدانی دیکەی کوردستان بەفیڕۆ بچێ و قەت تەسلیمی ویستی دژمن نابن و بە خەبات و خۆڕاگری خۆیان درێژە بە خەبات دەدەن و تا وەدیهێنانی ویست و داواکارییە ئینسانی و نەتەوەییەکانیان ڕێگای تێکۆشان و بەرەنگاری و بەربەرەکانی درێژە دەدەن و بۆ شاد کردنی ڕووحی شەهیدەکان مایە لە ژیان دادەنێن و تا سەرکەوتن لە خەبات بەردەوام دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچونی سیمینارێک بەبۆنەی ١٢ی جۆزەردان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



سەرلەبەیانیی رۆژی یەکشەمە ١٢ی جۆزەردان سیمینارێک لەلایەن یەکیەتییی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٣٦ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد بۆ بەڕێز سامان فەقێ نەبی لە قەڵای دێموکرات بەڕێوەچوو.

سەرەتای سیمینارەکە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان هاوڕێ رێبوار حەسەنی چەند وتە و بڕگەی سەبارەت بەم کارەساتە وەک یەکیەتیی لاوان پێشکەش بە بەشداران کرد.

پاشان بەڕێز سامان فەقێ نەبی کادری حیزبی دێموکرات و سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوان باسێکی سەبارەت بە شەرایتی ئەوکاتی کوردستان و ئێران پێشکەش کرد کە لەو سەردەم ٥٩ لاوی بێ تاوان بەکۆمەڵ دەستبەسەر و ئێعدام کران.

ناوبراو لە قسەکانیدا وتی: "هۆکاری سەرەکی ئێعدامەبە کۆمەڵاکانی ساڵی ١٣٦٢ وەڵامدانەوەیەک بوو بە خۆڕاگری هێزی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانی شەڕ لە کوردستان و تۆڵە سەندنەوەیەک بوو کە وەک شەڕی رەوانی لە دژی خەڵکی سیڤیلی کوردستان لەلایەن ماشێنی سەرکوت و کوشتاری کۆماری ئیسلامی بەکارهات." هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا بەڕێز فەقێ نەبی ئاماژەی بە تێوەگلاوەیی ئەو تەیفە لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کرد کە لەو جنایەتانەدا بڕیاردەر و بەڕێوەبەر بوون و دواتر لەململانێی دەسەڵاتداری لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا وەک باڵی ڕیفۆرمخواز خۆیان ناوزەد کرد.

بەشێکی دیکەی باسەکەی بەڕێز فەقێ نەبی تەرخانکرابوو بە دۆخی هەنووکەیی و ئەو ڕێکارانەی کە بەئەزموون وەرگرتن لە مێژوو، گەلی کورد بە تێچویەکی کەمتر لە ئێعدامی ٥٩ لاو لە ڕۆژێکدا بە ئاکام بگەیەنێ، بەڕێزیان هەروەها باسی لە هوشیاری نەتەوەیی و بەیەکەوە گرێدانی تراژێدیا نەتەوەییەکانی کرد کە وەک چۆن ئەو سەردەم فەرماندەی تۆڵە ئەستێن شەهید شاپووری فیروزی لاوانی کوردی لە کرماشان بە ڕێکخستن کرد و تۆڵەی ٥٩ لاوی مەهابادی ستاندەوە، ٣٥ ساڵ دواتر لاوانی مەهاباد و ناوچەی موکریان بە پێشەنگایەتی چالاکوانانی مەدەنی بە شێوەی مەدەنیانە بە هانای هاونەتەوەییەکانی خۆیان لە کارەساتی بومەلەرزەی کرماشانەوە چوون.

لەکۆتاییدا بەشداربووان را و سەرنجی خۆیان خستەڕوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٩



## ١٢ی جۆزەڕدان، پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئیراندا




**بە بۆنەوی لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی بە دەستی خاڵخالی.**

**ڕەشید قازی**

جگە لە سەربازخانەی گەورەی شار، داشامەجید و خەزای و حەسەن قاز زۆر شۆنی گرینگ و ستراتیژی شار مۆلگەی دوژمنی لێدامەزرابوو. بەیانێان لە کاتژمیر ٨ بەیانی لەسەر هەموو کۆلان و شەقامەکانی شاردا پاسدارەکانی لێدادەمزڕا و گەشتەکانی سارولڵا ومۆتۆر سۆارەکانیش بە نێوشاردا دەگەڕان و هەرکەس گومانیان لێکردبا بە ببێ پرس و ڕا دەیانگرت و ڕەوانەی قەسابخانە و چالە رەشەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرا. نێو ماشین و مێنی بوسەکانیان دەپشکنی و حەتا روحمێان بە موسافیرەکانی نێو تاکسێکانێش نەدەکرد. بە گشتی سوپاکانی ئیسلام خەو و خۆراک و ژیانێان لە خەلکی شار و دانیشتۆانی تال کردبوو.

لە نێوەشەوەێکدا، سوپاکانی ئیسڵام وەک تاعون بەماڵانەوە وەربوون و زێاتر لە ٢٥٠ کەس لە خەلکی شار کە زۆربەی هەرزۆریان لاو بوون دەست بەسەر کڕان.

خالخالی جەنایەتکار و خۆینمژ وەک قازی شەرع و نۆنەری ئیمامی خومەینەی بە خۆیە بە جەلادەکانی پاش لە سیدارەدانی دەیان لاو و پیر و پەککەوتە لە سنە و پاوە و مەریوان و سەقزرا گەیشتە مەهاباد. لە ماوەی ٢٤ کاتژمیردا حوکمی لە سیدارەدانی ٥٩ نەفەر لە لاوەکانی شاری دەرکرد. بە بیستنی هەوالی لە سیدارەدانی ئەم رۆلانە خەلکی کوردستان بە گشتی و شاری مەهاباد بە تایبەتی یەکپارچە بوبە ئاگر و ئاسن. دوکان و بازار گالە دران. رێژیم دیسان دەستەووەستان مایەوە بۆ دابینکردنی تفاقی کۆلەمست و سوپا

تالانگەر و جەنایەتکارەکای بۆ شارەکانی دیکە وەک میاندۆاو ورمی پەنا برد. حەمید رەزا جەلاییپوری فەرمانداری شار، جەنایەتکاری دۆینی و ئیسلاحتەلەبی ئیمرۆش!! هەروەک کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم کونە مشکەکەی لێ ببو قەیسەری. زۆربەی هەرە زۆری هیزەکانی حیزب بە تۆلەی ئەم ٥٩ لاوەی لە هەمو شار و شارۆچکە و ڕێگا وبانەکان سۆپای داگیرکەرانیان دەخستە ژێر هەڵمەتی شیرانەیان و بە دەیان وسەدان نەفەرێان بە سەزای تاوانەکانی خۆیان دەگەیاند. هیزی بەهیزی بیستون سەر بە کرمانشای حیزب لە ژێر فەرماندەهی، فەرماندەی بەوەجی شاپۆری فیرزیدا ٥٩ عەمەلیاتی بە تۆلەی خۆینی بە ناحەقرژاوی ئەم رۆلانەی مەهاباد بەریوە برد. ئەم زەربە گورچ و بڕانە بەلایەنکێان بەسەر ڕێژیم و سوپا تالانکەرەکەی هێنا کە هەتا ماون لە بیریان نەچیتەوە.

ئێمڕۆ پاش ٣٦ سال بەسەر ئەو جەنایەتەی کۆماری ترۆریست پەروەری ئیسلامی تێدەپەری و مەشغەلی شۆڕشی گەلی کورد وێرای زەبر و زەنگ و موشەکباران کردەوە ترۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا بێ پسانەوە بەدەست ڕۆلە بە ئەمەگەکانی ڕێبازی شەهیدان بەرز و شەکاوە ڕاگیراوە و تا گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن هەرواش بە گڕ و تینەوە شکاوە ڕادەگیریت. ئێمە درێژەدەرانی ڕێبازی بەرزی شەهیدان بەلێنی دەدەیێن کە تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان بێپسانەوە درێژەدەری ڕیبازیان بێن هەروا ئاڵای خەبات و تێکۆشانمان شەکاوە ڕابگرین.

سەرچاوە: دیوار فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهابادی دەستی ڕەشی زۆرداری!




**ئەنوەر کەریمی**

جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، قوتابی پۆلی یەکی ناوەندی(هەوەڵی ڕاهنمایی)بووم، ئاخر مانگی بەهار بوو، بەرە بەری تاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندنی قوتابخانەکانی بۆکان بوو. بۆ خۆ ئامادەکردن و بە قەولێک دەرس حازر کردن چوبوینە قەراغ چۆمی و باغەکانی نێوان بۆکان و میراوا، تازە بە دەم قەدەم لێدانەوە لە دەرس حازر کردن گەرم داهاتبوین، کە گوێمان بە بانگەواز و دەنگی بلیندگۆ لە ناو شار زرینگایەوە، سەرەتا زۆر گوێمان نەدایە، بەڵام دیتمان ئەو هەرا هەرا و دەنگە ناشازانە بە بەردەوامی لە زیادبوون دان. دەستمان لە دەرس حازر کردن هەڵگرت و دەمانویست بزانین چە باسە؟ بەرەو نێو شار گەڕاینەوە، بەرە بەرە کە لە شار نزیک بوینەوە، دیتمان ئەوە هات و هاواری پاسدارانی ڕێژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بە هەرەشە کردن و هات و هاوار ساز کردن داوایان لە خەڵک دەکرد دوکان و بازارەکان بکەنەوە، ئەگەر نا توشی سەزای توند دەبن. کاتێک گێشتینە ناو جەرگەی شار، دوکان و بازاری شار هەمووی داخرابوون، پاسدارانی جنایەتکار بۆ زیاتر دروستکردنی جەوی وەحشەت و خەفەقان، وێڕای هات و هاوار و هەرەشە کردنیان لە پشتی بلیندگۆکانیانەوە، هاوکات دەستیان کردبوو بە پێداهێنانی خەتی سور بە دەرابەی دوکانە داخراوەکانی شار. شار چ شار؟ شارێک کە پڕ بوو لە غەم و پەژارە بۆ خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ٥٩ لاوی مەهابادی بە دەستی جنایەتکارانی ڕێژیمی دڕندەو و ئینسان کوژی کۆماری ئیسلامی ئێران، شارێک پڕ لە ڕق و بێزاری لە ڕێژیمی کورد کوژی ئێرانی ئاخوندی، شار بە تەواوی پەردەی ماتەمینی بە سەر دا کێشرابوو، ئای لەو ڕۆژە ناخۆش و پڕ لە ئازارە..... ئێمەی قوتابیش وێڕای هەمووی خەڵکی شار غەم و پەژارە سەرتاپای لەشی داگرتین و، لە قوڵایی دڵمانەوە نفرەت و بێزاریمان لە ڕێژیم دەربڕی.

لە گەڵ هەمووی ئەو هەڕشەو تۆقاندنانەی بەکرێ گیراوانەی ڕێژیم، زۆربەی زۆری دوکان و بازارەکان لە لایەن خەڵکی تێکۆشەری



سەرچاوە
Serchawe

بۆکان بە نیشانەی دەربڕینی بێزاری و ناڕەزایەتی لەو کردەوە بێ بەزەیانە و جنایەتکارانەی ڕێژیمی ترۆریستی و ئینسان کوژی ئێران، ئەو ڕۆژە بە داخراوی مانەوە.

لە ساڵیادی ئێعدام کرانی ٥٩ لاوی مەهابادی، وێڕای دانواندنی سەری ڕێز و حورمەت بۆ ژیانی پاکی ٥٩ گوڵاڵە سورەی شاری مەکۆی کوردایەتی و پێتەختی کۆماری کوردستان! مەهابادی هەردەم سەربەرز،سڵاو و ڕێز بۆ خەڵکی خۆڕاگری شاری بۆکان و گشت شارەکانی کوردستان، کە بە داخستنی دۆکان و بازارەکانیان لەو ڕۆژە سەخت و دڵ پڕ لە ژانەدا، نفرەت و بێزاری خۆیان لە ڕێژیمی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران دەربری .

سەرکەوێ بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانە گەلی کورد لە پێناو وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد و بونیادنانی داد پەروەری لە نیشتیمانی غەدر لێکاومان!


بڕوخێ ڕێژیمی ترۆریستی و پەت و سێدارەی کۆماری ئیسلامی ئێران!

سەرچاوە: دیواری فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ژانێک بە روحی بریینداری شارێکەوە



نووسینی ئەحمەد شێربەگی

ئاوازی: بێهجەت یەحیا

سی ساڵە تەزوویەکی ســـڕ بە جەستەمدا دێتو دەروا و دەگەرێ، سی ساله روحم بۆتە پەڕەسلێرکەیەکی بێ ئۆقرە بە ئاسمانی تەماوی شارەکەم دا خوڵ دەخوات، سی ساڵە خەم و ئازار ی شاری ساڵ دوازدە مانگ چاو بە فرمێسکم لە ئامێز گرتوەو بۆساتێکش بۆم ژێر نابێتەوە ...

ئەمرۆ دایکانی شارەکەم جارێکی تر شیوەن دەکەن ئەمجارەیان بۆ ٥٩ ڕۆڵەی شەهیدی لەسێدارە دراوی شار، منیش لیرە لە ولاتی غەریبدا لە گەڵ نەغمەی پەنجەیەکی گریاناوی کەمانچە ژەنێکی شین پۆش هاوار دەکەم، هاوار دەکەم پڕ بە دنیا هاوار دەکەم هۆ خەڵکینە! هۆ خەڵکینە! لە کوێ یە ڕوح؟ لە کوێ یە دڵ؟

ئێستا لە وێ لە نێو تابووتی نارنجی خۆرنشینی شارەکەمدا
پەنجا و نۆ مناڵم . پەنجاو نۆ جگەرم
سەت و هەژدە چاوم، سەت و هەژدە گوێچکەم
هەزار و سەت و هەشتا پەنجەی هەر دو دەست و هەر دوو قاچم بە یەکەوە هەڵدەوەرێن
ئێستا لە وێ

لە نێو تابووتی نارنجی خۆرنشینی شارەکەم دا

پەنجا و نۆ مناڵم . پەنجاو نۆ جگەرم

بە جاجمی خەزانێکی ئەم پایزەم

یەواش یەواش دادەپۆشرێن...

ئەی شین پۆشی کەمانچە ژن!

بم بەرەوە:

ئێستا لە وێ گەڕەک هەواڵم دەپرسێ

شەقام چاوم بۆ دەگێڕێ

کۆڵان بە دوامدا دەگەرێ

پۆستی تەتەر

بە هەر دوو دەست

لە دەروازەی ماڵە کۆنەکەمان دەدات

ئێستا لە وێ" داشامەجید "

پەنجا و نۆ نێرگزی شەهیدی تر دەدا لە سەر

ئیستا لە وێ " زاوابووکم"

پەنجاو نۆ کراسی هەڵاڵەی تر دەکاتە بەر

پەنجاو نۆ جووت گوارەی گوڵە باخم دەکاتە گوێ

لە سەر گومبەزی بەر هەتاوی " بداغ سوڵتان"

پەنجاو نۆ یاقووتی سوور دادەنێ

لە سەر هەر چڵێکی" تاقەدار"

پەنجاو نۆ چرا دادەگیرسێنێ

لە سەر گەڵکۆی " پێشەوا "

پەنجاو نۆ مۆمی تر دەسووتێنێ

دوڵ دوڵ وەرە بم بەرەوە، بۆ وڵاتی

ساڵ دوازدە چاو فرمێسکاوی

بۆلای درەختی مل بە کوێن

بۆ لای بەفری پرچ خوێناوی

**هاوار هاوار هاوار هاوار**

**لە کوێ یە رووح**

**لە کوێ یە دڵ**

**لە کوێ یە دەم**

**لە کوێ یە گوێ**

**ئەی پۆستی نوێ ....ئەی پۆستی نوێ ...**

**ئەم هونراوەیە بە شیوەی دەنگ لە یوتوب دا بڵاوم کردۆتەوە تێکەڵاوێکە لە هەستی خۆم و لە هۆنراوەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس کە هونەرمەند بێهجەت یەحیا ئاوازی لەسەر داناوە...**

**ئەحمەد شێربەگی**

---



سەرچاوە
Serchawe

## "سـێـرە" بە بۆنەیساڵیادی کوشتاری ٥٩ لاوی مەهاباد



**بێبەش پیرۆتی**

سەد و هەژدە
چاوی ڕوون وەک ئەستێرەیان
لە چەند چرکە
دایە بەر نەشتەری غەزەب
هەتا نووریان لێببڕن
وا دوای سی ساڵ ئەو چاوانە
هەر بە ڕوونی
بەرەو دڵی ڕەشی دژیان
سێرە دەگرن
پەنجا و نۆ گەردنی بەرزیان گرت
تا هەناسە بخنکێنن
هەناسەکان بوون بە ڕق و
دوای سێ دەیە
وەک گەردەلوول سامی مەرگ
لەبەر چاوی دژ دەنووێنن

٢ی جوونی ٢٠١٣

## جینایەتێکی سامناک



**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

تۆماری تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆری بە کوشت و کوشتار و قەتڵوعام و تاڵان و بڕۆ و تاوانی دژی ئینسانی و دژی ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان پڕ کراوەتەوە کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی شارەکانی سنە، شەقز، و بانە و نەغەدە و زۆر گوندی وەک قاڕنی، قەڵاتان، سۆفیان، سەرووکانی، حەلبی و کویکان و حەسەن لۆلان و... دوورخستنەوەی سەدان بنەماڵەی کورد بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی وڵات، وێران کردنی سەدان گوند، سووتاندنی هەزاران هەکتار زەوی و زاری خەڵکی هەژاری لادێ، گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجە و ئازاری ئازادیخوازانی کورد هەر کامە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییش دا بە دەیان جار کیژان و لاوانی کورد بە تاک و بە کۆمەڵ کەوتوونە بەر دەسرێژی بەکرێگیراوانی داخ لە دڵی کۆماری ئیسلامی. **بەڵام جینایەتێک کە کار بەدەستانی ڕێژیم لە رۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ (٢ی ژوئەنی ١٩٨) دا دەرهەقی لاوانی مەهاباد ئەنجامیان دا، بەڕاستی دڕندانە و پڕ شوورەیی بوو.** لەو رۆژە دا بە ناو پارێزەرانی ئیسلام بە یەک جار ٥٩ تێکۆشەری خەڵکی مەهابادیان دایە بەر دەسڕێژی گوللەی ناهەقی و خەیانەت بێ ئەوەی تاوانێکی شیاوی ئەو سزا سەختەیان (تەنانەت بە پێی قانونەکانی کۆماری ئیسلامییش) ئەنجام دابێ و بێ ئەوەش لە دادگایەکی ئاشکرا و قانوونی دا موحاکەمە کرابێ.


لە نێو ئەو پەنجاو نۆ کەسە دا لە بێ لایەنەوە هەبوو هەتا ئەندامی هێزە سیاسی یەکانی کوردستان. بەڵام زۆربەی زۆریان لە لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، دیارە ئەوانەش کە ئەندامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان بوون، بەڵگەیەک لەسەر ئەندامەتی یان لە دەست جەللادەکانی ڕێژیمی ئیسلامی دا نەبوون بە داخەوە لەبەر بەڵگەی روون دەرتانی ئەوە نیە لە بەرامبەر ناوی هەر کام لەو شەهیدانە دا ناوی ئەو ڕێکخراوە سیاسی یە بنووسین کە ئەندام یان لایەنگری بوون. بەو حاڵەش ناکرێ **ناوی ئەو ٥٩ شەهیدە کە دەتونین بە ٥٩ مەشخەڵی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و سەرانسەری ئێران و بە ٥٩ شاهیدی دڕندەیی و**



سەرچاوە
Serchawe

ئینسانکوژی ڕێژیمی ئیسلامی یان دابنێین، (لاپەڕەی ٦٣)

سەرچاوە : کتیبی نێو سەدە تێکۆشان بەرگی دووهەم نووسینی ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



## کە تراژێدی سنووری ماڵەکانی بڕی...



**برایمی فەرشی**

**سی ساڵ پیش ئێستا، لەم ڕۆژانەدا، لە شاری ورمێ، لە ماڵی دۆستێک بووم.**

زیندەیاد محەممەد ماملێ، ئێوارەی ئەو ڕۆژە، هاتە ئەو ماڵە. لە سابڵاخ پێیان گوتبوو بڕۆ بۆ لای ئوستاندار دەتوانی کوڕەکەت ببینی. ئوستانداری حکوومەت و بەرپرسان نائینسانانە لە گەڵی جوڵابوونەوە. کە گەیشتە لای ئێمە، تەواو تێک چووبوو. دواتر هەواڵی کوشتنی لاوانی مەهاباد کە ٥٩ کەس بوون، زانرا. مامڵێ مەلی خۆشخوانی موکریان، هێدی هێدی لە ئازاردا توایەوە، هەتا خۆشی لە بیرچووە. کە سنوورەکانی ئازاری تێپەڕاند، بۆ هەمیشە سەری نایەوە. چیرۆکی مامڵێ چیرۆکی تاقە کەس و تاقە ماڵێک نەبوو، چیرۆکی شارێک و وڵاتێک و نەتەوەیەک بوو. دەبا ٥٩ بنەماڵەی مەهابادی، لە گەڵ سەدان و هەزاران بنەماڵەی دی چیرۆکی ڕۆژانی پڕلە ئازاریان گێڕابایەوە. دەبا مێژوونووس، حەکایەتخوان، مەقام خوان، هۆرەچڕ، چەمری خوان و دەروێشە گەڕۆکەکان، دەفەژەنان شار بە شار و گوند بە گوند ئەم مێژووەیان هەڵدابایەوە، دەبا سەکۆی شانۆ و پەردەی سینەما و شاشە بێ ڕەنگەکان لەم ژیانەوە ژیانیان وەرگرتبا، دەبا سیاسیەکان وازیان لە دەستنوێژ گرتن لێرە و لەوێ هێنابایە و بەرماڵەکانیان بەرەو نیشتمان هەڵگەڕاندایەوە. بەڵام بە جێگای هەموو ئەوانە، فەرامۆشی و فەرامۆشکردن زاڵە...

ئەم دەقە لە لاپەڕەی فەیس بووکی"برایم فەرشی" وەرگیراوە:

## وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە

### ڕێوڕەسمی یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورددا




**قادر وریا: ئەم تاوانانە بە تێپەڕینی زەمان لە بیر خەڵکی کوردستان ناچنەوە**

**خوشک و برایانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی بە خێرهاتنتان دەکەم بۆ بەشداری لەم کۆڕەدا. هەروەها سوپاسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش دەکەم کە ئەم کۆڕەیان پێک هێناوە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ٥٩ لاوی کورد کە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی لە لایەن کۆماری ئیسلامیی‌یەوە ئێعدام کران.

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر ٥٩ مێرمنداڵو لاو لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە، بە حوکمی بە ناو دادگایەک لە تەوریز ئێعدام کران.

جێی خۆیەتی ئەمڕۆ کە ٣٠ ساڵەی ئەم یادەیە، ئێمە وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەم یادەی پێک هێناوە، هەروەها خەڵکی کوردستانو بزووتنەوەی کورد بە گشتی یادی ئەم ڕووداوە بکەینەوە.

یادکردنەوەی ئەم ڕووداوە لە چەند بارەوە پێویستە. لە پێشدا بۆ ئەوەی دڕندەیی نیزامێک، خوێنخۆربوونو خوێنڕێژبوونی نیزامێک بناسین کە لە ئێراندا لە سەر کارە. هیچ دادگایەک، هیچ مەحکەمەیەکو هیچ سیستەمێکی قەزایی نایە ٥٩ کەس کە هێندێکیان هێشتا نەگەیشتوونە تەمەنی قانوونییش، هەروا گوللەباران بکا. ئەوە ئەوپەڕی دڕندەیی نیزامێک دەگەیەنێ، ئەو پەڕی بێبەریبوونی نیزامێک لە خەڵکی وڵاتەکەی دەگەیەنێ کە ئاوا بە هاسانی ٥٩ کەس لە ڕۆڵەکانی خەڵک ئێعدام بکا بە بێ هیچ مەحکەمەیەکی دروست و حیسابی، بە بێ ئەوەی کە پارێزەریان هەبێ، بێ ئەوەی مافی داکۆکیکردن لە خۆیان هەبێ. ئەمە تاوانێکە کە هیچ کات نابێ لە بیر بچێتەوە.

لە لایەکی دیکە «تاوان» یان «جورم»ێک کە ئەو کەسانەی لە سەر ئێعدام کران، جێگای هەڵویستە لەسەرکردنە. ئەو کەسانە تاوانیان ئەوە بوو کە ئەندام یان لایەنگری حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بوون. بەڵام ئایا ئەندام یان لایەنگربوونی ڕێکخراوێکی سیاسی، جورمێکە یان تاوانێکە کە ئینسانی لە سەر ئێعدام بکرێ؟ بە تایبەتی حیزبو ڕێکخراوی وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێگەی لە نێودڵی خەڵکەکەیدا هەیە، هەڵگری ویستو داخوازێکی ڕەوایە. تازە ئەو ئەندامو لایەنگرانە، وا نەبوو کە کاری چەکدارانەیان کردبێ یان دەستیان لە کوشتنی کەسدا بووبێ. نا، تەنیا لە کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی ئەو کاتدا، نەیانشاردبۆوە کە لایەنگری جووڵانەوەن، لایەنگری خەباتێکی ڕەوان کە نەتەوەکەیان بەڕێوەی دەبا. بەو حاڵەش هێندێک لەوان ئەندامی هیچ حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوون. بەڵام جمهوریی ئیسلامی هەر لە بەر ئەوەی ئەوانە نەیاندەشاردەوە کە پشتیوانی جووڵانەوەی بەحەقی نەتەوەکەیانن، لایەنگری ئازادیو دیمۆکراسین، یان پشتیوانی خەباتێکن کە نەتەوەکەیان دەستی پێکردوە، بەو «تاوان»ە ئێعدامی کردن. لە ڕاستیدا تاوانی ئەوانە ئەوە بوو کە کورد بوونو کوردێکی ئازادیخواز بوونو پشتیوانی خەباتیکی ڕەوا بوون کە لە نێو نەتەوەکەیاندا هەبوو.

مەسەلەی دیکە کە لەو پێوەندییەدا جێگای وەبیرهینانەوەیە، ترسو وەحشەتێک بوو کە جمهوریی ئیسلامی لە بزووتنەوەی کوردستانی هەبوو. کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٨دا، کاتیک لە بەرامبەر جووڵانەوەی کوردستان و خەڵکی کوردستاندا بە چۆکدا هات، بە ڕواڵەت ڕێگای دیالۆگو وتویژی گرتەبەر بۆ ئەوەی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردو خەڵکی کوردستان بکەوێتە دیالۆگو کێشەکە بەو ڕێگایەدا چارەسەر بکەن. ئەو کات بزووتنەوەی کورد بە گشتیو بە تایبەتی لە سەرووی ئەو بزووتنەوەیەدا، د.عەبدوڕڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، لەبیەیکی بە پەیامێک گوت کە خومەینی ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ ڕایگەیاندو وای گەیاند کە خراپ لە کوردستان گەیشتوەو خراپیان حاڵی کردوەو نیەتێکی ئاشتیخوازانەی هەیەو دەیەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە ئەو مەسەلەیە حەل بکا. ئەو وەختی ئەو دەرفەتە لە بەردەمی ئەو نیزامە هەبوو کە هاتبووە سەرکار، بەڵام دوای ماوەیەک دەرکەوت کە هەدەفیان کاتکڕینە، هەدەفیان ئەوەیە کە خۆیان سازمان بدەنەوەو جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر کوردستان. لە دەوری دووهەمی هێرش بۆ سەر کوردستاندا، خەڵکی کوردستان بەجۆرێک لە بەرانبەر لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستان کە ئەم نیزامە جارێکی دیکە ترسو وەحشەت دایگرت. هەر ئەوە نەبوو کە لە شاخو چیاکانو گوندەکان، هێزی پێشمەرگەو هێزی بەرگریی خەڵک، بەرامبەر بە لەشکری کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوون. لە نێوشارەکانیش خەڵک بە موقاوەمەتو خۆڕاگرییان،

بە خەباتی مەنفیيان، بە هاوکاریەنەکردنیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، ژیانیان لە کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە کردبووە جەهەننەم. ترسو وەحشەت لەو بزووتنەوەیە، لەو خۆڕاگرییە لەو هاوپێوەندییە کە لە بەینی حیزبی دیموکراتو جووڵانەوەو هێزە سیاسییەکاندا هەبوو، وای لە جەمهووریی ئیسلامی کرد بە خەیاڵی خۆی خەڵک چاوترسێن بکا. کوشتنی بە کۆمەڵی ٥٩ لاو نموونەیەک لەو ترسو وەحشەتدروستکردنە بوو بۆ ئەوەی تۆڵەی لە جووڵانەوەی کوردستان، لە خەڵکی کوردستان ستاندبێتەوە، بۆ ئەوەی بەم جۆرە فەزایەکی وەحشەت بە سەر کوردستاندا زاڵ بکاو خەڵک نەوێرن هاوکاریی بزووتنەوە بکەن.

بەڵام خۆ ئەوە یەکەم تاوان نەبوو کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵک ئەنجامی دەدا. پێشتریش چەند نموونەی ئێعدامی بە کۆمەڵ لە کوردستان هەبوون، دوای ئەو تاوانەش کە لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا ڕوویدا، دیسان ئێعدامی لاوانی کوردستان، تەنانەت بە کۆمەڵیش درێژەی هەبوو. ڕەنگە بەو ژمارەیە نەبووبێ بەڵام لە گرووپی ١٥ کەسی، زیاتر یان کەمتر هەبوو. تەنانەت چەند ساڵ لەوە پێشیش لە ١٩ی بانەمەڕدا کۆمەڵێک لە لاوانی کورد بە یەکەوە ئێعدام کران. کەوابوو ئێعدامی لاوانی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە درێژەی هەبووە، تاوانی دیکەش وەک کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان، لە ساڵانی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، بە دەیان نموونە لە کوشتاری بە کۆمەڵ، لە کوشتنی خەڵکی دێهاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕووی دا.

ئەو تاوانانە بۆیە وەبیرهێنانەوەیان پێویستە تا ئێمە لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە سەیریان بکەین. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو تاوانانە تا ئێستاش نەیانتوانیوە خەڵکی کوردستان بە چۆکدا بێنن. بەردەوامبوون لە سەر داواکردنی ئازادیو هاوکاری لە گەڵ هێزی خەباتگێڕو هەوڵدان بۆ ویستو داخوازە ڕەواکان بە خۆشییەوە تا ئێستاش لە کوردستان درێژەی هەیەو خەڵکی کوردستان وازی لە ویستو داخوازەکانی خۆی نەهێناوە.

لەباریکی دیکە پێویستە ئاوڕ لەو تاوانانە بدەینەوە بۆ ئەوەی بە بیروڕای گشتی، بە دنیاو بە هەموو شوێنێک ڕابگەیەنین کە لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی رووی داوەو کۆماری ئیسلامی تاوانی چۆنی ئەنجام داون! پاشان کە ئەو تاوانانە ٣٠ ساڵو هێندێکیان زیاتریان کەمتریان بە سەردا ڕابڕدوە، بەڕاستی کۆماری ئیسلامی هەموو ڕاستییەکانی لە بارەی ئەو تاوانانەوە بە خەڵک گوتوە؟ بۆ وێنە هەر لە مەورید ئەو ٥٩ کەسەدا، ئایا تا ئێستاش ئەو ڕێژیمە ئەوەندەی مەسئولییەت هەبووە بۆ وێنە بڵێ لە کوێی بە خاک سپاردوون؟ تەرمی ئەو قوربانییانە چیی لێکراوە؟ ئەگەر ئەوانە بەڕاست تاوانیان کردبوو بۆ چی هەموو ڕاستییەکان (لە بارەی ئەوانەوە) دەشارێتەوە؟ بۆ ناڵێ چۆن محاکمە کران؟ تاوانەکانیان چبوو؟ ئەگەر نا لە ئیرادەی ئەو ڕێژیمە بەدەر بووە، تاقمیک لە نێو نیزامەکەدا کردوویانە ، ئەوانە کێن؟ بۆ تا ئیستا سزا نەدراون؟ بۆ نەناسێندراون؟ بۆچی لەو ڕێژیمەدا پلەو مەقامیان بەرزبۆتەوەو هەر ئێستاش دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیان بە دەستەوەیە؟!

خەڵکی ئێمەو هێزە سیاسییەکان دەبێ بەردەوام لە بیری وروژاندنی ئەو جۆرە باسانەدا بن. دەبێ ئەو تاوانانە وەبیر بێننەوە، بۆ ئەوەی ڕێژیم پێی وانەبێ بە تێپەڕینی زەمان ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داون، لە بیر چوونەوە. حەقی بێ ئەملاولای خەڵکی کوردستانە لەم بۆنانەدا لە یادەکانیاندا ئەو پرسیارانە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە، بە نارەزایەتی دەربڕینو بە نیشاندانی بێزاری لەو تاوانانە، بە وەفاداری بۆ شەهیدەکانمان ئەو پرسیارانە دووپات بکەنەوە کە ئەو تاوانانە لە پێناوی چیدا ئەنجام دران؟ عامیلانی ئەو تاوانانە بۆ هیچ کات محاکمە نەکران؟ بۆچی هەموو ڕاستییەکان لە بارەی ئەو تاوانانەوە ئاشکرا ناکرێن؟

بۆیە ئێمە ئەمساڵ کە ۳۰ ساڵەی ئەو تاوانە بوو بە دەرفەتمان زانی بە خەڵکی خۆمان بڵێین لەو یادەدا بێنە سەر خەتو ئەو ڕووداوانە باش وەبیر بێننەوە . یادی ئەو شەهیدانەو هەموو قوربانییانی ستەمی کۆماری ئیسلامی بەرز ڕابگرن، هەڵویستە لە سەر ئەم تاوانانە بکەن بۆ ئەوەی هەروا بە هاسانی لەبیر نەچنەوە. بۆ ئەوەی هیچ ڕێژیمێک لە داهاتوودا نەتوانێ لە گەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بەم شێوەیە عەمەل بکا.

من لە دەرفەت کەڵک وەردەگرمو وێڕای ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، سڵاوو ڕێز دەنێرم بۆ گیانی هەموو قوربانییانی ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامی، بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەناحەق لە لایەن ئەو ڕیژیمەوە ئێعدام کراون، بە ناحەق گیانیان لێ ئەستێندراوە، بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە خەباتێکی ڕەواو شۆڕشگێڕانە لە گەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامیدا گیانیان لێئەستیندراوە. هەروەها پێمخۆشە وەکوو وەبیرهێنانەوە سڵاو بنێرم بۆ ئەو تێکۆشەرانە کە ئەو کاتەی ئەو تاوانە ڕوویدا بە دوکانو بازاڕداخستن لە شاری مەهابادو هەروەها بە عەمەلیاتی شۆڕشگێڕانەو خەباتگێڕانەی هێزی پێشمەرگە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ویستیان بە کۆماری ئیسلامی بڵێن کە بە ستاندنی گیانی لاوەکانمان ناتوانن ئیرادەی ئێمە بە چۆکدا بێنن. ناتوانن ئێمە ناچار بکەن کە دەست لە ویستو داخوازەکانمان هەڵ بگرین. ئەو کات خوێنی ئەو شەهیدانە نەک خەڵکی کوردستانی لە خەباتو تێکۆشان سارد نەکردەوە، ورەو ئیرادەو ئیلهامی دا بە تێکۆشەران، بە شۆڕشگێڕان، بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی شێلگیرانەتر دژی کۆماری ئیسلامی خەبات بکەن.

ئێستاش یادی ئەوانو یادی هەموو قوربانییانی ستەمو زۆرداریی کۆماری ئیسلامی هاندەری ئێمەیە بۆ ئەوەی کە لەسەر ڕێگاکەیان بەردەوام بین، بۆ ئەوەی نەهێڵین گیانی بە ناحەق ئەستێندراویانو خوێنی بەناحەقڕژاویان لەبیر بچێتەوە. بۆ ئەوەی کە بڵێین تێپەڕینی زەمان ماهیەتی ئەو نیزامەی کە ئێستا لە ئێران لەسەر کارە لە بیر ئێمە ناباتەوەو تا ئەو ڕۆژەی ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان دێنە دی لەسەر خەبات بەردەوام دەبین.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەو شەهیدانە دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵبژاردنی سەرکۆماریو بەرەو هەڵبژاردنی شووراکانی شارو لادێ دەچێ، لەم ماوەیەدا ڕەنگە جاروبار ئەو پرسیارە هاتبێتە گۆڕێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە تا ئێستا



سەرچاوە Serchawe

شتێکی نەگوتوە، ئەمن دەمهەوێ بڵێم کە بە خۆشی‌یەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە نە بێدەنگ بووەو نە بێ تەفاوەت بووە، چونکە لەگەڵ ئەوەی هەمووومان شناختمان لەسەر ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامی‌و لەسەر سیستەمی هەڵبژاردنەکانی هەیە، بەڵام ئێمە بە ئەزموونێک کە لە ساڵانی رابردووش‌و لە دەورەکانی پێشووش هەمانبووە، پێمان وابووە هەڵبژاردن دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئێمە قسەی خۆمان لەگەڵ خەڵکەکەمان بکەین بۆ ئەوەی خەڵکەکەمان بتوانێ قسەی خۆی بگەیەنێتە ئەوانەی کە لەم نیزامەدا دەیانەوێ مەسئوولیەت بگرنە ئەستۆی خۆیان‌و وەکوو سەرکۆمارو یان وەکوو کاربەدەستی دیکە دەربکەون. هەوڵی ئێمە ئەوە بووە کە لەم دەرفەتانەدا خەڵکی کوردستان بڵێن لەگەڵ نیزامێک، لەگەڵ کاندیدایەک کە بێ‌تەفاوەت بێ لە بەرانبەر ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستان تەکلیفی ڕوونە. خەڵکی کوردستان لەو فورسەتانەدا ویستو داخوازەکانی خۆیان تەرح دەکەن. دەڵێن ئێمە خاوەنی خەباتێکی دوورو درێژین لە پێناوی ویستو داخوازە رەواکانی خۆماندا. ئەگەر سەرکۆمارێک، کاندیدایەک، نیزامێک لەم ویستو داخوازانە کە ئەم هەموو قوربانی‌یەمان لە پێناویدا داوە بێ تەفاوەت بن، هەڵبژاردن مانایەکی نیە. بۆیە هەوڵی ئێمە ئەوە بووە کە بە جۆرێک ئەو پەیامە بگەیەنین بە خەڵکەکەمان، بە کەسانێک کە دەیانەوێ لە کەش‌و هەوای هەڵبژاردندا قسەیەک بکەن، بڵێین ئێوە لەو فورسەتانە کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی پەیامی خۆتان، هەڵوێستی خۆتان رابگەیەنن. لە داهاتوویەکی نیزیکدا بێ‌گومان حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستی یەکجاریی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردندا ڕادەگەیەنێ بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمە ئەسڵ‌و ئەساس بووە ئەوەیە کە بتوانین ئەوەندەی مومکینە تەئسیر دابنێین لەسەر کەش‌و هەوایەک کە لە سەروبەندی هەڵبژاردندا دێتە گۆڕێ‌و بە خەڵکەکەی خۆمان، بە کەسانێک کە لە نێوخۆی وڵات هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کە لە شەرایەتێک کەهەیە حەدی ئەقەلی ئیستفادە بکەن، ئەو پەیامە بگەیەنین کە خەڵکی کوردستان شەممی سیاسی‌یان هەیە،

ئەزموونی سیاسی‌یان هەیەو هەوڵ دەدەن لەم جۆرە دەرفەتانە بۆ تەرحکردنی ویستو داخوازەکانی خۆیان ئیستفادە بکەن.

جارێکی دیکە ڕێزو سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢و هەموو شەهیدان‌و هەموو قوربانی‌یانی ستەم‌و زۆرداریی کۆماری ئیسلامی.

بەردەوامی بۆ ڕێگاکەیان، دیسان سڵاوو ڕێز بۆ ئێوە کە لەم یادەدا بەشدار بوون‌و بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یادی ئەو شەهیدانە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا بەرز ڕادەگرن.

سەرکەوتوو بن.

لە ژمارە ٦٠٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران ڕۆژی "لاوی کورد" دەستنیشان دەکا

### ڕۆژی گوللە بارانکرانی ٥٩ لاوی مەهابادی

ڕۆژهەلات تایمز: فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران، ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی گوللە بارانکرانی ٥٩ لاوی مەهابادی وەک ڕۆژی "لاوی کورد" دیاری دەکاتو وێڕای بیروڕا گۆڕینەوەو تاوتوێ کردنی کارو باری فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران، دەستەیەکی نوێی بەڕێوەبەریش هەڵدەبژێرێت.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی، بە ئامادەبوونی سەرجەم نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئەندام لە فیدراسیۆنی لاوانی کوردستانی ئێران کە ٧ ڕێکخراوی لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەخۆ دەگرێت، فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەی ئاسایی‌و شەش مانگەی خۆی لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەلات بەستو پاش چوار کاتژمێر بیروڕا گۆڕینەوەو پێداچوونەوە بە کارو بارەکانی شەش مانگی رابردوو، ستافێکی نوێی بۆ راییکردنی کارو ئەرکەکان هەڵبژاردو هاوکات ١٢ی جۆزەردان ڕۆژی گوللەبارانکرانی ٥٩ لاوی مهابادی وەک ڕۆژی لاوی کورد دەستنیشان کرد ..

لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی، ٥٩ لاوی مەهابادی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گوللەباران کران و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ تەرمەکانیان رادەستی بنەماڵەکانیان نەکرایەوە.

**شایانی باشە ئەم فیدراسیۆنە لە ٧ ڕێکخراوی لاوانی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێکهاتووە کە بریتین لە:**

١- کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەلات.

٢- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.



سەرچاوە
Serchawe

٣- ناوەندی لاوانی پێشڕەو.

٤- ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران.

٥- یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٦- لاوانی یەکیەتیی شۆڕشگێرانی کوردستان.


٧- لاوانی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

# بە یادی ٥٩ خونچە بە ناحەق هەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان مەهاباد، لە یادی ٣٠ ساڵەی ئەوکۆمەڵ کوژییە دا



لوقمان زەهرایی

لە نیوە شەوتێپەڕ بووە وخەولە چاوانم زڕاوە. زۆرحەول دەدەم خەوم لێ بکەوێ، بەڵام بێ سودە. لە سەرتەختە خەوەکەم دێمە خوارودەچم بڕێک ئاودەخۆمەوە وسەرێک بە ژووری کچەکانم کانیاووکازیوە دا دەکەم کە وێنەی دوو پەپولە لە باوەشی خەودا خەوتوون، بۆئەوەی بزانم مەلافەکەیان لە خۆیان نەکردۆتەوە. دیوەکەیان زۆرفێنکە وبۆئەوەی بەری بەیانی سەرمایان نەبێ پەنجەرەی ژوورەکەیان دادەخەمەوە وبە بێ دەنگی دەرکەی دیوەکەیان پێوەدەدەمەوە. دەرکەی بالکۆنەکە دەکەمەوە و دەچمە سەربالکۆنەکە وپڕبە سییەکانم هەوای ساف وبێ گەرد هەڵدەمژم.

لە راستیدا رووناکی هەوای دەرەوە هیندەی دیکە خەوم لە چاوان دەتارێنێ. پاش ماوەیەک ڕامان لە سەرشەقام دەگەرێمەوە بۆ ژووری دانیشتن ویەکسەردەچم بۆئاشپەخانە وهەوڵ دەدەم قاوەیەک ساز بکەم. لە پەنجەرە را چاوێکی دیکە لە دەرەوە دەکەم و وڕەی ماتۆرێک بێ دەنگی شەودەشکێنێ. دەچم بۆ ژوورەکەی دیکە ولە پشت کامپیوتێرەکەم دادەنیشم وبۆ بەرچاوروونی چرایەکی نە زۆر رووناک هەڵدەکەم.

لەوەتی لە تاراوگە دەژیم وهەمووسالێک لە گەڵ هاتنی مانگی جۆزەردان ونزیک بونەوە لە ساڵرۆژی شەهید کرانی ٥٩ لاوی مەهابادی دا، غەم وماتەم جەستە وروحم دا دەگرێ. نەک لە بەرئەوەی کە ئەوانە هاوشاری خۆم بوون، بەڵکوو لە بەرئەوەی کە ژمارەیەک لەوئازیزە لە دەست چوانە هاوڕێ ورەفیقی دەورانی منداڵی گەڕەک ومەدرەسەم بوون. بە دەیان بیرەوەری خۆشم لە گەڵیان هەبووە وبە دەیان جارشەڕە شەقمان کردووە.

لە بیرم هیندێک جاربۆشەڕە گەرەک ڕوومان لە مەجبورئاوا دەکرد وجارێکیان سەری یەکیان شکا وبە سەری خوێناوییە بردمانەوەماڵی وبۆ ئەوە مەسەلەکەمان ئاشکرا نەبێ بە درۆکوتمان بەربۆتەوە. ئێستێ کە خەریکی نووسینی ئەو چەند دێرەم بۆ یادکردنەوەی ئەوخونچە پەڕپەڕ بووانە، بیرەوەرەیەکانی ئەو سەردەمم وەکوو فیلمی سینەما بە بەرچاوان دا تێپەڕدەبن. زۆرباش لە بیرمە کاتێک هەواڵی دڵ تەزێن وسامناکی شەهید کرانی ئەو ئازیزە لە دەست چوانم لە رادیودەنگی کوردستانی ئێران بیست، لە فێرگەی سیاسی . نیزامی حیزب لە بناری کێوی تالش لە نزیک گوندی مەزناوێی ئالانی سەردەشت بووم. لە هاورێیانم دوورکەوتمەوە و دوورلە چاوی ئەوان فرمێسکی غەم وپەژارەم ڕشت وبە دڵ وبە کوڵ بۆیان گریام.

ئەو شەهیدە بێ گۆرانە، هەرگیزدوای شەهید کرانیان تەرمەکانیان ڕادەستی ئازیزانیان نەکرایەوە بۆئەوەی لە شارەکەی خۆیان ئەسپەردە بە خاک بکرێن ولانیکەم سوکنایەک بێ بۆ دلێ دایکی جەرگ سوتاویان وبۆ باوکی پشت چەماو وخوشکی ڕەش پۆشیان. بە ڕادەست نەکردنەوە تەرمی ئەو ٥٩ لاوە بە بنەماڵەکانیان داغ وغەمیان سەد بەرابەرکردن و دایک و بابی ئەوشەهیدانە بە دایم لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئازیزانی لە دەست چوویانن کە ئای بەشکەم ڕۆژێک یەک بە یەک لە دەرگای ماڵی خۆیان بدەن وخۆیان لە ئامێزی دایک وباوکیان بهاوێنەوە. چاوەڕوانێک پڕلە دەرد وفرمێسک وئازاری بێ کۆتایی کە هیچ دوکتورودەرمانێک ناتوانێ چارەسەری بکا ئەو دەردە پڕلە ئێش وئازارە. بەداخەوە ئاخوند "خالخالی" جەلادی گۆڕبە گۆڕنەماوە بۆئەوەی لە شاری ئەو ٥٩ لاوە جوانە مەرگە دا لە کات وساتی خۆیدا دادگایی بکرێ وبە سزای هەمووئەو تاوان وجەنایەتانە بگا کە لە ماوەی چەند ساڵ دا دەرحەق بە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان کردی. بە هەمان شێوە ئاخوندی جەنایتکارودژی کورد حەسەنیش ئیمام جومعەی شاری ورمێ ونوێنەری وەلی فەقی نەماوە کە ئەویش بە سزای تاوانەکانی بگا، چ لە پەیوەندی بە ئێعدامی ئەو ٥٩ لاوە وچ بە تاوانی دەست هەبوونی لە قەتل وعامی بەشێکی زۆرلە کوردەکانی شاری نەغەدە لە شەڕی ناوخۆیی ئەو شارەدا.

ئەگەرئاخوند خالخالی وحەسەنی گۆڕبەگۆڕنەماون کە لە شاری ٥٩ شەهیدەکە، لە شاری پێشەوا قازی وشەرفکەندی وموعینیەکان بە وێنەی جەنایتکارێک ملیان بە پەتی سیدارە دابکرێ، کۆنە پاسدار" حمید رضا جلایی پور" کە ئەوکات فەرماندارى مەهاباد بوولە گەڵ کۆمەلێکی دیکەی جەنایتکاروکورد کوژی دیکە کە لە مەهاباد و ورمێ کار بە دەست بوون هەرماون وزیندوون وتاکوو ئێستا لێپێچینەوەیان لە گەڵ نەکراوە وبە پێچەوانەوە پلە ومەقامیان لە سایەی کۆماری سێدارە چۆتە سەرێ وماوەی چەند ساڵەش لێمان بوون بە "ریفۆرم خواز" ودێموکراسی خوازو لە یارانی نزیکی مەحەممەدی خاتەمین. خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو ٥٩ شەهیدە ئەرکێکی ئەخلاقی گرینگ دەخاتە سەرشانی هەموو ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک دۆستایەتی و خزمایەتی و نزیکایەتیان لە گەڵیان هەبووە کە بە پێی ئیمکان هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەکانیان بکەن وهەوڵ بدرێ کە بەڵگەی تەواو وپێویست کۆبکرێتەوە ولە کات وساتی گونجاودا قاتلانی ئەو ٥٩ ڕۆلە کوردەی کە بە بێ هیچ تاوانێک و تەنیا لە بەرکورد بوونیان گیانیان لێ ئەستێندرا بدرێنە دادگا وبە سزای تاوانەکانیان بگەن.

ئێستاش بزە شیرنەکەی لاوی باڵا بەرز، جوانە مەرگ خدررەنگینم لە بەرچاوانە کە چەندە شیرین بوو. ئەو عاشقی ژیلا بوو،کچە

کوردێکی مەهابادی کە ماڵەکەیان لە گەڕەکی ئەرمەنیان بوو. یادی عەلی غەوارە و کەمال چاوشینی، فەریدون شەنگە ومەسعود شێخ مەحەممەدی کە ئەویش دواتر لە گەڵ چەند کەسی دیکە ئێعدام کرا دەکەمەوە کە وێرای چەند هاورێی دیکە لە قاوەخانەی کانیاولە چوارڕێی ئازادی لە دەوری یەکترکۆدەبوینەوە وتەختەمان دەکرد وقسەی خۆشمان بۆ یەکتردەگێرایەوە. یادی ئەو کاتانە بە خێرکە لە گەڕەکی خڕێ چاوم بە مەحەممەدی عەلیالی وشینەی بازیاردەکەوت. هیوای ئەوکاتانە دەخوازم کە دەچومە دوکانی دڵ وجگەرفرۆشیەکەی کاک مەحەممەدی سەقزی لە نزیک مەیدانی ئاردی وسیامەکی شەهیدم دەدیت. دونیایەک بیرەوەری خۆشم لەو ئازیزانەی کە ناوم بردن لە دەفتەری بیرەوەریەکانی سینگ و مێشکم دا تۆمارکردووە وهیوام وایە ڕۆژێک بتوانم بۆجارێکیش کە بووە چاوم بە دایک وبابی ئەوئازیزیان بکەوێتەوە، ئەگەرمابەن یان بمێنن. لە یادی ٣٠ ساڵەی کۆمەڵ کوژییەکەی ٥٩ لاوی مەهابادی دا سەری رێزو ئەمەگناسی لە حاست گۆڕی بێ ناوونیشانیان دادەنوێنم و هاوخەمی و هاودەردی خۆم لە گەڵ بنەماڵەی هەر ٥٩ شەهیدەکە دەردەبڕم.

**بای ئەجەل هاتوولە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم**
**تاکوودوێنی خونچە بووم ئەمڕۆبە ناحەق هەڵوەریم**

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠١٣

# لە ساڵیادی ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ١٢ جۆزەردانی ١٣٦٢ هەتاوی




**ڕاپۆرت: جەماڵ نەجاری**

کۆماری ئیسلامی لەدوای هاتنە سەرکاری لە ئێران گەلێک تاوانی دەرحەق بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدا و تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە سەرکووتی گەلی کورد و ڕۆژانە شاهیدی لەسێدارەدان و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردین. یەکێک لەو تاوانە گەورانەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامی داوە، ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی لە ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی بوو، کە لە پاش کۆمەڵکوژییەکەی قارنێ ١٣٥٨ هەتاوی، وەک کۆمەڵکوژییەکی دیکە ناوی دێت و تا ئێستا ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە لە هیچ دادگایەکدا دادگایی نەکراون.

ڕوژی ١٢ی جوزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (دووی ژوئەنی ١٩٨٣ زایینی) ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئێسلامی ئێران، ٥٩ لاوی کوردی لە شاری مهاباد ئیعدام کرد. ئێعدامکردنی ئەم ٥٩ لاوە کوردەی شاری مەهاباد، بە یەکێک لەو جینایەتە گەورانە لەقەلەم دەدرێت کە بەرانبەر بە کوردەکان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا (ورمێ) ئەنجامدراوە و ئەوپەڕی توندوتیژی دەسەڵات بەرانبەر بە نەتەوەی کورد نیشان دەدات و ئەو ئیعدامانەش لەدرێژی سەرکووتی نارەزاییەکاندا ئەنجام دران.

نووسەر و لێکۆڵەری کورد ئاریز ئەنداریاری سەبارەت بەو جیانەیەتە دەنووسێت:" فەرمانداری ئەو کات (حەمید ڕەزا جەلایی پوور) بوو، و فەرمانداری مەهاباد لە بەیاننامەیەکدا حکومی ئیعدامی ئەو ٥٩ کەسەی بە تاوانی پەیوەندی و ئەندامیەتی لەگەڵ پارتەکانی کوردستان لە ناو شاری مەهاباد ڕاگەیاند، پاش ئەوەی لە مەهابادەوە بۆ تەورێز ڕاگوێزران، دادگایەکی چەند خولەکیدا هەموویان سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپێندرا، بەڵام تاوانەکەیان هەرگیز ئاشکرا نەکرا، هەندێکیان لە قوتابخانە دواناوەندییەکان دەرسیان دەخوێند، یەکێکیان لە قوناغی دووهەمی دواناوەندی قوتابخانەی (ابن سینا) ی مەهاباد دەیخوێند. تەرمی ئەو ٥٩ کەسە

رادەستی بنەماڵەکانیان نەکرایەوە و هیچ کەس نازانێت ئەمانە لە کوێ بە خاک سپێردراون"(١)

ئەحمەد سادق پوور یەکێک لەو کەسانەی کە لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەو ئیعدامکراونە بوو لە لێدوانێکدا بۆ کوردکاناڵ تەلەفزیونی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێت؛ "من خۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کە لە ماوەی ٦ ساڵ لە بەندیخانەی دەریا لە ورمێ لەگەڵ ئەو ٥٩ کەسە دابووم، هەموویان بێتاوان بوون و بە هیچ شێوەیەک دادگایی نەکران و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپێندرا، پیش ئەوەی ئیعدام بکرین هەموویان بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە هیچ خیانەتێک و هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە"(٢)

تا ئێستا هیچ دادگایەکی عادیلانە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەو جینایەتانە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران ساز نەدراوە و دەسەڵات بەتەواوی ئەو تاوانە گەورەیەی پشت گوێ خستووە و ئەوانەش کە بیانەوێ بەدواداچوونی بۆ بکەن ڕووبەرووی هەڕەشە هێزە ئەمنییەکان دەبنەوە و تاوانی سیاسییان دەخرێتە پاڵ و بە سزای بەندیخانە حوکم دەدەرێن.

لە نێوان ئەوانەی کە لە بڕیاری لەسێدارەدانی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباددا ڕۆڵیان هەبوو، ناوی عەلیرەزا شیخ عەتار کە ئەوکاتبە ناوی (حوسین شێخ عەتار) لە ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی - ١٩٨٣ی زایینی پارێزگاری پاریزگای ورمێ بوو و ئێستا لە پۆستی باڵێوزی ئێران لە ئاڵماندا وەک دیپلۆماتێکی کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێت، هاتووە.

"هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان سەبارەت بە عەلیرەزا شێخ عەتار دەڵێت: "عەلی ڕەزا شێخ عەتار لە ساڵی ٢٠٠٨ وە وەک سەفیری ئێران لە ئاڵمان دیاری کرا. لە ڕاستیدا پاش خۆپێشاندانەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ساڵی ٢٠٠٩ لە ئێراندا، هەوڵی دا لە کۆڕ و کۆبوونەوەی جیاوزدا دەرکەوێت و بە لێدوانەکانی سەبارەت بە باروودوخی ئێران بە گشتی و ڕێژیم بە تایبەتی خوڵ بکاتە چاوی بیروڕای گشتی ئاڵمان و هەروەها مێدیاکانی ئەو وڵاتە. من لەو دەمەدا لە وتووێژێکدا لە گەڵ حەوتوونامەیێکی ئاڵمانی باسی تاوانەکانی شێخ عەتارم لەو کاتەی‌دا کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٥ پارێزگاری لە پێشدا سنە و پاشانیش ورمێ بوو، هێنایە گورێ. هەر لە وێرانکردنی چەندین گوندی ناوچەێ ورمێ تا لە سێدارە دانی ٥٩ لاوی مەهابادی لەو تاوانانە بوون کە شێخ عەتار دەستی تێدا هەبووە. بەداخەوە ئەو زیانیاریانەی لە بەر دەستان کەمن، بەڵام ئەوەندە بەس بوو تاکوو ڕووی ڕاستەقینەی ناوبراو بو ڕای گشتی دەرکەوێت."

دەربارەی ئەوەی کە ئەوان وەک حیزنی دیموکراتی کوردستان لە ئاڵمان چ ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی ئەم پرسە لە دادگا و میدیاکانی ئاڵمان بخەنە بەر باس، هیوا بەهرامی دەڵێت: "لە باری یاساییەوە بەداخەو هیچ ڕێگاییێک بو بەرانگار بوونەوەی نیە. شێخ عەتار سەفیرە و سەفیریش حەسانەی دیپلوماتیکی هەیە. بەڵام لە بوواری مێدیایی و تەنانەت سیاسیدا لەم بارەوە کارمان کردووە. من ئەم مەسەلەیەم لە گەڵ چەندین ئەندام پارلمانی فراکسیونە جیاجیاکان باس کردووە. هەروەها پاش بڵاوبوونەوەی ئەم زانیاریانە چەند گرووپی سیاسی چالاکی ئاڵمانی کەوتنە لەقاودانی عەتار بە چەشنێک کە زۆر جار کە بانگهێشتی کۆڕ و سێمینار

دەکرا، لێیان تێک دەدایەوە و تا ئێستاش ئەمە بەردەوامە. لە دوایین پێشهاتدا و لە کاتێکدا کە هاوسەرۆکی پارتی سەوزی ئاڵمان لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئاسایییش لە شاری مونیخ دا لە بەر چاوی کامێراکان دەستی لە گەڵ سەفیری ئێران دایەوە، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئاڵمان ڕخنەیان لەوە گرت و جارێکیتر باسی جنایەتەکانی شێخ عەتاریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خستەوە پێش چاوی ڕای گشتی.

نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان لەسەر ئەو باوەڕەیە؛ "لە قاودانی تاوانەکانی پیاوانی ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا زۆر پێویستە و ئەرکی سەر شانی پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم بارەوە هەر دەم هەوڵی خومان دەدەین." (٣)

بە پێی ئەو زانیارییانەی تا ئێستا بەدەست هاتوون جیا لە حەمیدرەزا جەلایی پوور کە ئێستا مامۆستای زانکۆیە لە تاران و شێخ عەتار کە باڵوێزی ئێرانە لە ئاڵمان کەسانی دیکەی ناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەوانە غوڵام رەزا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ، پاسدار محەمەد ئیبراهیم سنجقی، فەرماندەی قەرارگای (حمزه سیدالشهدا) و سەید حوسین موسەوی دادستانی گشتی شۆرشی ئیسلامی ئێران، سەیاد شیرازی فەرماندەی هێزی زەوینی ئەرتەش و عەلی ئەکبەر ناتقی نووری وەزیری ناوخۆی ئەوکات دەستیان لەو کوشتارەدا هەبوو.

## سەرچاوەکان؛

١- گزارشی از جنایت اعدام ٥٩ نفر از شهروندان مهابادی در روز دوازدهم خرداد ١٣٦٢ - وێبلاگی نووسەری کورد ئارێز ئەنداریاری
http://andaryari.wordpress.com/ ١ی نوامبری ٢٠١٠

٢- فایل ویدیویی یوتیوب Iawi Mihabadi 59Lesedaredani - ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی
http://www.youtube.com/watch?v=RUEwPkzzcU.

٣- لێدوانی ڕۆژانەوانی هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمانیا ٣٠ - ٠٥ - ٢٠١٣ بۆ گۆڤاری چەم - چاپی باشووری کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەری ناوەندی و نووچەو شرۆڤەی ڕۆژ

## بە بۆنەی ساڵوەگەری ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد لە مەهاباد



**فۆئاد محەممەدی**

مێژوویی ئەم ١٣٠ ساڵەی دوایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست راستییەکمان پیشان ئەدا و ئەوەش دیالکتیکی توندوتیژی حکومەتە دەسەڵاتدارەکان و بەرەنگاری نەتەوەی کورد بووە لە بەرامبەریان دا و ئەم رەوتەش تا کاتێک کە حکومەتگەلێکی دیموکراتیک نەیێنە سەر کار کە دان بە مافەکانی گەلی کورد دابنێن درێژەی دەبێت. بۆ سەلماندنی ئەم راستیەش ئاوەرێک ئەدینەوە لە سی و چوار ساڵ تیرور و ئیعدام و تیربارانی خەباتکارانی کورد لە لایەن حاکمیەتی تووتالیتری کۆماری ئیسلامی کە بە درێژایی تەمەنی خۆی لە شێوەی ترور و ئیعدام وەکوو سیاسەتی دەوڵەتی ترساندن و تۆقاندن کەڵکی وەرگرتووە.

٣٠ ساڵ لەمەوبەر، لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی هەواڵێک مەهابادی هەژاند. لەو رۆژەدا خەڵکی مەهاباد رووبەرووی راگەیێندراوێک بوونەوە کە لە لایەن فەرمانداری ئەو شارەوە لە نێو شار بڵاوکرابووە وە. لەو راگەیێندراوەدا ناوی ٥٩ لاوی تێکۆشەری کورد هاتبوو کە بە هۆی لایەنگەری لە حیزبەکوردیەکان ئیعدام کرابوون. فەرمانداری ئەوکاتەی مەهاباد حەمیدرەزا جەلایی پوور بڕیاری بڵاوکردنەوەی ئەو راگەیێندراوەی لە نێو شار دابوو. زۆربەی ئەو لاوە تێکۆشەرانە لە دوو مانگی ئەوەڵی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی واتە خاکەلێوە و گوڵان دەس بە سەر کرابوون. چەن کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بوو و لە دەبیرستان دەیانخوێند.

بەڵام پێش ئیعدام کردنی ئەم لاوە بێ تاوانانە کوردستان لە چ هەلومەرجێک دا بوو؟ شەڕ و پێکدادان درێژەی هەبوو و لە هەموو ناوچەکان شەڕ بەردەوام بوو. لە یەکێک لە بەرەکانی شەڕ پێشمەرگەکانی کوردستان توانیان، محەممەد بروجردی جێگری قەرارگای عەمەلیاتی حەمزەی سەیدالشهدا بکوژن. کوژرانی بروجردی گرنگییەکی زۆری هەبوو. ناوبراو فەرماندەی سەرەکی چالاکییەکانی سپا لە کوردستان بوو. و ئەو بوو کە تەواوی چالاکییەکانی سپای دەبردە پێش. بروجردی لە ئاخرو ئۆخری گوڵان دەکوژرێت. کوژرانی ناوبراو پەرچەکرداری توندی تەواوی کاربەدەستانی حکومەت هەڵدەخرێنێت. هاشمی رەفسەنجانی و موحسێن رەفیق دووست



سەرچاوە
Serchawe

فەرماندەی سپا لەو کەسانەبوون کە هێرش و پەرچەکرداری زۆر توندیان بەرامبەر حزبە کوردییەکان گرتەبەر. لەوکاتەدا ڕێژەیەکی زۆر لە لاوانی مەهابادی لە زیندان بوون. هێزە نیزامیەکانی ئێران توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ پێشمەرگەکانی کوردستانیان نەبوو. بەم بۆنەوە ئاوچاو سەندن و تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی ئاسایی و بێتاوان باشترین ڕێگا بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئیسلامی. بڕیاردەدرێت لە سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن لە نێو خەڵکی ئاسایی و سڤیل کەڵک وەربگیرێت. لە کۆبوونەوەگەلێک دا کە لە سەرەتای مانگی جۆزەردان لە شورای ئەمنییەتی شاری مەهاباد دەگیرێت. جەلای پوور بە هاوئاهەنگی لەگەڵ قەرارگای حەمزەی سەیدالشهدا و فەرماندەی ئەو کاتەی واتە محەممەد ئیبراهیم سەنجەقی بڕیار لە سەر سەرکوتی توندتر ئەدەن. ناتێق نووری وەزیری کێشوەر لە بڕیارەکە ئاگادار دەکەنەوە و پشتگیری هەمیشەی مەلا حەسەنی(بەرنوێژی کەری ورمێ)ش بە دەس دێنن. ٥٩ کەس لە لاوانی دەس بە سەرکراوی مەهاباد دەگوازرێنەوە بۆ شاری تەورێز. لە تەورێز لە دادگایەکی چەن خولەکی دا هەموویان بە ئیعدام مەحکووم دەکرێن و تیربارانیان دەکەن. هەواڵی ئیعدامەکان ١٢ی جۆزەردان بە پلانێک کە پێشووتر داڕێژراوە رادەگەیێندرێت. ئامانج لە ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە درووستکردنی کەش و هەوای ترس و تۆقان لە مەهاباد بوو. بنەماڵەی ئەم قوربانیانە هەرگیز نەیانتوانی شوێنی ناشتنی رۆڵەکانیان ببینن.

کوشت و بڕ و ئیعدام هەر لە یەکەم مانگەکانی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد. ئەو رژیمە پێش دەس پێکردنی دانوستان لە گەڵ دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و پاش ئەوەش زۆرێک لە تێکۆشەرانی کوردستانی لە دادگا چەن خولەکییەکاندا ئیعدام و تیرباران کرد. لە میانەی ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ١٣٧٠ی هەتاوی(١٩٩١ - ١٩٧٩ ز) ٨٣٢ کەس لە چالاکانی کورد لە کوردستان تیرباران کران(ناوەندی کولتووری چاک). لەم ڕێژەیە ٣٩٩ نەفەر ئەندام یان لایەنگەری حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناسێنراون و ٢٠٩ نەفەریان لە ئەندامانی کۆمەڵە بووەن. لە بارەی ١٨٢ نەفەری ترەوە پێناسەیەکی دیاریکراو لە بەر دەس دا نیە. ٧٩ نەفەر لەم کەسانە شارۆمەندی ئاسایی بووەن و هیچ لایەنگەریەکی حزبی و چالاکیەکی سیاسیان نەبووە. زۆرترین ڕێژەی ئیعدامەکان لە ساڵەکانی ١٣٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣ و ١٣٦٧ ڕوویداوە. لەم نێوە دا ساڵی ١٣٦٠ بە ١٦٣ کەس و ساڵی ١٣٦٢ بە ئیعدام کردنی ١٦٠ کەس یەکێک لە ڕەش ترین ساڵەکانی مێژوویی سیاسی ئێران و کوردستانە. دیاردەی ئیعدامە بە کۆمەڵەکان یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئیعدامە سیاسیەکانە لە کوردستان کە لە تیرباران کردنی ١١ کەس لە زیندانی دیزڵ ئاباد لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە دەس پێدەکات و تاکوو ئەم چەن ساڵەی دوایی واتە لە سێدارەدانی ٤ تێکۆشەری کورد لە ١٩ی گوڵانی ١٣٨٩ درێژەی هەیە. تاکوو ئێستاش زۆرتر لە ٢٠ تێکۆشەر و چالاکی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا مەترسی جێبەجێ بوونی حوکمی ئیعدامیان لە سەرە. کۆماری ئیسلامی جگە لە ئیعدام و تیربارانی ئاشکرای زۆرتر لە هەزار کەس لە تێکۆشەرانی کورد تا کوو ئەم ساڵانەی دوایی.

ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستی هەبووە لە تیروری خەباتکارانی کورد لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٨ی زایینی. بە شێوەیەک کە بە پێی هەندێک سەرچاوەی باوەڕپێکراو لە نەوەدەکانی زایینی زۆرتر لە ٣٠٠ چالاکی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستانی باشوور و لە لایەن کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندییەکانیەوە تیرور کراون. ئەم

کردەوە دژە مرۆڤانانە کاک سدێقی کەمانگەر ڕێبەری خۆشەویستی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کوردستانیشی گرتەوە.( ڕێژەی سەرجەم ئەم تیرورانە نزیک بە ١٢٠٠ جار دەبێت کە لەو ناوەدا ٣٠٠ کەس گیانیان بەخت کردووە) ڕژیم لە ماوەی سی و چوار ساڵ حاکمیەتی توندوتیژانەی خۆی، بە شێوەی سیستماتیک و ئامانجدار کوشت و بڕی سیاسی لە کوردستاندا بەڕێوەبردووە.

بەڵام پرسیارێک کە دێتە پێشەوە ئەمەیە کە بۆچی کوشتاری سیاسی؟ گۆمانێک لەوەدا نیە کە بێ دادگاکانی ڕژیمی ویلایەتی رەهای فەقی لە تەواویەتی خۆیان دا ئاکامی نیزامێکی نادیموکراتیکە کە پایەکانی یاسایی لە سەر توندوتیژی سازکردن و دووبارە بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگا پێکهاتووە و دارێژراوە. زۆربەی دادگاکان شاراوە و بەبێ بوونی هەئیەتی مونسێفە(دەستەی باوەڕپێکراو) و پارێزەر بەڕێوە دەچێ. هیچ کات بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تاوانی کەسەکان ناخرێتە روو. ئەوەی کە روونە دادگای تێکۆشەرانی کورد شانۆیەک زۆرتر نەبووە و نیە. و جیگای بڕیاردان لە سەر چالاکانی کورد ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتیەکانی ڕژیمە.
بەم پێیە رەوتی دادڕەسی لە کوردستان کە بە ئیعدام کۆتایی
پێدێت بە تەواوەتی نیزامی و ئەمنیەتییە نەک یاسایی.

کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی وەکوو سەنگەری ئازادی چاوی لێکراوە و ڕژیمیش بەم ڕاستیەی زانیبوو و دەزانێ. هەر بەم هۆوە بە تەواو هێز و توانایەوە دیهەوێت کە بەر لە پەرەسەندنی چالاکیە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکانی تێکۆشەرانی کورد بگرێت و کەش و هەوایەکی پولیسی و ئەمنیەتی بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. بە شێوەیەک کە بە کەڵک وەرگرتن لە یاسا و چەمکگەلێکی ناروون، وەکوو موحاربە واتە شەڕ لەگەڵ خودا رووبەرووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان بووەتەوە. بەڵام مێژوو لێوان لێوە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوە بندەستەکان بۆ بە دەس هێنانی مافی رەوای خۆیان لە بەرامبەر زۆڵم و زۆری خاوەن دەسەڵاتەکان. کۆماری ئیسلامیش وەکوو حاکمیەتێکی توتالیتر دەبێ بزانێ کە ناتوانێ بە سزای ئیعدام وەکوو سیاسەتی دەوڵەتی ترساندن و تۆقاندن سەرکەتوو بێت. ئەم دیالکتیکی توندوتیژی ڕژیم و بەرەنگاری گەلی کوردەش تا کاتێک کە نیزامێکی دیموکراتیک کە دان بە مافەکانی گەلی کورد دا بنێت لە ئێران نێتە سەر کار،

سەرچاوە: ماڵپەری ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠١٣

# بۆ یادی ٥٩ گووڵاڵە سوورەی مەهاباد



**سابیر فەتاحی**

دیکتاتۆرەکان بۆ مان و مۆجوودیەتی خۆیان لە هیچ کردەوەیەک باکیان نییە و هیچ شتێک لایان گرینگ نییە، هەر وەک دەزانن ٣٠ ساڵ لەمەوپێش (رۆژی ١٢ی جوزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی) رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، ٥٩ لاوی کوردی لە شاری مهاباد لە سێدارەدا. هەرچەند هەر لە یەکەم رۆژەکانی هاتنە سەرکاری رێژیمەوە تا رێکەوتی ئێعدام کردنی ئەو پۆلە لە لاوانی کورد، بە هەزاران کەس لە خەڵکانی ئازادیخوازی کوردو ئێرانی لە بەرەکانی بەرەنگاری و لە چاڵە رەشەکانی رێژیم دا گیانیان لێ ئەستێندرا، بەڵام ئێعدامکردنی ئەم ٥٩ لاوە کوردەی شاری مهاباد، ئەوپەڕی جینایەتکاربوون و دژی گەلی بوونی ئەم رێژیمەی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد.

ئەم ٥٩ لاوە کە زۆربەیان لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، بێ ئەوەی لە هیچ دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی بکرێن و بێ ئەوەی تاوانێکیان لە سەر سابت بێت، بەرەبەیانی رۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ئێعدام کران.

بێگومان ئامانجی کاربەدەستانی رێژیم لەوەها بریارێک و جێبەجێکردنی وەک تا ئێستاش ئامانجیەتی، چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لاوانی بەهەڵوێستی کورد بوو کە چیدیکە هاوکاری ئەو بزوتنەوە رەوایە نەکەن کە ئەوکات بەدەیان هەزار رۆڵەی ئەم نیشتمانە چەکی بەرەنگاری و مافخوازیی بۆ دەست دابوویە.

لەو رۆژەدا خەڵکی مەهاباد رووبەرووی راگەیێندراوێک بوونەوە کە لە لایەن فەرماندارى ئەو شارەوە لە نێو شار بڵاوکرابووە وە. لەو راگەیێندراوەدا ناوی ٥٩ لاوی تێکۆشەری کورد هاتبوو کە بە هۆی لایەنگەری لە حیزبەکوردیەکان اعدام کرابوون. فەرمانداری ئەوکاتەی مەهاباد حەمیدرەزا جەلایی پوور بریاری بڵاوکردنەوەی ئەو راگەیێندراوەی لە نێو شار دابوو. زۆربەی ئەو لاوە تێکۆشەرانە لە دوو مانگی ئەوەڵی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی واتە خاکەلێوە و گوڵان دەس بە سەر کرابوون. چەن کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ

بوو و لە دەبیرستان دەیانخوێند.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی لە شەڕێکی قوورس دا بوون، دەتوانین بلێن کە لە هەموو جیبهەکانیشدا هیچ سەر کەوتنێکی بە دەست نەهێنابوو یان بە واتاییێکی تر شکەستێکی قووری خواردبوو و لە هەموو ناوچەکانیش شەر و پێک دادان لە ئارا دابوو. محەمەد برووجردی جێگری قەرارگای عەمەلیاتی حەمزەی شید الشهدا بە دەستی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەردا دەکووژرێت. برووجردی فەرماندەری سەرەکی چالاکیەکانی سپا لە کوردستان بوو بۆیە کووژرانەکەی گرینگیەکی زۆری هەبوو. ئەو بوو کە تەواوی چالاکیەکانی سپای لە کوردستان سەرپەرستی دەکرد.کووژرانی برووجردی پەرچە کرداری توندی کار بە دەستانی رێژیمی لێ دەکەوێتەوە، لە هەمان کات دا هاشمی رەفسنجانی و مووحسین رەفیق دوست فەرماندەی سپا لەو کەسانە بوون کە هێرشی زۆر توندیان دژ بە حیزبە کووردیەکان گرتە بەر. بەلام رژیم توانای بەر بەرکانی دەگەڵ ئیرادەی گەل و هێزی پێشمەرگەی نەبوو، بۆیە باشترین رێگای بۆ بەربەرەکانی تۆلە ئەستاندن لە خەڵکی ئاسایی و بێ تاوان دەزانی. هەر بۆیە بریار دەدرێت لە سیاسەتی ترساندن و تۆقاندن کەڵک وەربگیردرێت.

لە کۆبوونەوەیەک کە لە سەرەتای مانگی جۆزەردان کە لە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد دەگیردرێت جەلایی پوور بە رێک کەتن دەگەڵ قەرارگای حەمزە و فەرماندەری ئەو کات واتە محەمەد ئیبرایم سەنجقی بریار لە سەر سەرکووت بە دڕاندانەترین شێوە دەدن. هەر بۆیە ناتقی نووری لەم بریارە ئاگادر دەکەنەوە و دوایی پشتگیری پێش نوێژی خوێنمژی ورمێ (مەلا حەسەنی)یش بە دەست دێنن. دواتر ٥٩ لاوی دەس بەسەرکراوی مەهابادی دەگوازنەوە بۆ شاری تەورێز و لە بە ناو دادگایەک دا ئەویش چەند خوولەکێک هەموویان بە ئیعدام مەحکووم دەکرێن و تیر بارانیان دەکەن، هەوالی ئیعدام کردنیان بە پیلانێک کە پێشتر دارێژ داربوو را دەگەیەندرێت، ئامانج لە راگەیاندنی ئەم هەوالە درووست کردنی کەش و هەوی ترساندن و تۆقاندن لە مەهاباد بوو. بنەمالەی ئیعدام کراوان تا ئێستاش لە شوێنی ناشتن رۆلەکانیان ئاگادار نەکرانەوە. کووشت و بڕ و ئیعدام هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد هەر لە میانەی سالەکانی ١٣٥٨ تاکوو ١٣٧٠ هەتاوی ٨٣٢ کەس لە چالاکانی کورد لە کوردستان تیر باران کراون(ناوەندی کوولتووری چاک). لەم رێژەیە ٣٩٩ کەسیان لە ئەندام یان لاینگرانی حیزبی دێمۆکراتی کورستانی ئێران و ٢٠٩ کەسیان لە ئەندامانی کۆمەلە و ١٨٢ کەسیان پێناسەییێکی دیاری کراو لە بەر دەست دا نییە، ٧٩ کەسیان شارووماندانی ئاسایی بوون کە بێ بەر بوون لە لانگری هیچ حیزبێک و تەنانەت لە چالاکی سیاسی. زۆرترین ئیعدامەکان لە نێوان سالەکانی ١٣٦٠،٦١،٦٢،٦٣ ، ١٣٦٧ رویداوە. دیاردەی ئیعدامە بە کۆمەلەکان یەکێک لە تایبەت مەندیەکانی ئیعدامە سیاسیەکان لە کوردستان کە لە تیر باران کردنی ١١ کەس لە زیندانی دیزل ئاباد لە ٢٨ گەلاوێژی ١٣٥٨ دەسپێدەکات و تا کوو ئەم چەند سالەی دوایی هەر بەر دەوام بووە و ئێستاش کە ئەم وتارە دەکەوێتە بەر دیدەتان نیزیک بە ٣٠ کەس لە لاوانی کورد لە زیندانەکنی ئێراندا حوکمی ئیعدامیان پێ دراو و چاوەرێی جێبەجێ کردنی حووکمەکەیانن و بە دەیان چالاک و تێکۆشەری سیاسی و مەدەنی دیکەی کوردیش لە گرتووخانەکانی ئێراندا بە تۆمەتی نارەوا و جۆراوجۆر حووکمی قوورسیان بۆ براوەتەوە.

لە لایەک هەمووی ئەو چەرمە سەری و نەهامەتینەی  کە لە ماوەی ۳۰ و چەند سالەدا بە سەر خەلکی کوردستان و تێیکۆشەرانی کورد دا هاتوە، هاوکات لەگەل ئەوەی کە خوێنمژی و دژە کورد بوونی ئەم دەسەلاتە سەرەرۆیە نیشان دەدات، پێناسەییکی قوولی فەلسەفیش لە ژیان و خەبات لە لای نەتەوەی کورد دەدات کە بێگوومان سرووشتی ژیان بە ژیانی هەموو تاکەکان داوە کە بۆ مانەوە ئامادەن قوورسترین نرخەکان بدەن.

دووژمن بۆ چاو ترسێن کردن و تۆقاندن و هێنانە خواری ئیرادەی خەلکی کورد و تایبەت هێزی ئەکتیوی کۆمەلگا یانی لاوان، ٥٩ لاوی مەهابادی لە سێدارە دا بەلام لە ماوەی تەمەنی شوومی کۆماری سێدارە سەلمێندارا کە ئەم پیلان و خەونی دووژمن هیچ کات سەر ناگرێ و نایەتە دی و پۆل پۆل لاوانی بە هەست و هەلوێستی کوردستان بە دانی قوورسترین بەهاکانی ژیان بە ریزەکانی شۆرش پێوەست دەبن و ئیرادەی مانەوەی خاک و نەتەوەکەیان بەرز را دەگرن. ئیستا کە نەسلی نوێی کورستان بە هۆی بەرزی ئاستی وشیاری و بە کەلک وەرگرتن لە ئامرازەکانی دوونیای مۆدێرن و بە سرنجدان بە شێوەکانی دیکەی بەرەنگاری و رەچاو کردنیان وەک مێتۆدەکانی دیکەی خەبات.

بە شێوەی ئاشتیخوازانە و مەدەنی کار بۆ بەرز راگرتنی ئیرادەی نەتەوەیی و نیشتمانیان دەکەن بۆیە دیسانیش بوونیان لە لایەن دەسەلاتە دژە مرۆڤی و دژە کوردی قەبوول ناکرێ و هەولی سرینەویان دەدرێت. هەر بۆیە ئەگەر سالی ٦٢ بە تیرباران کردنی ٥٩ لاوی مەهابادی و زیندانی و ئەشکەنجەی هەزاران لاوی ئەو نیشتمانە  بە خەیال و خەنی خۆی دەتوانێت  پێش بە پیوەست بوونی لاوانی کورد بە ریزەکانی  پێشمەرگە و شۆرش بگرێت و بیان ترسێنێت بە هەمان شێوەش پێش بە مەدەنی بوون و بە رێکخراوەیی بوونی کۆمەلگای کوردستان لە رێگای لاوانی ئێستا بگرێ.

لەم سالانەی دواییدا لاوانی ژیر و خوێندەواری گەلەکەمان لە رێگای پێک هێنانی رێکخراوە مەدەنییەکان  لە هەولی بنیات نانی کۆمەلێک دیاردەی ئەمرۆیی لە ولاتەکەمان دا بوون و هەن بەلام بۆ هەموو لایەک روونە کە زۆربەی ئەم لاوانە بە هۆی زەخت و گووشاری ناوەندە ئەمنییەتیەکانی رژیم روویان لە هەندەران کردوە و نیشتمانیان جێ هێشتوە ، یان لە بەندی خانەکانی رژیمدا حووکمی قوورسیان بە سەردا سەپاوە یا دوور خراونەتەوە بەلام دیسانیش ئەم سیاسەتە ناتوانێ پێش بە راگرتنی ئیرادەی نیشتمان پەروەری بە دەستی لاوانی ئەم خاک و نەتەوە بگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران  -  رێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## بەرەو یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد

**١٢ی جۆزەردان، رۆژی بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی ستەم و دڕەندەیی کۆماری ئیسلامی**

لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی خەباتکاری کوردستان، بە تایبەتی لاوانی شۆڕشگێڕو، بۆ تۆڵەئەستاندنەوە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، لەوپەڕی دڕندەییدا ٥٩ لاوی مەهابادیی ئێعدام کرد.

ئەوە نە یەکەم تاوان و نە دوا تاوان دژی خەڵکی کوردستان بوو. تەنانەت ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوانی کوردستانیش، دوای ئەم تاوانە درێژەی هەبوو.

بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی تاوان و جینایەت دژی خەڵکی کوردستان، هیچ کات سەبارەت بە کردەوەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکرا. بە پێچەوانەوە پلە و پایەیان لە کۆماری ئیسلامیدا چووەسەر.

بەڵام تێپەڕینی زەمان، ئەم تاوانانە و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئازادیخوازانی کوردستان، لە بیر گەلی کورد ناباتەوە. ئێستا کە بەرەو یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی دەچین بە با شێوەیەکی شیاو، یادی قوربانیانی ئەم تاوانە بکەینەوە. با یادی شەهیدانی ئەم تاوانە بەرز رابگرین. با لە سۆنگەی یادکردنەوەی ٥٩ لاوی شەهیدی کورد، یادی هەموو قوربانیانی ستەم و دڕەندەیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بکەینەوە.

لە یادی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کورددا، داوامان ئەوەیە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، هاوپێوەندی،

یەکگرتوویی و شێلگیربوونی خۆیان لەسەر داواکردنی مافە نەتەوەییەکانیان بە شێوەی جۆراوجۆر پیشان بدەنەوە. بە تایبەتی بۆ ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، پیشاندانی ماتەمینی گشتی و بەرجەستەکردنەوەی ژمارەی ٥٩ و دروشمی نا بۆ ئێعدام، بۆ شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی جۆزەردانیش، ٥ دەقیقە خامۆشی لە کاتژمێر ٩ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشنیار دەکەین.

بەرزو بەرێزبێ یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد
هەر شەکاوە ئاڵای خەبات دژی دیکتاتۆری و بندەستی لە کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات

٧ی جۆزەردانی ١٣٩٢



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ریزگرتن لە یادو بیرەوەریی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٣٠ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدانەی بەرز ڕاگرت.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ ی جۆزەردانو بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارەگای حیزبی دێموکڕات بەڕێوەچوو، وێڕای مەحکومکردنەوەی ئەو جینایەتە تیشک خرایە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕووداوە مێژوویی‌یەو کاریگەریی لە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو ڕێوڕەسمە بە ڕاگەیاندنی چەند ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدانە دەستی پێ کرد، پاشان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد.

**قادر وریا** لە سەرەتای قسەکانی‌دا باسی لە پێویستیی یادکردنەوەی بەردەوامی ئەو جینایەتە کردو لەو پێوندی‌یەدا پەڕژایە سەر ئەوەی کە ئەو جینایەتە لە یەکەم سەرنجدا نیشانەی دڕندەیی ڕێژیمێکو بێبەری بوونی نیزامێک لە خەڵکێک بوو کە بە ئی خۆی نەدەزانی، هەر بۆیەش دەبینین کە ئەو ٥٩ لاوە بێ ئەوەی دادگایی کرابن، بێ ئەوەی هۆکارەکانی گرتنو گوللەباران کردنیان بۆ خەڵک باس کرابن، دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللە، کەوابوو ئەو جینایەتە نابێ لە بیر بچێتەوەو دەبێ ئەو پرسیارانە هەموو کار بەرەوەڕووی کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە کە تاوانی نەکردووی ئەو لاوانە چی بوو؟ ئایا لە جێدا مەگەر ئەندامەتیی حیزبێک کە بۆ

مافو ئازادیەکانی گەلەکەی خەبات دەکا تاوانە؟

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی تاکە تاوانی ئەو کۆمەڵە کەسەی لە ١٢ ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ دا ئێعدام کران، تەنیا پشتیوانی لە خەباتو تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەیان بوو.

قادر وریا دواتر تیشکی خستە سەر ئامانجە ئاشکراو ڕانەگەیەندراوی ڕێژیم لە ئێعدامی ئەو پۆلە لاوەی شاری مەهابادو ئەوەی بۆ ترسو خۆفی ڕێژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوو لە بزووتنەوەی کلپەسەندووی کورد لە کوردستان گەڕاندەوە تا لەو ڕێگەیەوە چاوترسێنێ خەڵکی بۆ دەستبەردان لە حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کورد کردبێ، بەڵام ئەو ئێعدامو کوشتوبڕو کۆمەڵکوژیە کە دواتریش لە ناوچەی جۆراوجۆر و لە کاتی جیاوازدا دووپاتو چەند پات بوونەوە، قەت نەیتوانی چۆک بە لاوانی کورد دابدا و خەڵکی کوردستان لەداوا کردنو خەباتو بەدواداچوونی مافەکانیان پاشگەز بکاتەوە.

دوای وتاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، سامان فەقێ نەبێ، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی ڕێکخراوەکەی بەو بۆنەیە خوێندەوە.

لە پەیامی یەکیەتیی لاواندا ویڕای ئاماژە بە هۆکارو بەستێنەکانی خوڵقانی ئەو جینایەتەو مەبەستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە هاتبوو کە یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە ئەم جنایەتە لە لایەن ڕژێمەوە دژ بەو کۆمەڵە لاوە ئەنجام درا، وێڕای شەرمەزار کردنی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران، شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم تاوانە وبۆ بەرز ڕاگرتنی ورە و ئیرادەی لاوانی خەباتگێڕی کوردستان هەنگاوی هەڵێناو و هەنووکەش وێڕای نیشاندانی وەفا و ئەمەگناسی خۆی بۆ شەهیدانی ئەم تاوانە دژە مرۆییە، ئامادەیی خۆی بۆ درێژە پێدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری وڵاتپارێزی و ئازادی گەل و ڕزگاری نیشتمان دووپات دەکاتەوە.

لەو پەیامەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کپ کردنی هەستی شۆڕشگێڕانە و شعووری نەتەوەیی لاوانی کورد تاوانی ١٢ی جۆزەردانی خوڵقاند، بەڵام جێی شانازییەکە شۆڕشگێڕانی دێموکڕات بە گشتی و فەرماندەی نەمری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شەهید شاپوور فیرووزی و هاوسەنگەرانی بە تایبەتی لە ڕێگای بە جێ گەیاندنی ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانە وەکوو هێمایەک بۆ ٥٩ لاوی شەهید، توانیان ئەم پیلانەی ڕژێم پووچەڵ بکەنەوە و باوەڕ بە خۆبوون لە ناخ و هزری تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچێننەوە و خاوەندارێتی لە ئیرادەی پۆڵایینی ئەم پۆلە لاوە سەربەرزەی وڵاتەکەمان بکەن.



سەرچاوە Serchawe

**دواتر مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد.**

**مامۆستا حەسەن زادە**؛ بە ئاماژە بە باردۆخی سیاسیی ئەو کاتی کوردستانو شەڕو ململانێی توندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی باسی ئەوەی کرد کە مەبەستی ڕێژیم لە ئیعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوەی شاری مەهاباد دابەزاندنی وەرەی هێزی پێشمەرگە بوو، بەڵام ڕێژیم نەتوانی لەوەیاندا سەرکەوتوو بێو نە توانی چۆک بە لاوانی کورد لە شار و گوندەکانیش دابدا، هەر ئەوەی کە ئێستاش زیندانەکانی ئێران لە لاوانی خەباتگێڕی کورد جمەیان دێ، ئەوە نیشانەی ئەوەی کە تەقەلای ڕێژیم بۆ کپ کردنو چاوترسێنکردنی لاوانی کورد نەزۆکو بێئاکام بووە.

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی کردو گوتی لەوانەیە ئەو ڕێژیمە ئێستاش بتوانێ خەڵکەکەی بکوژێ، ناڕەزایەتییەکان سەرکوت بکا، بەڵام ناتوانێ خۆی لە چارەنووسی حەتمیی خۆی کە ڕووخانو هەرەسهێنانە ڕزگار بکا.

لەبەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک ئەحمەدی قادری، شاعیری بەهەستی نێوڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پەخشانە شێعرێکی بەسۆزی بەو بۆنەیەوە خوێندەوەو لە دوایین بڕگەی ئەو کۆڕیادەدا ئەحمەد سادقپوور، کادری بەوەجی حیزبو زیندانیی سیاسیی پێشووی کورد کە لە زیندانی ورمێ هاوبەندیی ٥٩ لاوی ئێعدام کراوی کورد بووە، چەند بیرەوەرییەکی لە چۆنیەتیی بارودۆخی خۆیان لە زیندانو ڕۆژی بردنی ئەو ٥٩ شەهیدەو ڕۆژەکانی دوای گوللەباران کرانیان گێڕایەوە.

ئەحمەد سادقپوور تیشکی خستە سەر ئەوەی کە یەکێکی دیکەش لە مەبەستەکانی ڕێژیم لە ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد تێکشکاندنی ورەو ڕووحی بەرگری لە نێو زیندانەکان بوو، بەڵام ڕووداوەکانی دوای ئەو جینایەتە دەری خست کە لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوو.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
## بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان ساڵوەگەڕی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد

**لاوانی شۆڕشگێڕ!**
**خەڵکی وڵاتپارێزی کوردستان!**

ئەمڕۆ سیەمین ساڵرۆژی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی نیشتمانپەروەری کورد لە شاری مەهاباد لە لایەن ڕێژیمی تێرۆریست و دژە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا دەسەڵاتی مافیایی زاڵ بەسەر ئێران و کوردستان، بۆ سەلماندنی ناوەڕۆکی دژە مرۆیی خۆی تاوانێکی‌تری دژ بە خەڵکی کوردستان و لاوە شۆڕشگێڕەکانی لە کارنامەی ڕەشی خۆی دا تۆمار کرد، کە تاکوو ئێستاکە ئاسەوارە دڵهەژێنەکەی لە حافزەی مێژوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا هەبوونی هەیە. لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، ڕژێمی تاران وەکوو نەریتێکی ناجوانمێرانە لە دەسەڵاتدارێتی خۆی بۆ پەردەپۆش کردنی دەسکەوتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرگری قارەمانانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە مەبەستی ڕووخاندنی ورەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاوانی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد لە شاری مەهابادی بە ئەنجام گەیاند.

**بەڕێزان!**

یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە ئەم جنایەتە لە لایەن ڕژێمەوە دژ بەو کۆمەڵە لاوە ئەنجام درا، وێڕای شەرمەزار کردنی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی ئێران، شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم تاوانە وبۆ بەرز ڕاگرتنی ورە و ئیرادەی لاوانی خەباتگێڕی کوردستان هەنگاوی هەڵێناو و هەنووکەش وێڕای نیشاندانی وەفا و ئەمەگناسی خۆی بۆ شەهیدانی ئەم تاوانە دژە مرۆییە، ئامادەیی خۆی بۆ درێژە پێدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری وڵاتپارێزی و ئازادی گەل و ڕزگاری نیشتمان دووپات دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**هاوڕێیان!**

**ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کپ کردنی هەستی شۆڕشگێڕانە و شعووری نەتەوەیی لاوانی کورد تاوانی ١٢ی جۆزەردانی خوڵقاند، بەڵام جێی شانازییەکە شۆڕشگێڕانی دێموکڕات بە گشتی و فەرماندەی نەمری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، شەهید شاپوور فیرووزی و هاوسەنگەرانی بە تایبەتی لە ڕێگای بە جێ گەیاندنی ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانە وەکوو هێمایەک بۆ ٥٩ لاوی شەهید، توانیان ئەم پیلانەی ڕژێم پووچەڵ بکەنەوە و باوەڕ بە خۆبوون لە ناخ و هزری تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچێننەوە و خاوەنداریێتی لە ئیرادەی پۆڵایینی ئەم پۆلە لاوە سەربەرزەی وڵاتەکەمان بکەن.**

**بەڕێزان!**

**لە کۆتایی دا وەکوو هەڵوێستێکی مرۆیی و نەتەوەیی لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا دەکەین کە سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە توێژی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێکڕا ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە " ڕۆژی لاوی کورد" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر بکەن و لەو ڕێگایەوە دووپاتی بکەنەوە کە بەرخۆدان و خۆڕاگری لاوانی کورد ڕەمزی سەرکەوتنی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**بەرزو پایەدار بێ یادی ئەم ٥٩ لاوە شەهیدەی وڵاتەکەمان!**
**سەرکەوێ خەباتی شۆڕشگێڕانەی لاوانی کوردستان!**
**کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**١٢ی جۆزەردانی ٢٧١٢ی کوردی**



سەرچاوە
Serchawe

## لە یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد

١٢ی جۆزەردان لە یادەوەریی خەڵکی کوردستاندا وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکی دڵتەزێنە کە بەڵگەیەکی زیندووی خوێنمژی و دڕندەیی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامییە. مێژووی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە دەیان و سەدان جار بینەری مەرگەساتی کوشتن و قەلاچۆکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بووە.

کارەساتگەلێک کە بەر لەوەی پێشاندەری دیکتاتۆڕی و بێ ڕەحمی حکوومەتانی زاڵ بە سەر وڵاتان دا بێ، ڕق و نەفرەتی ئەو حکوومەتانە لە هەمبەر کورد دەردەخا.

کوشتاری خەڵکی قارەمانی سنە، ڕووداوە تاڵەکانی شەڕی ٣ مانگە، کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی قاڕنێ و قەڵاتان، ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد و بە دەیان و سەدان وێنەی دیکەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ و ژێرپێنانی هەموو یاسا پەسندکراوەکانی نێودەوڵەتی، ناوەڕۆک و سروشتی دژە مرۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

هەرکات دەسەڵاتدارە دیکتاتۆڕەکان نەیانتوانیوە ئیرادەی میللەتان ببەزێنن و دەستەمۆیان بکەن، پەنایان بردۆتە بەر توندوتیژی و کوشتنی بەکۆمەڵ و زیندانی و ئازارو ئەشکەنجەی خەڵک و بە خەیاڵی چەوتی خۆیان هەوڵیان داوە بەو کارە نامرۆڤانەیە پێش بە بیر و هەستی مافخوازی و ئازادیخوازیی میللەتان بگرن. بەڵام مێژوو سەلماندویەتی کە ئەو سیاسەتە نەک هەر نەیتوانیوە هاواری ئازادیخوازیی مرۆڤایەتی کپ بکا، بەڵکوو تێکڕای هاوارەکانی بە یەکەوە گرێداوەو وەک گورزێکی کوشندە بە سەر خودی چەوسێنەراندا دراوەتەوەو تەمەنی دەسەڵاتیانی بەرەو نشێوی نەمان پاڵ پێوە ناوە.

ئێستا کە لە ٢٣هەمین ساڵیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی نیشتمانپەروەری مەهاباد داین، دوژمنانی سوێندخواردووی نەتەوەی کورد ئاگادار دەکەینەوە کە تا ئاگری و قەندیل و ئاڕبابا و شاهۆ و دالاهۆ مەتەرێزی خەباتی ڕۆڵەکانی کورد بن، ئاواتی بە چۆک داهێنانی

مافخوازیمان لە خەونێک پتر نیە. تا ئازادی، دێمۆکڕاسی و رزگاریی نەتەوەیی رووگەی هەڵوێست و ئاواتەکانمان بن قەت بە هەڕەشە و پڕوپاگەندەی پڕو پووچی بیردۆزەرانی مەرگ و تۆقاندن لە خشتە ناڕۆین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە سەر ئامانج و داخوازە رەواکانمان سوورتر دەبین.

لە یادەوەریی ئەم بیرەوەرییە تاڵە دا لە گەڵ ٥٩ لاوی تێکۆشەری مەهاباد و تێکڕای شەهیدانی رێگای رزگاری و سەرفرازی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەتا دواقۆناغی خەبات و گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن، رێبواری بە ئەمەگی رێبازە پیرۆزەکەیان بین.

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران

جوونی ٢٠٠٦

## ڕاگەیەندراوی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد

**بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد**

**یادی ٥٩ لاوی ئێعدام کراوی مەهاباد بکەینە هەوێنی یەکگرتوویی.**

ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ یەکێک بوو لەو دەیان تاوان و ڕەشەکوژیانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە دژی گەلی کورد و بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی ئیرادەی لاوانی خۆڕاگر و کۆتایی هێنان بە مافخوازیی گەلەکەمان ئەنجام درا. لە سیهەمین ساڵیادی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا، وێڕای پشتیوانی لە داوای کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان سەبارەت بە نیشاندانی ماتەمینی گشتی و بەرجەستە کردنەوەی ژمارەی ٥٩ لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەرداندا، داوا لە خوێندکارانی بوێر و پێشەنگی کورد دەکەین دەنگیان بخەنە پاڵ یەک و ئەو ڕۆژە بکەنە ڕۆژی هاوپەیوەندی نەتەوەیی و نا گوتن بە دەسەڵاتی سێدارەی ئیسلامی.

**دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد**

**١١ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی**

**١ی ژوئەنی ٢٠١٣**



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیێندراوی "فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران"



**بەبۆنەی ٢٨ەمینساڵیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد لە شاری مەهاباد**

**لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا، ڕژیمی جینایەتکار و دیکتاتۆری ئێران لە شاری مەهاباد دەستی دایە جینایەتێک دژ بە خەڵکی ئەو شارە و تیایدا ٥٩ لاوی کوردی بە حوکمێکی کوێرکوێرانە ئێعدام کرد. ڕژیم لە کاتێکدا ئەو حوکمە نامرۆڤانەیەی بەڕێوەبرد کە هێشتا بە تەواوی....**

**نەیتوانیبوو دەست بە سەر کوردستاندا بگرێتەوە و بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان لە چالاکییەکی بەرچاودا بوو لە کوردستاندا و هێزەکانی ڕژیمیان بە تەواوی تەنگەتاو کرد بوو و هێزی لاو ببووە مەترسییەکی جیددی بۆ بوونی ڕژیم و دارودەستەکانی لە کوردستان، هەر بۆیە ڕژیم لە چەندین پیلانی جیاجیا وەک تۆڵە کردنەوە لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بە گشتی و لاوان بە تایبەتی دەستی دایە گرتن و زیندانی و ئێعدامی ڕۆڵە شۆرشگێڕەکانی کوردستان.**

**ئێعدام وەک تەنها ئامرازی سەرکوت و کوشت و بڕی لاوان و خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتداران و مۆرەکانیەوە، هەر لە شەڕی سێ مانگەی کوردستان لە زۆربەی شار و ناوچەکان بە بەربڵاوی بەڕێوەچوو و تیایدا بە هەزاران کەس تەنها بە تاوانی نا گوتن بە دیکتاتۆری و ئازادیخوازی و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ڕەوانەی جوخەکانی ئێعدام و یان بە قەنارەوە کران یان درانە بەر دەستڕێژ.**

**مەهاباد کە هەر لە کۆنەوە سەنگەری ئازادی ویستی و فیداکاری و شۆرشگێری، خەڵکی کوردستان بووە، بە هاتنی ڕژیمی دواکەوتووی ئێران جارێکی دیکە بووە سەنگەری خۆراگری و بەربەرەکانێی داگیرکەران، هەر بۆیە ڕژیم لە پیلانێکی شوومدا ژمارەییێک لاوی ئەو شارەی دەست بەسەر کرد و لە دوای شانۆییێک بە ناوی دادگا لە شاری تەورێز، حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاندن.**

ڕژیم بە شەهیدکردنی ئەو ٥٩ لاوەی شاری مەهاباد لاپەڕەییێکی ڕەشی دیکەی بۆ خۆی تۆمار کرد و ئەو ڕاستیەی بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لاوان سەلماند کە تا سەر و سەرکەوتن و ڕووخانی ئەو ڕژیمە دەبێ کورەی خەباتی کورد بەردەوام بێ و شێلگیرانەتر لە رابردوو تاو بدەنە شۆرش و بەربەرەکانێ دژ بەو رژیمە و هەروەها بۆ هەموو لایێکی روون کردەوە کە داواکانی بزوتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد داواگەلێکی رەوا و بەرحەقن.

فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ مەحکوم کردنی ئەو جینایەتە و باقی جینایەتەکانی رژیمی ئێران لە کوردستان، داوا لە تێکڕای لاوانی شۆرشگێری کوردستان دەکا کە ریزەکانی خۆیان بۆ دژایەتی داگیرکەرانی کوردستان زیاتر لە رابردوو یەکبخەن.

مەرگ و نەمان بۆ رژیمی داگیرکەر و دیکتاتۆری ئێران
سەرکەوێ خەباتی رەوای گەلی کورد

فدراسیۆنی رێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران
ماڵپەری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

## یادی ٥٩ لاوی شەهیدکراوی مەهابادی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە شەهیدکران بەرز ڕادەگرین

ڕۆژی ١٢ مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بەڵاوبوونەوەی هەڤاڵی شەهید کرانی ٥٩ لاو و مێرمنداڵی مەهابادی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، هەموو ستانی ئێرانی شڵەژاند و ویژدانی مرۆڤایەتی ڕاچڵەکاند. ٢٦ ساڵ لەمەوبەر بەرهەڵستاکارانی ژیان و شادی، دوژمنانی ئازادی و دێموکراسی بە شەهیدکردنی بەکۆمەڵی ٥٩ لاو و مێرمنداڵی ی ناوچەی مەهاباد، بۆنە هۆی ئاوابوونی ٥٩ ئەستێرەی تازەهەڵهاتووی و خەم و کەسەریان خستە سەر دلی بنەماڵەکانیان و هەموو گەلی. سەرجەمی ئەو لاوانە تەمەنیان لە ژێر هەژدەساڵدا بوو و هێشتا بە تەمەنی قانوونی نەگەیشتبون و هەربۆیەش هەر شێوە سزادانێکیان، لە دژی گشت یاسا ئینسانیەکان بوو. لە لایەکی دیکەشەوە هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر چالاکینواندنی سیاسی ئەو لاوانە بەدەستی ڕژیمەوە نەبوو.

بەڵام سەرانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران نیشانیاندا کە سیاسەتی نامرۆڤانە و دژی گەلی ئەوان، نەتەنیا جیاوازیەک لە نێوان سیاسیکار و بێلایەنی دانانێ، بەڵکو تەنانەت جیاوازی لە نێوان گەورە و بچوکیش نابینێ. ئەو ڕژیمە هەروەها نیشانیدا کە لە کوشتن و لەناوبردنی گەلی دا هیچ سنوورێک ناناسێ. کۆماری ئیسلامی ئێران ٢٨ ساڵی ڕابوردوو دا سیاسەتی کۆشتنی بەکۆمەڵی لە ئێراندا و بە تایبەتی لە ستاندا بردۆتە پێش. ئەو ڕژیمە لە هەموو بەهانەیەک بۆ سەرکوتکردن و ئازاری گەلەکەمان کەڵک وەردەگرێ و ڕۆژ نیە لە یەکێک لە شارەکانی ستان یێک نەکوژێ.

لە جیهانی ئەمرۆ و تەنات ئەوکاتیشدا، زۆربەی هەرەزۆری دەوڵەتەکان یاسای سزای کوشتن و بەتایبەتی سزادانی منداڵان و مێرمنداڵانیان لە چوارچێوەی سنوورەکانیاندا سریوەتەوە. بەگوێرەی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان، مناڵ بەکەسێک دەوترێ کە تەمەنی لە ژێر هژدەساڵ بێ. سزادان و کوشتنی منداڵان، بەتایبەتی منداڵانی بێتاوان، نەتەنیا کارێکی دژیمرۆڤانە و کۆنەپەرستانەیە، بەڵکو دژی گشت نۆرم و پرینسیپێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتیە. بە پێی ئەو بڕیارنامەیە نابێ هیچ کەس لەسەر بیر و باوەڕێ سیاسی، پێکهینانی کۆڕوکۆمەڵی سیاسی، کولتوری هتد... سزا بدرێ. هەر سزایەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی تاوان، دەبێ لە داگایەکی دادپەروەرانەدا ڕەچاو بکردرێ و هەموو کەس مافی پارێزگاری هەیە. دە سەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیشانیان داوە کە



سەرچاوە
Serchawe

ئەو وتانەیان بەلاوە بێگانەیە و هیچ تێگەیشتنێک و ڕێزێکیان بۆ مافی مرۆڤ نیە.

رژیمی ئیسلامی ئێران لە کوشتن و ئیعدامی خەڵکی بێتاوان و بەتایبەتی پیاوان وژنان، لاوان و پیرانی، بە بێ ەوی کە داگایەک لەگۆڕێدابێ و بەبێ ئەوەی کە بتوانرێ تاوانێکیان لەسەر تۆمار بکرێ هیچی تێدا نەهێشتۆتەوە. ئەو رژیمە لە مێژوودا، لەباری کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی بێتاوان تەنیا لەگەڵ هێزی کاولکەری مۆغول و نازیستەکانی ئاڵمانی هیتلێری بەراورد دەکرێ. رژیمی ئێران لە تۆلە ئەستاندنەوەی گشتی، بەکردەوە لە مێتۆدەکانی فاشیستی کەڵک وەر دەگرێ و سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و بەتیبەتی گەل ی، لە ژێر ئایدیالۆژیای ئیسلامی، کە وەک تیوری شۆڤینیزمی فارس بەکار دێ، گرتۆتە پێش.

لە کۆماری ئیسلامیدا هەموو کەس گۆمانلێکراوە و بەمەرجێک لە خزمەتی رژیمدا نەبێ تاوانبارە و بە دژی شۆڕش لەقەڵەم دەدرێ. رژیم لە منداڵان بۆ شەڕ و تێروریزم کەڵ وەردەگرێ و بەهەزاران منداڵ و مێرمنداڵی ئێرانی مێشکشوردوو کردوە و تەنانەت لە دژی ئەندامانی خێزانیشیان کەڵکیان لێوەردەگرێ. لە کۆماری ئیسلامی دا منداڵ هیچ مافێکی نیە. سڵاو لەرۆحی پاکی ٥٩ لاوی شەهیدی مە هابادی، برۆخی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەشی راگەیاندنی کومیتەی سوئیدی حدکا

٣ی ژوئەنی ٢٠٠٧

---

## بەرزراگرتنی یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد لەو شارە




لاوانی خوێنگەرمی مەهاباد لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی ٥٩ لاوی مەهابادداا، بەکۆبوونەوەو چالاکیی تەبلیغی یادی ئەو شەهیدانەیان بەرز ڕاگرت و لەگەڵ ئامانجەکانی ٥٩ لاوە بە ناحەق کوژراوەکەی شارەکەیان پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرمان دوای بانگەوازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد خەڵکی شاری مەهاباد لە زۆربەی گەڕەکەکان بەتایبەت گەڕەکی سێئاشان، مەیدانی حەیوانان، و باخی سیسە بەو بۆنەیەوە چالاکیی تەبلیغی کراوەو وێڕای بڵاوکردنەوەی تراکت بەو بۆنەیە لاوان لە دەوری یەکتر کۆبونەتەوە.
ڕاپۆرتی هەواڵنێرمان باسی ئەوە دەکا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە جموجۆڵی هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە شار زیاتر بووەو لە زۆر جێ بیانوو بە خەڵکی دەگرنو تەنانەت لە هەندێ جێگە کە کۆبوونەوەیەکی چەند کەسییان بینیوە، هەڵیان کوتاوەتە سەری و بێڕێزییان بە خەڵکەکە کردوە.

شایەتحاڵێکی ئەو ڕووداوە بە کوردستان و کورد نیوزی ڕاگەیاند کە لە گەڕەکی سێئاشان هێزە ئەمنیەتی‌یەکانی ڕێژیم لەگەڵ پۆلێک لە لاوانی ئەو شارە تێکهەڵچوونو سووکایەتی‌یان بە شەهیدانی نەتەوەی کوردو پیرۆزی‌یەکانی خەڵک کردووە هەڕەشەیان ئەوەیان کردوە کە بێتوو بڵاوە بە کۆبوونەوەکەیان نەکن، وەک کاتی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە حەمامی خوێن وەڕێ دەخەنەوە. ئەو هەڕەشانە کاردانەوەی خەڵکەکەی لێ دەکەوێتەوەو دوو کەس لەو جاشانە بەناوکانی هێمن جەنگەڵیو موحسین عەلەمشایی، کوڕی ڕەسووڵ عەلەمشایی هەڵدەکوتنە سەر خەڵکەکەو بەپێی گێڕانەوەی ئەو شایەتحاڵە لاوێکی وەرزشکاری ئەو شارە بەناوی شێرکۆ سەبیلی کە لێیان وەدەنگ هاتبوو، بە توندی لێی دراوەو لووتی شکێندراوە کە دواجار بۆ نەخۆشخانەیان گواستۆتەوە.

شایانی باسە هێزەکانی ڕێژیم لەو ڕۆژەدا فەزایەکی تەواو پۆلیسیو ئەمنیەتی‌یان بەسەر شاری مەهابادا زاڵ کردبوو.

٣ی جوونی ٢٠١٣

# خوێن ڕێژانی دوێنێ و ڕیفۆرم خوازانی ئەمرۆ



**حیسام ئەحمەدی**

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی ئەو ڕۆژەیە کە لە لایەن «حەمید ڕەزا جەلایی پوور»فەرمانداری شاری مەهابادەوە ئاگادارییەک لە نێو خەڵکی ئەو شارەدا کە نێوی ٥٩ لاوی کوردی تێدا بوو کە بە تۆمەتی بوونی پێوەندی لە گەڵ هێزە کوردستانییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بە لەسێدارە و تیرباران مەحکووم کرابوون بڵاو کرایەوە. زۆربەی ئەو لاوانە لە سەرەتاکانی مانگی خاکەلێوە و بانەمەڕی ١٣٦٢ دا دەستگیر کران و بە بڕیارێکی نامرۆڤانە هەر ٥٩ لاویان بە مەبەستی لە نێو بردن ڕەوانەی شاری تەورێز و دادگای بە نێو شۆڕش کە لە لایەن تەورە ڕیشدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و بە بێ بوونی هەر چەشنە یاسا و ڕێسایەکی دادپەروەرانە ئیجازەی سەپاندنی هەر چەشنە حووکمێکیان بە سەر خەڵک، پێدرابوو، بە لە سێدارەدان مەحکووم و بە پێی هێندێک سەرچاوە باس لەوە دەکرێت کە لە شاری ورمێ تیرباران کراون، بەڵام هێندێکیش تەئکید لەوە دەکەنەوە کە لە شاری تەورێز حوکمەکەیان بەڕێوە چووە کە تاکوو ئێستا ئەو شتە بە ناڕوونی ماوەتەوە.

«حەمید ڕەزا جەلایی پوور»یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە ئەنجوومەنی ئیسلامی»تکنیکوم نفیسی» تاران خەریکی خوێندن و پاشان لە گەڵ چەند کەسێکی تر لە هاوبیرانی لە لایەن مەهدی کەرووبی و میر حووسێن مووسەوی بە مەبەستی پەرەپێدان بە کاری فەرهەنگی ڕەوانەی کوردستان دەکرێت و لە شاری نەغەدە نیشتەجێ دەبێت، یەکێک لە کارە فەرهەنگییەکانی کە بە ناوبراو دەسپێردرێت سازادنی تەفرەقە و دووبەرەکی لە نێو دوو نەتەوەی کورد و توورک کە هەردووکیان لەو شارەدا نیشتەجێن و لەو کارەشدا بەداخەوە سەرکەوتن بەدەست دێنێت و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە نەغەدە و پاشان بە مەبەستی سەرکەوتوو بوون لە ئەرکەکەیدا پیشنیاری چوون بۆ مەهاباد و بوون بە فەرمانداری ئەو شارە و نوێنەرایەتی کارووباری سیاسی پارێزگای سنەی بۆ دیار دەکرێت و بەو شێوەیە تا ساڵی ١٣٦٨ لە کوردستان دەمێنێتەوە، ئەوەش دەر خەری ئەو ڕاستییەیە کە کارووباری فەرهەنگی «جەلایی پوور» جگە لە دارشتنی پلان بۆ سەرکووت، قەتڵ و عام، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی خەڵکی کورد شتێکی تر نەبووە و لە تاوان و جینایەتانەش کە بەسەر کورد لەو وڵاتە هاتوون بێگوومان کەسانێکی وەک مووسەوی و کەرووبی کە ئەو کات بەرپرسایەتی

بەرزیان لە حکوومەتدا هەبوو رۆڵێکی بەرچاویان بینیوە، بۆیە پێویستەئاورێک لە دەسەڵاتدارەتی و بڕیاردەرانی ئەوکات و لاپەرە پڕ لە تاوانەکانیان بخەینە بەر دیدی رای گشتی و پێیان بڵێین کە ئەوانەی ئەمڕۆ خۆیان بە خەم خۆری خەڵک و خوازیاری ڕێفۆرم لە ئێراندان هەمان جەلادان و حاکمانی ئێعدام و جینایەتەکانی ساڵانی ٥٨ تا ٦٨ تن، بەتایبەتی مووسەوی کە لەو سەردەمەدا وەک» نخۆست وەزیر» و زۆربەی نامەی قەتڵ وعامەکان لە ژێر دەستی ئەو دا تێپەڕ دەبوون، کەچی وەک کورد واتەنی» نە بای دیوە و نەباران».

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە لە دوای بەتاڵان بردنی دەسکەوتەکانی شۆرشی گەلانی ئێران لە لایەن تاقمێک ئاخووندی بیرتەسک کە بۆ خۆسەپاندن بە سەر کۆمەڵگای ئێران دەستیان لە هیچ چەشنە جینایەت و کردەوەیەکی نامرۆڤانە نەپاراستووە، بە توونددترین شێوە لە هەوڵی سڕینەوەی تاک و کۆی نەتەوەکانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی کە مل کەچی ویست و داخوازەکانی ئەوان نەبوونە دراوە!. فتوای جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨ و کارەساتی قارنی و قەلاتان و شەڕی سێ مانگە و نەورۆزی خوێناوی شاری سنە و... هتد

نموونەیەکی بەرچاون لەو جینایەتانە، بەتایبەتی دەهەی ٦٠ تەکان کە بە سەردەمی ئێعدامی بە کۆمەڵی چالاک وانانی سیاسی و ئازادی خوازانی ئیرانی و بەتایبەت لاوانی کوردستان، لە لایەن تەورە ڕیشدارەکانی کۆماری پەت و سێداره دێتە ئەژمار، لەو ساڵاندا گەلێک جەنایەت و قەتڵ و عامی بەکۆمەڵ لە کوردستان هاتوونەتە ئاراوە .کە بەرچاوترینیان لە گوللە باران کردنی ٥٩ لاوی کوردی شاری مەهابادبوون، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە لاوان بەگشتی و لاوانی کورد بەتایبەتی وەک هێزێکی ئەکتیو و چالاک لە بەرابەر سەرەڕۆیی و جینایەتەکانی ئەو ڕێـژیمە لە تێکۆشان سڵیان نەکردووە و هەمووکات وەک زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر دیکتاتۆرییەت هاتوونەتە ئەژمار.

ئێستا و دوای تێپەڕ بوونی نزیک بە سێ دەیە بە سەر گوللە باران کردنی ئەو پۆلە لاوەدا تێپەڕ دەبێت و ڕێژیم بەشێوەیەکی بەرچاو پەرە بە جینایەت و کردەوە نامرۆڤانەکانی دەدات بەڵام زۆر جار تاکتیکی تر بۆ بەلاڕێدا بردنی بۆچوونی خەڵک بەکار دێنێت بۆیە بەشێک لە خەڵک ئێستاش لەو باوەڕە دان کە خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی شارەزائییان بە نسبەت کردەوە دزێو و نامرۆڤانەکانی ئەو ڕێـژیمە نییە و ئەوەش بۆتە ڕێگا خۆشکەر بۆ بەردەوام بوونیان لە جینایەت خولقاندن، بەڵام بەبروای من خەڵکی ئێران و کوردەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەتی زیاتر لە خەڵکانی تر لە کردەوە و جینایەتەکانی ئەو ڕێـژیمە شارەزاترن هەر بۆیەش و بۆ بەرپەرچ دانەوە و بەربەرەکانی و تێکۆشان لە بەردەوامن و تەنانەت بۆ رزگار بوون لە دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی لە دانی بەنرخ ترین سەرمایەی ژیانیان واتا گیانیان سڵیان نەکردووە و ناکەن هەر ئەوەش بۆتە هۆی وەزاڵە هێنانی ڕێژیم. بۆ سەلمینەری ئەو راستییەش دەتوانین ئاورێک لە خەباتی رزگاری خوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بدەینەوە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە یەکەم هەنگاوەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ زەوت کردنی مافی نەتەوەکان و یەک



سەرچاوە
Serchawe

لەوان نەتەوەی کوردبوو، هەر ئەو سیاسەتە چەوتەش وای کرد کە کوردەکان کەوتنە بەربەرەکانی لە گەڵ ڕیژیم و کوردستانیان لێکردن بە سەنگەرێکی لە گیران نەهاتوو لە راستای دەستەبەر کردنی مافە رەواکانیان.

کۆماری ئیسلامی و کەڵک وەرگرتن لەهەستی مەزهەبی و هێندێک تاکتیکی چەواشەکارانە سەرنجی خەڵکی ئێرانیان بە لاڕێدا برد بۆ ماوەیەکی بەرچاو، بەڵام ئەوە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە خەڵکی ئێران بەگشتی شۆرشیان لە پێناو بینا کردنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک کە بە هیمەت و تێکۆشانی هەموو پێکهاتەکانی وڵات و لە هەمانکاتدا مافی هەموو لایەکی تێدا پارێزرابێت، نەک قوربانی لە سەرجەم پێکهاتە و نەتەوەکانی ئێران و دەسکەوتەکانی لە لایەن تاقمێک ئاخووندی بیر تەسکەوە بە تاڵان بچێ، بەلام لە گەڵ هاتنە سەرکاری ئەو رێژیمە، ئاخووند و تەورە ریشدارەکان چەقوو شەمشیرەکانیان لە ژێر حەباکانیان حەشاردا و پاشان بە نێوی ئایین و ئیسلامەوە دایانن بە تاقمێک جەلادی خوێن ڕێژ بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێکی ئایینی بە نێوی جیهاد و....

ساڵانی ١٣٦٠ تا ٦٨ بە یەکێک لەو ساڵانەی کە زۆرترین ڕێژەی ئێعدامەکانی چالاک وانانی سیاسی و خەڵکی ئێران، لە مێژووی تەمەنی پڕ لە جینایەتی کۆماری ئیسلامی دێتە ئەژمار، ئەو سەردەمە کەسانێک بەرێوەبەر و بڕیار دەری ئەو تاوانانە بوون کە ئەمرۆ بەرابەر بە خەڵک ژێستی خوازیار بوونی رێفۆرم و کۆمەڵگایەکی خەڵک سالارن و بەرابەر خەڵک وادەنوێنن کە کەسێک نییە لە وان زیاتر خەمخۆر و ئازار هەڵگری خەڵک بێت، بەڵام لە راستیدا کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کارییەوە هیچ کات و بە هیچ شێوەیەک خۆی لە کوشت و کوشتاری خەڵک نەپاراستووە و ناپارێزێت، رەنگە شێوەی تر بەکار بێنێت بەلام هیچ کات بیری خزمەت کردن بە خلک لە جێگای جینایەت کردن دانانێت .

**ماڵپەری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**٦ی ژوئەنی ٢٠١٢**

## ٥٩ لاوی مەهاباد: وەکوو کۆمەڵەی "ژ - ک"، ئێمە سوێندمان خواردووە خیانەت بە گەلی کورد نەکەین



**قاسم کەڵەشی** کادری دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لە گیراوانی سیاسیی ساڵەکانی ٦٠ بووە، کە لە گەڵ ٥٩ لاوی مەهاباد کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە ئیعدام کران، لە دەسبەسەرگەی بەندیخانەی شاری ورمێدا هاوبەند بووە. ناوبراو بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ ئەو ٥٩ لاوە، بۆ کوردستان میدیای باس کرد.

قاسم کەڵەشی: ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی لەبەر ئەوەی کە لە گوندی ئێمە، گوندی "کوورە"ی سەربە ناوچەی "ئەنزەل"ی شاری ورمێ، قوتابخانەی ناوەندی نەبوو، لە ورمێ دەرسم دەخوێند، کە یەکێک لە فرماندەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەناوی "عیسمەت عەبدی" داوای لە من کرد هاوکاریی حیزب بکەم، من ئەو پێشنیارەم قەبووڵ کرد و پێوەندیم بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرت و بەفەرمی بووم بە ئەندامی حیزب.

کاک "عیسمەت عەبدی" بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەدا بوو و هەندێ ئەرکی بە من سپارد کە یەکێک لە کاراکان چاپ کردنی هێندێ وێنە و نووسراوەی پێوەندیدار بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەوە بوون.

کاتێک کە من ئەو وێنانەم لە ورمێ چاپ کردن، لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ئەنزەل بووم لە گوندێکی بەناوی "سنجی" دەسبەسەر کرام و پاش پشکنینیم دەرکەوت کە بەڵگەی حیزبی لەلای منە.

من دەسبەسەر و ڕاپێچی دەسبەسەرگەی گرتنگەی ورمێ کرام، لەوێ من لە دەسبەسەرگەدا سەرەڕای ئەو هەموو لێدان و ئەشکەنجە من ددانم بە هیچ شتێک دانەنا و لێیان دەپرسیم ئەو وێنانەم لە کوێ کێشاوە؟ لەوێدا منیان لە نێو شاردا دەگەڕاند هەتا وێنەگرەکە بیناسێنم، هەتا لە کۆتاییدا ئەو وێنەگرە کە وێنەکانی بۆ من چاپ کردبوو پەیدایان کرد و لێیان پرسی کە ئایا من دەناسێت؟ لەبەر ئەوەی کە ئەو وێنەگرە هاوڕێی شەهید "کەرەم کەڵەشی"، یەکێک لە فرماندەکانی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران و کوڕە

**مامی من بوو، گوتی من ئەم کەسە ناناسم. بەهەر حاڵ وێنەگر ئاشکرا نەبوو و منیش هەتا ئێستا ناوی ئەو وێنەگرەم لای کەس باس نەکردووە.**

**لەو ماوەیەدا گرتن لە کوردستان پەرەی سەندبوو، کاسبکار، شوان، کرێکار و خوێندکار بەگشتی بە بیانووی کورد بوون و بەتایبەت بە بیانووی نزیک بوون لە حیزبی دێمۆکرات، دەگیران و دەخرانە بەندیخانە.**



**لە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ی ڕۆژی، ٥٩ کەسیان هێنایە دەسبەسەرگەی ورمێ و گوتیان ئەوانە ٥٩ لاوی مەهابادن و لەسەر پرسی کورد گیراون. لە نێو ئەو ٥٩ لاوەدا تەنیا دوو کەسیان تەمەنیان ٢٧ساڵ و ٣٠ ساڵان بوو، ئەوانی دیکە هەموو تەمەنیان لە نێوان ١٨ هەتا ٢٥ ساڵ بوو و یەکێک لەوانیش خوێندنی سەرتایی هەبوو کە ئەویش دەرسی مەلایەتیی خوێندبوو ئەوانی دیکە بەگشتی خوێندەڤان و ڕووناکبیر بوون.**

**لەبەر ئەوەی کە ماوەی دوو مانگ من لە دەسبەسەرگەدا بووم و هەندێ ناسراو بووم، لەگەڵ ئەو ٥٩ لاوە ئاشنا بووم.**

**کاتێک کە بنەماڵەی من هاتنە سەردانم، گوتیان: "مامەند بێکەس" یەکێک لە فرماندەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی شاری مەهاباد، هاتۆتە ماڵمان و گوتوویەتی، ٥٩ لاو کە هەندێکیان خزم و ئاشنای منن، لە مەهابادا گیراون و ڕاپێچی شاری ورمێ کراون و ئێستاش گیان لە مەترسی دایە.**

**ئەو دەم من زانیم کە ئەو ٥٩ لاوە لەسەر پرسی سیاسی و نەتەوەیی کە بەشێکیان ئەندامی حیزبیی دێمۆکراتی کوردستان ئێران بوون گیراون، ئیتر لەوە بەدوا من بووم بە هاوخەم و هاوخەرجی ئەو ٥٩ لاوە. ئەو کات هێندێ کەسی بە ئەزموونی دەڤەری ورمێ لە دەسبەسەرگەدا هەبوون کە کەسانێکی خۆشناو نەبوون، بە منیان گوت: "تۆ چلۆن لەگەڵ ئەوانە دەبی بە هاوخەرج؟ ئەوانە کەسانێکی باش نین و جێگای مەترسین." بەڵام گوێم نەدایە ئەو قسانە و لەگەڵ ئەو ٥٩ لاوە شۆڕشگێڕە بووم بە هاوڕێ.**

لەگەڵ یەکێک لەو لاوانە بە ناوی "کەماڵ"، جێی خەوتنمان یەکێک بوو و بەسەرهاتی خۆی بۆ من دەگێڕایەوە.

کەماڵ دەیگوت: "ئێمە هەر ٥٩ کەسمان بۆ ئەمەگداری بە کوردایەتی وەکوو ئەندامانی کۆمەڵەی" ژ ـ ک "پێکەوە سوێندمان خواردووە لە خیانەت بە یەکدی و هیچ کوردێک نەکەین. گیرانی ئێمە شانازییەکە کە لە پێناو کوردایەتی بووە و ئەوەش کە من ئازارمان دەدات ئەوە نییە کە بمانکوژن بەڵکوو ئەوەیە کە تەمەنمان هێشتا کەمە و نەمانتوانی وەکوو پێویست خزمەت بەنەتەوەکەمان بکەین."



**قاسم کەڵەشی لە درێژەی گێڕانەوەی بەسەر هاتی خۆیدا گوتی:** "من ماوەی دوو مانگ ٢ و حەوت ڕۆژ لەگەڵ ئەو ٥٩ لاوە هاوبەند بووم و پاش ئەوەی کە بنەماڵەکانمان بۆ سەردان دەهاتنە دەسبەسەرگە، یەکترییان ناسی و زانیم کە ئێمە زیاتر لەگەڵ یەک هاوبیر و هاوهزرین. لەوە بەدواوە بڕوایان بە من زیاتر بوو و زیاتر لەگەڵ من تێکەڵ بوون.

شەو و ڕۆژمان لە دەسبەسەرگەدا تێ دەپەڕاند و بە ڕۆژ کە دەچوونە حەوشەی زیندان و تۆپێکمان هەبوو کایەمان پێ دەکرد، لە کاتی کایە کردندا لەگەڵ یەکێک لەو لاوانە بە ناوی "سەیدمحەممەد" چووینە شوێنێک دانیشتین و گوتی: "کاک قاسم من ئەمشەو خەونێک ناخۆشم دیوە، لە خەونەکەمدا بینیم کە دەیانبردینە دەرەوە و لە یەکتر دووریان دەکردینەوە و من داوای هاریکاریم لە تۆ دەکرد، بەڵام یارمەتیی منت نەدەدا، من زۆر دەترسم کە ئێمە لێک دوور بخەنەوە".

من بە پەرۆش بووم و گوتم، گوێ مەدە، خەون شتێکی خورافییە، خۆت ناڕاحەت مەکە و گەلی کورد لە بیری ئێوە دایە و ئەو ئاخاوتنانە کەمێک دڵی خۆش بێت.

ئەوەندەی پێ نەچوو هەموویان بانک کران و ئەوانیش هەموو کەلوپەلەکانیان دایە دەستی من. کاتێک کە زیندابانەکان و کاربەدەستان دەسبەسەرگە دیتیان کە ئەوان کەلوپەلەکانیان داوەتە دەستی من و بڕوای تەواویان بە من هەیە، گومانیان لە من هەڵگرت و منیش بانگ کرام. لەوێ گوشارێکی یەکجار زۆریان بۆ من هێنا کە من چلۆن ئەوان دەناسم و بۆ چی بڕوایان بە من هەیە، بەڵام من هیچ شتێکی ئەوتۆم نەگوت، من تەنیا گوتم ئەوانە کەسانێکی پاک و هاوتەمەنی منن و بۆیە تێکەڵیان بووم.



سەرچاوە Serchawe

ئەو مرۆڤانە نەترس و بوێر بوون، لە ئاخاوتنەکانیاندا هیچ کات لەهەمبەر مەئموورانی ڕێژیم ترس لە دڵیاندا نەبوو و قسەی خۆیانیان دەکرد. ڕۆژێکیان من لە سەفی خواردندا بووین و یەکێک لە بەرپرسان بە یەکێک لەو لاوانە بەناوی "سالح"ی گوت: "تۆ قسەی زیادی دەکەی و قسەکانی تۆ واتادارن"، سالح لە وەڵامدا گوتی: "کاتێک کە من لەو بڕوایەدا بم کە نابێت بە دڵی خۆمان قسە بکەین و سەری خۆمان دانەوێنین من لە مەهاباد بێ دەنگ دەبووم و نەدەهاتمە ئێرە، لەوە دڵنیا بە کە ئێمە سوێندمان خواردووە لە هەر شوێنێک و هەموو کاتێک بەرگری لە نەتەوەی خۆمان دەکەین. هەروەها لەوەش دڵنیا بن ئەم ٥٩ لاوە، شتێک ناڵێن کە دڵی ئێوە پێی خۆش بێت. ئێمە هەر ئەو ٥٩ لاوە دەبین و بە دانپێدانانی ئێمە هیچ کەسێکی دیکە ناکەوێتە دەستی ئێوە، مردن بۆ ئێمە گرینگ نییە، بەڵکوو ئەوە گرینگە کە ئێمە لەهەمبەر گەلی خۆمان ئەمەگناس و ڕاستبێژ بین. بەڵام ئێمە کاری خراپمان نەکردووە، ئێمە کەسێکمان نەکوشتووە، تەنیا لە مەهاباد ڕێپێوانێک هەبووە و ئێمەش بەشداریمان کردووە، و ئێمەتان بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبەکاندا دەسبەسەر کردووە، کە وایە گشت گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ئەندامی حیزبەکانن، دەکرێ تێکڕای گەلی کورد بخرێتە زیندان؟"

پاش ئەو ئاخاوتنە "سالح"یان برد و ئەشکەنجەیەکی زۆریان کرد هەڵسوکەوتێکی گەلێک خراپیان لەگەڵ کرد و پاشان گەڕاندیانەوە لای ئێمە. منیش بە سالحم گوت کە وا نابێت، هەر ڕۆژێک یەکێک لە ئێوە دەبەن و ئەشکەنجە دەکەن و ئەندامانی لەشتان لەکار دەخن. هەندێک خۆتان لە قسە کردن بپارێزن، ئەو گوتی: "ئەرکی ئێمە پارێزگاری لە گەل و نەتەوەکەمانە".

بە ڕاستی پاش ٢٩ ساڵ من کە بیر لە تێگەیشتن و تێهزرینی ئەو ٥٩ لاوە دەکەمەوە، مرۆڤەکانی ئێستا شتێکی زیاتر لە ئەو کاتی ئەوان ناکەن. ئەوان زانابوون و شۆڕشگێڕ بوونی ئەو ٥٩ لاوە تایبەتی بوو. کاتێک کە گیانی مرۆڤەکان دەکەوێتە مەترسی، بە شێوەیەک هەوڵ دەدا نەرمییەک لە خۆی نیشان بدات بۆ پاراستنی گیانی خۆی. بەڵام ئەوان لە لێپرسینەوەکان لەهەمبەر رایەدارانی ڕێژیمدا هەنگاوێکیش نەدەکشانەوە. ئێستاش کە من لە خەباتدا ماوم و قۆناغی جۆراوجۆر و دژواری خەباتم لە ماوەی ئەو ٣٠ساڵەدا چێشتووە، بە هۆی ئەو ئیمان و خۆڕاگرییەیە کە من لەوان فێر بووم.



ڕۆژێکیان کە دوایین جار نزیکەی ٩٠ کەس لە دەسبەسەرگەدا بووین، چەند مەئموور هاتن و گوتیان ئەو ٥٩ لاوە بۆ کاتژمێر ٦ی سەرلەبەیانی ئامادە بن.

ئیتر زانیمان چ شتێک چاوەڕوانیان دەکا، ئێمە هەتا بەیانی پێکەوە دانیشتین و قسەمان دەکرد. ئەوانیش لە کاتژمێر یەکی نیوەشەودا دەستیان بە ماڵئاوایی لە هاوڕێکانیان کرد و دەیانگوت ئێمە ئیتر ناگەڕێینەوە!!. لەو ٥٩ کەسە تەنیا کەسێک فرمێسکی هاتە خوارێ و ئەوانی دیکە بە ورەیەکی بەرزەوە ڕاوەستابوون و ڕەنگی ڕێگای چوون بەرەو مردنیان پێوە دیار نەبوو. هەتا سەرلە بەیانی دوا ماڵئاواییان کرد، ئەو کاتیش دوو برا هەبوون کە دەگریان و یەکیان گوتی: ئێمە بۆ ئەوە ناگرین کە ڕەنگە بمانکوژن، بەڵکوو بۆ ئەوە دەگرین کە ئیتر ئێوە نەبینینەوە، لەلایەکی دیکەشەوە نیگەرانیمان ئەوەیە ئیتر کاتی ئەوەمان لەبەر دەستدا نەماوە کە خزمەتی زیاتر بە گەلەکەمان بکەین. ٥٧ کەسی دیکەش بە بزەی پێکەنین و بە شانازییەوە بەرەو ڕێگای مەرگ بەڕێ کەوتن.

ئەوانیان برد و پاش ماوەیەک بنەماڵەم سەردانیان کردم و پێیان گوتم کە ئەو ٥٩ لاوەی ماهابادیان پێکەوە ئیعدام کردووە.

ئەو خەم و پەژارەی کە چۆن ٥٩ لاوی وڵاتەکەم کە هەر یەکێکیان دەیتوانی لە خەباتی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەبێ، یان هەر یەک لەوان بەو ناسینەی کە من لەسەریان هەمبوو دەیتوانی ڕێبەرێک بێت، لە هەمووی دڵتەزێنتر هەر ٥٩ یان هاوڕێم بوون، بردیانن و کۆتاییان بە ژیانیان هێنا و ژیانیان لە من کردە دۆزەخ. لە ماوەی یەک ساڵ کە لە دوای ئەوان لە زینداندا مامەوە بیرەوەرییەکانی کاتی پێکەوە بوون بۆ من وەها ژانێکی دڵتەزێن بوو کە هیچ زمانێک ناتوانێت وەسفی بکات.



دوای ماوەیەکی دیکە کە بنەماڵەم هاتنە سەردانی من، پێیان ڕاگەیاندم کە هێزی بێستوونی حیزبی دێمۆکرات لە تۆڵەی ئەو ٥٩ لاوەدا، ٥٩ عەمەڵیاتیان ئەنجام داوە، من بە بیستنی ئەو هەواڵە هەستم کرد کە ئەو لاوانە زیندوو بوونەتەوە و ئێستا لە لام دانیشتوون.

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کەسی دیکەیان دەسبەسەر کرد و دەیان هێنان بۆ دەسبەسەرگە کە یەکێک لەوان خەڵکی مەهاباد بوو و منیش لەگەڵیدا بووم بە هاوڕێ، ئەو کەسە دەیگوت: ئەگەر شتێک لەوان بە جێ ماوە بیدە بە من با وەکوو یادگاریی بۆ هەتاهەتا لای من بمێنێتەوە، لە وەڵامدا گوتم، ئەوان تەنیا ماڵئاواییان لە ئێمە کرد و شتێکیان پی نەبوو بە یادگاری بۆ ئێمەی بە جێ بێڵن.

لە کۆتاییدا من وەکوو "قاسم کەڵەشی" یەکێک لە هاوڕێیانی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد، هەر ڕۆژێک خەباتی خۆم لەگەڵ ئەوان دابەش دەکەم و ئەوان لە نێو دڵی مندا زیندوون و بە بڕوای من ئەو هەست و خۆڕاگرییە کە هەیانبوو، ئەوان هەتاهەتایە زیندوو رادەگرێت و لە خەباتی نەتەوەییدا بەشدان.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دوژمنە و ئاشکرایە کە هەر کاتێک دەرفەتی هەبێ دەمانکوژێ بەڵام ئەوەی کە لەسەر دڵی من گران دێ ئەوەیە کە ئەو بە نێو ئیسلام کوردە موسڵمانەکان دەکوژێت.

من هیوادارم کە لاوانی وڵاتی ئێمە و نەوەکانی داهاتووش هیچ کات خوێنی ئەو ٥٩ لاوە لە بیر نەکەن و بۆ ئامانجەکانیان کە رزگاریی کوردستان و جێگیر بوونی سیستمێکی دێمۆکراتیک و ئازاد و هەروەها سەربەستیی گەلی کوردە، درێغی نەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٢

## یادی کۆمەڵکوژی لاوانی مەهاباد

ساڵڕۆژی تیربارانکردنی ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە بە کۆمەڵ تیرباران کران. ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، ٥٩ کورد کە زۆربەیان لەتەمەنی لاوێتیدابوون، بەفەرمانی حەمیدڕەزا جەلایی پوور، فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد، دەستگیر کران و بۆ زیندانی ئورمییە گوازرابونەوە. ئەو کەسانە کە زۆربەیان تەمەنیان لەژێر ٣٠ ساڵییەوە بوو، لە دادگایەکی شاراوەدا حوکمی تیربارانکردنیان بەسەردا سەپا و لە تەورێز تیرباران کران.

لە ساڵڕۆژی تیربارانکردنی ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە بە کۆمەڵ تیرباران کران.خەم وپەژارە لەدڵی هەموکوردێکی دلسۆزا دوبارە دەردەکەوێ ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، ٥٩ کورد کە زۆربەیان لەتەمەنی لاوێتیدابوون،

بەفەرمانی حەمیدڕەزا جەلایی پوور، فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد، دەستگیر کران و بۆ زیندانی ئورمییە گوازرابونەوە.

ئەو کەسانە کە زۆربەیان تەمەنیان لەژێر ٣٠ ساڵییەوە بوو، لە دادگایەکی شاراوەدا حوکمی تیربارانکردنیان بەسەردا سەپا و لە تەورێز تیرباران کران.

هەندێ لەو لاوانەی کە تیرباران کران تەمەنیان لە ژێرەوەی ١٨ ساڵی بوو. لەوانە عەتا مووەفەقی، نەجاتی ماملێ و کوڕێکی بنەماڵەی نەبی چالاکی.

جێی ئاماژەیە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ هەتا ١٣٦٣ بە سەدان کورد لە شارەکانی سنە، سەقز، کرماشان، مەهاباد و ورمێ لەلایەن ڕژیمی ئێرانەوە بەکۆمەڵ کۆلەباران کران.

تا ئێستاش، سیاسەتی لە سێدارەدانی کوردان لەلان ڕژیمی ئێرانەوە پەیرەو دەکرێت و لە چەند ساڵی ڕابردوودا

گیراوانی سیاسی کورد حەسەن حیکمەت دەمیر، فەسیح یاسەمەنی، ئێحسان فەتاحیان، حوسەین خزری، فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەمهولی، فەرهاد وەکیلی و عەلی حەیدەریان، لەلایەن ڕژێتمی ئێرانەوە لەسێدارە دران.

هەروەها زیاتر لە ٢٠ گیراوی تری سیاسی کورد ئێستا سزای لەسێدارەدانیان لەسەرە و مەترسی جێبەجێکردنی ئەو سزایانە لە ئارادایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆسایدەوە (چاک)

ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# دادگای نامرۆڤانەی کۆماری اسلامی ایران



**سۆران کرباسیان**

"جمهوری اسلامی ایران" حکومەتێکە کە بنەماکانی هەر لە سەرەتاوە لە سەر ناعەدالەتی، جەنایەت، تیرۆریزم و دیکتاتۆری دامەزرا. هەر چەند کە دادگای نێونەتەوەیی میکۆنووس ئەم حکومەتەی بە سیستەمێکی جەنایەتکار لە بەرواری ١٠ی ٤ی ١٩٩٧ی زایینی پێناسە کرد، (١) بەڵام نیشانەکانی جەنایەت و کردەوەی تیرۆریستی هەر لە مانگە سەرەتاییەکانی ئەم حکومەتەدا دەر کەوت کە لەو زەمەندا لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزانی بە ڕواڵەت ژیارەوە بێدەنگی لێ کرا. شۆڕشێک بۆ ڕووخانی هەتاهەتایی سیستەمێکی راسیستی ڕووی دابوو و زۆرینەی ئێتنیک گرووپە جیاوازەکانی نێو "ایران"، خۆیان بۆ بەدیهاتنی مافەکانیان ئامادە کردبوو.

مافی ئێتنیکی لە لایەن حیزب و ئێلیتی کۆمەڵگاوە لە چوارچێوەی ئەو کۆنوانسیۆنانەدا گەڵاڵە کرابوو کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە فەرمی ناساندوون، بەڵام دەسەڵاتی حاکم لە "طهران" لە ڕوانگەی دەقە ئایینییەکان و پەرتووکی پیرۆزی "قرآن"ەوە دەیڕوانییە جەماوەری وڵات ودانی بە فەرق و جیاوازییەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی زمان، ئایین، هەستی هاوبەش، پێشینەی هاوبەش و... هتد نەهێنا.

سەرەڕای ئەوەکە دەسەڵاتی "طهران"، ئێلیتی پارس، "پان ایرانیست"ەکان و قەڵەمبەدەستانی سەر بە حکومەت هەوڵیان داوە تا لە ڕێگەی مێدیای جۆراوجۆرەوە ڕاستییەکانی ئەو سەروبەندە بشێوێنن، بەڵام حیزب و ڕێکخراو، ئێلیت و مامۆستایانی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر مافی ئێتنیکی کورد لە "ایران"دا سوور بوون و داواکارییەکانی ئێتنیکی خۆیان لە ژێر ناوی خودموختاری بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڵاڵە کرد.

سەرچاوەکانی خودی حکومەتی "اسلامی ایران" ئەوە دەسەلمێنن کە کۆی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەو ڕۆژە شەڕ بە سەر کوردستاندا داسەپا، یازدە (١١) جاران بە دوای یەکدا و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە بەرنامەی خودموختاری بۆ کوردستان و دێمۆکراسی بۆ "ایران"یان بە شێوەیەکی ژیارانە پێشکەش کردبوو. مەلاکان و باقی هێزەکانی تەنیشت خۆیان لەو سەردەمدا ئامادە نەبوون کە دان بە مافە ئێتنیکییەکانی کورد دابنێن و پاش سەرکەوتن لە هاڵۆزکردنی ڕەوشی هێمنی کوردستان، شەڕێکی نابەرابەر و جەنایەتکارانەیان بە سەر نەتەوەی کورددا سەپاند.


پیشروی ارتش بسوی مهاباد آغاز شد
سرپرست فرمانداری مهاباد: مرکز تجمع دموکراتها در مهاباد بمباران شد
● مواضع مستحکم و پیوسته مهاجمان در ۳۰ کیلومتری مهاباد شکسته شد.
● توپخانه سنگین، نیروی هوائی و هوانیروز در عملیات پیشروی بسوی مهاباد شرکت دارند.
اطلاعیه وزارت بهداری درمورد امکان شیوع وبای التور
نظرات آیت‌الله العظمی شریعتمداری درباره:
کردستان، اعدامها و مسائل دولت
● مادامیکه صلح امکان‌دارد نباید به جنگ متوسل شویم.
● اعدام شرعا قوانینی دارد که باید رعایت شود.
۱۶ اصل تازه قانون اساسی
هشدار
Arşîwî Soran Karbasian

لە دەستپێکی شەڕەوە ئەم سیستەمە جەنایەتکارە، هێرشی خۆی بە پێشێلکردنی کۆمەڵێک پرەنسیپی مرۆڤی و قانوونی نێونەتەوەیی دەستپێکرد. پێداچوونەوەی دۆکیومێنتاری هەرکام لەم مژارانە باسی سەربەخۆی گەرەکە، هەر بۆیە لە ناو گشت پرسە جۆراوجۆرەکانی ئەو زەمەندا، پرسی منداڵ و لاو باسی ئەم بابەتەیە.

سترێس و هاڵۆزییەکانی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستاندا کاریگەری نێگاتیڤی بۆ سەر منداڵان لێ کەوتەوە، کاریگەرییەک کە بە شێوەیەکی درێژخایەن لە سەر منداڵ ماوەتەوە. حکومەتی "اسلامی ایران" لە هێرشەکانی خۆیدا هێرشی دەبردە سەر ئەو شوێنانەی کە بە تایبەتی بۆ منداڵ دابین کرابوون. فێرگەکان و قوتابخانەکانی کوردستان، نەخۆشخانەکان و شوێنی کایە و گەمەی لاوان بوون بە گۆڕەپانی ڕمبازێنی پاسداران و بەسیجییەکانی حکومەت و بەم کردەوەی خۆیان هەر لە دەستپێکی شەڕی داسەپاویاندا، قانوونە نێونەتەوەییەکانی شەڕی ناوخۆ و نێونەتەوەییان پێشێل کرد.

جیا لەوە کە منداڵانی کورد کران بە قوربانی سیاسەتی نامرۆڤانەی حکومەت، زۆر لاوی ژێر ١٨ساڵی غەیری کوردیش لە لایەن حکومەتەوە بەرەو کوردستان ناردران تا بە ناوی خزمەت دەستیان بە خوێنی کورد سوور بێ. حکومەتی "ایران" جیا لەوە کە مافی منداڵی کوردی پێشێل کرد، مافی منداڵی غەیری کوردیشی لە بایەخ خست و بە لە ژێرپێخستنی قانوونە نێونەتەوەییەکان، منداڵی ژێر ١٨ ساڵی غەیری کوردیان پڕ چەک کردن تا کوردستان سەرکوت بکرێ.(٢)

جیا لەمانە ئێعدامی گەنجان و لاوان لە دەستپێکی ئەم حکومەتەوە لە کارنامەیدا تۆمار کراوە. هەر چەند کە "جمهوری اسلامی ایران" پاش وڵاتی چین لە پلەی دووهەمی ئەو وڵاتانەی جیهان دایە کە زۆرترین ئێعدامی تێدا دەکرێ، بەڵام گەر بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی وڵات، ژمارەی ئێعدامەکان لە بەر چاو بگیرێت، وڵاتی "ایران" یەکەم وڵاتە کە زۆرینەی ئێعدامەکان ئەنجام دەدا. ئێعدامی منداڵیش یەک لە پرسەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەگەڵ ئەم سیستەمە جەنایەتکارەیە کە لە ماوەی ٣٣ ساڵی پێشوودا بەردەوام ڕووی داوە.(٣) هیچ ڕێژەیەک لە دەستدا نییە کە چەند منداڵ لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینییەوە بە دەستی "جمهوری اسلامی ایران" ئێعدام کراوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە زۆرینەی قوربانییەکان و زیندانییەکانی ئەوکات لە لاوی ژێر ١٨ ساڵ پێک هاتبوو و بە پێی ڕێژەی نزیکەی ٤٠٠٠٠ ئێعدامی لە ناوبەری ساڵەکانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٤ی زایینی لە ئێراندا، ژمارەی لاوانی ئێعدامکراو بە دەستی حکومەتی "طهران" بە ناوبەری یازدە تا دوازدە هەزار لاو خەمڵێندراوە.(٤)

حوکمی ئێعدام لە قانوونە نێونەتەوەییەکاندا تەنیا بۆ کەیسی تایبەت و هەستیار بە فەرمی ناسراوە کە ئەویش بە پێی تێبینی و وردبوونەوەیێکی زۆر و هەڵسەنگاندنی تەواو لایەنەکانی تاوان بە سەر تاوانبار دەدرێ، بەڵام لە "جمهوری ایران" دا جیا لەوە کە زۆر بڕیاری ئێعدام لە هەل و مەرجێکی ناستانداردا دەدرێ، جیا لەوە کە مرۆڤی کورد مافی ئەوەی نییە بە زمانی زگماکی بەرگری لە خۆی بکا، جیا لەوە کە لە ساڵانی سەرەتایی حکومەتدا بوونی پارێزەر بۆ تاوانبار شتێکی نامۆ بوو، قانوونەکانی "جزای اسلامی ایران" زۆر داوێنێکی بەرینیان هەیە و لە زۆر حاڵەتدا دادوەر شەرعییەت و بواری ئەوەی هەیە کەحوکمی ئێعدام بە سەر لاوێکدا بسەپێنێ.

ئێستا لە ساڵی ٢٠١٢ی زایینیدا تەنیا پێنج وڵات لە جیهاندا هەن کە منداڵ ئێعدام دەکەن کە شانازی پلەی یەکەمی نێو ئەم پێنج وڵاتەش هەر بۆ وڵاتی "ایران" دەگەڕێتەوە. بە پێی مادەی ٢١٠ی قانوونی "مجازات اسلامی ایران" هەرکات لاوێک سێ جار ئەڵکۆل بخواتەوە حوکمی ئێعدامی لە سەر ڕەوایە. گەر لاوێک بێڕێزی بە پێغەمبەری "اسلام" بکا بە هەمان شێوە حوکمی ئێعدامی لە سەر دەدرێ. ئەم حکومەتە لە دەستپێکەوە چەشنە دادگاییێکی بە ناوی دادگای شۆڕش پێک هێنا و بە بێ ئەوە کە کەش و هەوایەکی مرۆڤانە و ستاندارد بە سەر دادگادا زاڵ بێ، لە ماوەی چەند خولەکێکدا لاوی کورد بە "مفسدالفی الارض" پێناسە دەکرا و بە بێ ئەوە کە بوونی بەڵگەیەک بۆ تاوانی پێناسەکراو پێویست زانرابا، حوکمی ئێعدامیان بۆ سەر لاوی بەندکراو دەبڕیوە.

ئەمەش گرنگە باس بکرێ کە بە پێی دەقی قانوونی وڵاتی "ایران" دەکرێ حوکمی ئێعدام بۆ کوڕ لە تەمەنی ١٤،٥ ساڵییەوە و بۆ کچ لە تەمەنی ٨ ساڵ و ٨ مانگییەوە ببڕێتەوە، چوون لە ڕوانگەی حکومەتی اسلامییەوە لەو تەمەنە ڕا بە "بلوغ" دێنە ئەژماردن. هەر چەند کە بە پێی قانوون دادگای لاوانی هەندێک وڵات دەبێ حوکمی ئێعدامی لاوان تا ١٠ ساڵان وەدوا بخرێتەوە،(٥) بەڵام ڕێژەکانی بڵاوکراوە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بەرگری لە ئێعدامی منداڵان و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد هەموو ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە حکومەتی "اسلامی ایران" ئەو قانوونەش لەبەر چاو ناگرێ و لە ماوەیەکی کورتدا حوکمی ئێعدام بەڕێوە دەبا.(٦)

"جمهوری اسلامی ایران" سیستەمێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایەشی گشت نەتەوەکانی ژێر دەستی و بە تایبەتی بۆ سەر نەتەوەی کوردە. دادگاکانی شۆڕشی "خلخالی" ئێستاش خورپە لە دڵی هەر تاکێکی کورد دەهێنێ کە گچکە زانیارییەکی لە سەر ئەم دادوەرە دڕەندەیە هەبێ. "صادق خلخالی" لە پەرتووکی بیرەوەرییەکانی خۆی و زۆر دیمانەی جۆراوجۆردا بە شانازییەوە باسی لە ئەو حوکمە ئێعدامانە کردووە کە لە ماوەیەکی چەند خولەکیدا بڕیاری لە سەر دابوون.

ئەمڕۆ ساڵڕۆژی توناکردن و کوشتاری ٥٩ لاوی کورد بە دەستی "جمهوری اسلامی ایران"ە. ٢٩ ساڵ بە سەر ئەم کارەساتە تێدەپەڕێ، بە بێ ئەوە کە بنەماڵەی ئەو گیانبەختە لاوانە بزانن تەرمەکەیان لە کوێ بە خاک سپێردراوە. ٥٩ بنەماڵە و سەدان بنەماڵەی دیکەی کورد کە هیچکات نەیانتوانی بزانن پرۆسەی دادگاییکردنی منداڵەکەیان چەندی کات خایاند. بە بێ ئەوە کە بزانن گەلۆ منداڵەکەیان توانایی بەرگری لە خۆی بە زمانی پارسی هەبوو یا نا. ٢٩ ساڵ بە سەر کوشتنی ٥٩ لاو تێپەڕ بووە بەڵام ئێستاش کەس نازانێ کە ئەو لاوانە پارێزەریان هەبوو یان نا. گەلۆ هیچ بەڵگەیەک لە سەر تۆمەتی پاڵخراویان بوونی هەبوو؟! کام دادگا بەرپرسی ئەو حوکمانە بووە و لە کام شاری "ایران" حوکمەکان بەڕێوە چوون؟! (٧) چما تا ئێستاش بوار نییە پێداچوونەوەی ئەو دادگایانە بکرێتەوە و بۆ دەبی هیچ ئارشیوێکی ئاوەڵە لەم پێوەندییەوە نەبێ؟! بۆ دەبێ گەر ڕۆژنامەوان یان چالاکوانێکی مافی مرۆڤ خوازیاری وەدواکەوتنی ئەم کەیسانە بێ، بەوە تاوانبار بکرێن کە هەڕەشەیان خستۆتە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی؟! (٨) چما لە پەرتووکی بیرەوەری چالاکوانانی سیاسی کورددا بایەخێکی زۆر کەم بەم کارەساتانە دراوە و تەنیا هەوڵی سازکردنی وێنەی قارەمانێکیان لە خۆیان داوە؟ کێ بەرپرسە لە کوشتاری ئەم لاوانە و ئەرکی مرۆڤایەتی تاک لە کۆمەڵگادا بەرانبەر ئەو جەنایەتانە چییە؟ ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە نێونەتەوەییەکان چەندە دەتوانن لەم پێوەندییەوە یارمەتیدەر بن و دارشتنی لێپرسینەوەیەکی حقوقی چلۆن مسەوگەر دەبێ؟!


**بڕوانە وێنەی ژێرەوە.**



ئەمە وێنەی لاوێکی بێتاوانی مەهابادی بە ناوی کامران چالاکی یە کە هەرچی زیاتر لێی ورد دەبمەوە تەنیا پاکی، صداقت، جوانی و بێتاوانی لێ وەردەگرم. کام ویژدانی بەشەری، کام سیستەمی مرۆڤی و کام دادگای دێمۆکراتیک قبووڵی ئەوە دەکا ئەم گەنجە لە چەند خولەکێکدا بە بێ ئەوە کە تاوانێکی لە سەر ساغ بووبێتەوە، هەروا حوکمی ئێعدامی بۆ ببڕدرێتەوە و بەڕێوە بچێ؟ گەلۆ کامران چالاکی و باقی کامرانەکان بۆیان هەبوو بەرگری لە خۆیان بکەن؟ تاوانێک کە لە لایەن حکومەتەوە لە سەریان تۆمار کرابوو چ بوو؟

بە دەیان پرسیار لە سەر ئەم کوشتارانە هەیە کە هێشتا بوار نییە بە وڵامەکانیان بگەین. ئەو ٥٩ لاو و ئەو سەدان لاوی دیکەی کورد کە بە بڕیاری دادگای شۆڕشی "جمهوری اسلامی ایران" ئێعدام کران، نە دەیانزانی سیاسەت چییە، نە دەیانزانی مافی ئێتنیکی چییە و نە دەیانزانی سوسیالیزم و باقی ئیسمەکانی حیزبەکان بە چ واتەیەکن. ئەوان تەنیا تاوانێکی کە هەیانبوو ئەوە بوو کە لە زێدی هەمیشە کوردستانی خۆیاندا لە دایک ببوون و شانازیان بە کوردبوونی خۆیان دەکرد. هەر وەک ئەو کچە کوردەی شاری پاوە کە تەنیا ١٦ ساڵی تەمەن بوو کاتێک کە کەوتە بەر دەستی جەنایەتکارانی "جمهوری اسلامی ایران". بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی "پیکار" ئەو کچە تا کاتێک کە ڕایانکێشا بۆ شوێنی کوشتن، بەردەوام سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"ی دەوتەوە و کاتێک کە ویستیان وە بەر گوللەی بدەن، هاواری کرد: "یان کوردستان، یان نەمان".(٩)

**بڕوانە ئەم وێنەیەی ژێرەوە:**



ئەمە وێنەی گیانبەختی جوانەمەرگ "انشاالله نادری"یە، یەک لە ٥٩ لاوەکەی شاری مەهاباد کە بە دەستی سیستەمی جەنایەتکاری "جمهوری اسلامی ایران" ئێعدام کرا. لە سەر پرسی کوشتار و ئێعدامی سیستەماتیکی لاوانی کورد لە لایەن "جمهوری اسلامی ایران"ەوە تا ئێستاش لێکۆڵینەوەیەکی شیاو نەکراوە. جیا لە وڵاتانی "ایران"، "عراق"، ترکیا و "سوریە، کام دادگای مرۆڤی دەتوانێ تەنیا ڕێگەی ئەوە بە خۆی بدا ئەم کوڕە ژیکەڵەیە بباتە بەر دەم دادگا؟ پێکهاتە و بنەماکانی "ئەم چوار حکومەتە بە هەموو

جیاوازییەکانیانەوە لە سەر یەک خاڵی سەرەکی، یەکدەگریتەوە. ئەم خاڵەش کوشتار و سەرکوتی کورد، توناکردنی داب و نەریت و زمانی کورد، کوشتاری فیزیکی و پراکتیزەکردنی هەموو هاوپۆلە جۆراوجۆرەکانی ژێنۆسایدە. بواری خەسارناسی ئەم کۆمەڵگایەش کە بۆتە لابراتواری قەسسابانی چوار حکومەتی بەربەری داگیرکەری کوردستان، تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردیدا دەرەخسێ.

١٢ی جۆزەردانی ١٣٩١ی کۆچی هەتاوی

Published November 6, 2012 | By admin

## Serçawekan

[1] Iran Human Rights Documentation Center ،Murder at Mykonos: Anatomy of a Political Assassination, March 2007, web
www.iranhrdc.org
[2] Optional Protocol to the Convention on the Rights of the Child on the involvement of children in armed conflicts , Article 1 & 2
[3] Brrwane rêjekanî SCE
http://www.stopchildexecutions.com
[4] The Foreign Policy Centre, From Cradle to Coffin: A Report on Child Executions in Iran, 2009 London, ISBN-10 1-905833-16-4, Page 18
[٥] بۆ وێنە بڕوانە مصر و ئەندۆنێزی
[٦] The Foreign Policy Centre, From Cradle to Coffin: A Report on Child Executions in Iran, 2009 London, ISBN-10 1-905833-16-4, Page 26

٧- حمیدرضا جلائی پورلەو سەردەمدا فەرمانداری شاری مەهاباد بوو. ناوبراو لە وڵامی پرسیاری خوێندکارێکی کورد لە "طهران" گوتبووی کە ئەم ٥٩ کەسە لە شاری تەورێز دادگایی کرابوون بەڵام ڕاستبوونی ئەم قسەیە ڕوون نییە.

٨- بۆ وێنە بڕواننە بەسەرهاتی دڵتەزێنی مادح احمدی، لاوێکی ڕۆژنامەوانی کورد کە گەرەکی بوو وڵامی هەندێک پرسیار و چەند بەڵگەیەک لە مەڕ ژێنۆسایدی گوندی قارنێ بە دەست بهێنێ. نموونەی دیکەی ڕۆژنامەوان و چالاکڤانی مافی مرۆڤ زۆرن کە لەم ساڵانەی دواییدا ایرانیان بەجێ هێشتووە و لە هەندەران و بە تایبەتی لە باشووری کوردستان دەژین. کەیسی محمد صدیق کبودوند کە ناوبانگێکی نێونەتەوەیی هەیە و ناوبراو تا ئێستاش لە ژێر دەستی "جمهوری اسلامی ایران" لە زینداندا دەژی.

٩- ڕۆژنامەی "پیکار، ڕێکەوتی ١٠ی ٩ی ١٩٧٩، "سازمان پیکار در راه آزادی طبقه کارگر"

**تێبینی**: ئەم بابەتە پێشتر لە ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٩١ی کۆچی هەتاوی لە ماڵپەڕی ناوەندی نۆچە و شرۆڤەی ڕۆژ و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک بڵاو ببۆوە



سەرچاوە
Serchawe

# له یادی ئێعدامکردنی ٥٩ لاوی شاری مهاباد



**سمایل شەرەفی**

٢٧ ساڵ لەمەوپێش (ڕوژی ١٢ی جوزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی) ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران، ٥٩ لاوی کوردی له شاری مهاباد له سێدارەدا.

هەرچەند هەر له یەکەم ڕۆژەکانی هاتنه سەرکاری ڕێژیمەوە تا ڕێکەوتی ئێعدام کردنی ئەو پۆلە لە لاوانی کورد، بە هەزاران کەس لە خەڵکانی ئازادیخوازی کوردو ئێرانی لە بەرەکانی بەرەنگاری و لە چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیم دا گیانیان لێ ئەستێندرا، بەڵام ئێعدامکردنی ئەم ٥٩ لاوە کوردەی شاری مهاباد، ئەوپەڕی جینایەتکاربوون و دژی گەلی بوونی ئەم ڕێژیمەی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد.

ئەم ٥٩ لاوە کە زۆربەیان لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، بێ ئەوەی لە هیچ دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی بکرێن و بێ ئەوەی تاوانێکیان لە سەر سابت بێت، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ئێعدام کران.بێگومان ئامانجی کاربەدەستانی ڕێژیم لەوەها بڕیارێک و جێبەجێکردنی وەک تا ئێستاش ئامانجیەتی، چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لاوانی بەهەڵوێستی کورد بوو کە چیدیکە هاوکاری ئەو بزوتنەوە ڕەوایە نەکەن کە ئەوکات بەدەیان هەزار ڕۆڵەی ئەم نیشتمانە چەکی بەرەنگاری و مافخوازیی بۆ دەست دابوویە.

لە کاتێک دا یادی ئێعدام کردنی ٥٩ لاوی کورد لە شاری مهاباد دەکەینەوە کە هەر چەند ڕۆژ لەمەوپێش و دوای ٢٧ ساڵ،

پۆلێکی دیکە لە لاوانی ئەم نەتەوە، ٤ کەس لە لاوانی وەچەیەکی تری ئەم نیشتمانە بە بڕیاری دەزگا بەناو دادوەرییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێدارە دران و لە لایەکی دیکەوە هەر ئێستا نزیک بە ٢٠ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە بەندیخانەکانی ئەم ڕێژیمەدا حوکمی مەرگیان بە سەردا سەپاوەو بەدەیان چالاک و تێکۆشەری سیاسی و مەدەنیی دیکەی کوردیش لە زیندانەکانی وڵات دا بە تۆمەتی نارەوای جۆراوجۆر حوکمی قورسیان بۆ بڕاوەتەوە.

لەلای یەکدانانی هەمووی ئەمانەو گشت ئەو نەهامەتیانەی لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵە دا بە سەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەت تێکۆشەرانی دا هاتوون، هاوکات لە گەڵ ئەوەی کە دڕندەیی و دژە کوردبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەردەخات،

پێناسەیەکی قوڵیش لە فەلسەفەی "ژیان" و "خەبات" لە لای نەتەوەی کورد دەدات بە دەستەوە کە بێگومان سروشتێکی بە ژیانی تاک بە تاکی ئەم نەتەوە داوە کە بۆ مانەوەی ئامادە بووە قورسترین نرخەکانیش بدات. دوژمن بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە لە خەباتێکی هەمەلایەنەی دەیەی ٦٠ی هەتاوی دابڕێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لاوانی بەتوانا و بەئاگای نەتەوە بێ بەری بکات، بۆ چاوترسێنکردنیان لە کردەوەیەکی نامرۆڤانەدا و لە ماوەی ڕۆژێک دا ٥٩ لاوی چالاک و هەڵسوڕی شاری مهاباد بە پۆل لە سێدارە دەدات.

بەڵام هەر وەک لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا سەلمێندراوە، ئەم پیلان و خەونەی دوژمن سەری نەگرت و ئەوە پۆل پۆل لاوانی بەهەڵوێستی کوردستان بوون و هەن کە بە دانی قورسترین هەزینەکانی ژیان بە پەیوەست بوونیان بە ریزەکانی شۆڕشی ڕەوای نەتەوەکەیان ئیرادەی مانەوەی خاک و نەتەوەکەیان بەرز ڕاگرتووە.ئێستا کە نەسڵی نوێی کوردستان بە هۆی بەرزیی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و کەڵک وەرگرتن لە ئامرازەکانی دنیای سەردەم و بە وردبوونەوەیان لە جۆرەکا نی دیکەی بەرەنگاری و ڕەچاوکردنیان وەک مێتۆدەکانی دیکەی خەبات، بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و مەدەنی کار بۆ بەرزڕاگرتنی ئیرادەی نەتەوەیی و نیشتمانییان دەکەن، هەمدیسان بوونیان لە لایەن دەسەڵاتی دژە مرۆڤ و دژە کوردەوە قبوڵ ناکرێ و هەوڵی سڕنەوەیان دەدرێ.

شەهیدکردنی چوار کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی لە ١٩ی بانەمەڕی ئەمساڵ و سەپاندنی حوکمی ئێعدام بە سەر ١٧ کوردی دیکەدا کە زۆربەیان چالاکی مەدەنین نمونەیەکی بەرچاون. ئەگەر ساڵی ٦٢ دوژمن دەیەویست لە ڕێگای ئێعدام کردنی ٥٩ لاوی مهابادی و کوشتن و زیندانی کردنی بەهەزان لاوی دیکەی ناوچەکانی کوردستان - بە خەونی خۆی - پێش بەپەیوەست بوونی لاوانی کوردستان بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەو شۆڕش بیگرێت و چاوترسێنیان بکات، ئێستا بە هەمان شێوە دەیەوێ پێش بە مەدەنی بوون و بەرێکخراوبوونی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگای لاوانی ئێستاوە بگرێ.

لە ماوەی بەتایبەت ١٠ ساڵی ڕابردوو دا لاوانی زاناو خوێندەواری وڵات لە ڕێگای پێکهێنانی ریکخراو، ئەنجومەن و (ئین. جی. ئۆ) کان و بە گشتی خەباتی مەدەنییەوە لە هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵێک دیاردەی ئەمڕۆیی لە وڵاتەکەمان دا بوون و هەن. بەڵام وەک بۆ



سەرچاوە
Serchawe

هەموولایەکمان ئاشکرایە زۆربەی زۆری ئەم لاوانە یان بە هۆی فشاری ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە ڕوویان لە هەندەران کردو وڵاتیان بەجێهێشت، یان ئەوەیکە لە بەندیخانەکانی ڕێژیم داحوکمی قورس و گرانیان بە سەرداسەپاندوون و ماوە ماوە وەک شەهیدانی ١٩ بانەمەڕ گیانیان لێ دەستێنن.

بەڵام هەر وەک بەتایبەت لە ماوی ئەم ٣٠ ساڵەدا سەلمیندراوە سیاسەتی بەندکردن، دورخستنەوە، سەپاندنی حوکمگەلی قورس و تەنانەت سیاسەتی کوشتن و ئێعدام و سڕینەوە ناتوانێ پێش بە ڕاگرینی ئیرادە نیشتمانیو کەسایەتی نەتەوەی کورد بە دەستی لاوانی ئەم خاک و نەتەوە بگرێ.

**کوردیش پرسپکتیڤ**

**٢ی ژوئەنی ٢٠١٠**

---

# کڕنۆش بۆ ٥٩ گوڵە مەزار ونەکانی مەهاباد



**حەکیم حسین زادە**

ڕۆژی ١٢ی جوزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو. ئەو ڕۆژەش وەک زوربەی ڕۆژان، ویرای باقی منداڵ و مێر منداڵانی گەڕەک و هاوالانم، بۆ کایەو تۆپێن لە مال وەدەرکەوتم. وێرای شەهید "کەمالی ڕەسوڵپور"ی ڕەفیقم بەرەو مەیدانی فوتباڵی تەپەی قازی، کە ئەو کات تاق و لۆق ماڵی لێ ساز کرابوو، وەڕێ کەوتێن. بە گەیشتنمان بۆ میدانەکە، هەر زوو هەستمان بە نائاسایی بوونی وەزعەکە و دۆخی ماتەمبار و روخساری غەمباری خەڵکەکە کرد. دوای ئەوە کە بە جەنایەتە سامناکەکەمان زانی، کەماڵی هاوریم کوتی با بروینەوە بۆ ماڵ. منێش بێ سێ و دوو کوتم باشە و بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. لە ریگادا کەماڵ کوتی من چی دیکە تەحەمول ناکەم و دەبمە پێشمەرگە. منیش وەک زۆربەی مندالانی کورد کە خولیای پیشمەرگە و پێشمەرگایەتی بووم و ئەو خولیایە ئارام و قەراری لی هەڵگرتبووم. بە حۆبی دڵ ئارەزوم بوو ببمە پیشمەرگە.

ئێمە هەر ١٣ - ١٤ ساڵان دەبووین. ئەو ڕۆژە زورم بە کەمال کوت کە هێشتا زوویە و جارێ دەبێ دەرس بخوینین، بەڵام فایدەی نەبوو، کەمال بریاری خوی دابوو و هەر ئەو ڕوژە تیکەڵ بە ریبوارانی ریگای ئازادی لە کومەڵە بوو. تاوانی ئیعدامی ٥٩ لاوی کورد بە دەستی جەللادەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر دڵی خەڵکی مەهاباد و سەرجەم کوردستان ئەوەندە بەژان بوو کە دڵنیام هەر ئەو ڕۆژە دەیان و بگرە سەدان لاوی کوردیان بۆ پەیوەست بوون بە ریزەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان ساخ کردەوە. بەداخەوە کەماڵ ڕۆژی ٩ی سەرماوەزی ١٣٦٤ لە شەریکی قارەمانانە لە پیریونسی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بوکان شەهید بوو.

سڵاو لە یاد و ناوی شەهید کەماڵ و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادیی کوردستان.

تاوانی ئیعدامی ٥٩ لاوی کورد لە مەهاباد پاش زیاتر لە چارەگە سەدەیەک یان باشتر بڵێن ٢٧ ساڵان، لە حاڵێکدایە کە ئیستاشی لە گەڵ بی کەس بە گۆڕەکەیان و مەنزڵگای ئەبەدیان نازانێ. ڕژیمی دژ بە کورد و سەرجەم مرۆڤایەتی ئاخوندی تەنانەت ئەو سەرەتایترین ماف و حەقەشی بە بنەماڵە و خەڵکی تێکۆشەری شاری مەهاباد ڕەوا نابێنی تا گلکۆی ئازیزانیان پێ بزانن لانیکەم بتوانین تاجەگوڵێنەی ڕیز و وەفایان بە نیشانەی ئەمەگناسی لە سەر گلکۆکەیان دانێین.

بیست و حەوتەمینساڵیادی ئیعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهابادی لە کاتێکدایە کە بە داخەوە هەر چەند ڕۆژ لەوە پێش پۆلێکی دیکە لە لاوانی تێکۆشەری کورد لە لایەن کۆماری سێدارە و دژە ئینسانیی ئێرانەوە بە کۆمەڵ ئیعدام کران.

لەم بۆنەیەدا وەرن بۆ لە قاودان و رپاتر ریسوا کردنی رژێمی کۆنەپەرستی ئاخوندی تیبکوشێن، با روحی مەزن وتژی لە ئازادی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە و سەرجەم شەهیدانی کوردستان، بە ئاسودەیەکی پترەوە، لە بوشایی فەزای دەور و پشتمان، سورِ بخۆنەوە و ئوقرە بگرن. با بزانن پاش ئەو هەموو سالانە، لە یاد و بیرمان دان و ریگای پیرۆزیان هەر وا پر ریبوارە.

هەر وەک چۆن هێزی پیشمەرگە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە یاد و بیرەوەری ئەو ئازیزانە زەبریان لە دوژمن وەشاند و لە پێشەوەی هەموان هێزی بە هێزی بیستون بە ئەنجامدانی ٥٩ عەمەلیات بە یادی ئەو ٥٩ شەهیدە قوناغیکی دیکەیان لە یەکبوون و برایەتی لە گورەپانی خەبات بو ئازادی گەلەکەمان خولقاند و ئەو پەیامەیان بە دۆست و دوژمن دا کە ئەگەر خوێنی رۆڵەیەکی شاری پێشەوا، موکریان و پیدەشتەکانی ئەو مەلبەندە بە رەنگی سور دەخەملینی، ئەوە فەرهادەکانی بیستون و تاق وسان لەو سەری کوردستان ئاگر لە سەر پشتی دوژمن دەکەنەوە، وەرن با یاد و بیرەوەری ئەو ٥٩ لاوە بە ناحەق شەهید کراوانە بکەینەوە بە ئالقەی پیوندی و سەرەتایەکی دوبارە بو یەک جەستە بوون. لەو روژەدا بو جارێکی دیکە پەیمان و بەڵێنیان لە گەل نوی بکەینەوە کە ریگای ئەوان راستەریگای هەموومانە. ئەگەرچی بە داخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو رێگایە ببڕین و گەلەکەمان بگەیەنینە مەنزڵگەی ئارامی. ئەوەتا هەر دوێنێ چوار رۆڵەی هەڵکەوتوی دیکەمان بۆ هەمان مەبەست بە سەری بەرزەوە چوونە سەر دار و لە هەمان کاتدا سەلمێنەری ئەو راستی‌یە بوون کە کورد وەجاخی روونەو دریژەدەری بە وفای ریگای پیرۆزی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستانن.

وەرن با یەکیتی و یەکگرتوویی ٢٣ی گولانی هەردەم هەرمان بکەینە هەوینی قوناغیکی نوێ لە برایەتی و یەکبوون. گەر ئێمەی کورد بە هەر بیر و باوەر و دین و مەزهەبیک کە هەمانە، بۆ یەک ئامانج کە ئەویش رزگاری نەتەوەکەمانە، تێبکۆشین، بە دڵنیاییەوە زووتر بە ئاواتە لەمێژینەکەمان کە بەختەوەری و ئازادی گەڵەکەمانە دەگەین. هەمووما ئەو راستی‌یە دەزانین کە سەرکەوتن لە یەکیتی و یەکبوون دایە. کەوابوو وەرن با لە گەڵ یەکتر نەرم و نیان بین، گوزەشت و روحی لێبوردەیی لە ناو خۆماندا بە هێز بکەین، خو بەزلزانی، فەخر فروشتنی بێجێ بە سەر یەکدا وەلانیین. لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر دوژمنان و ناحەزانی گەڵە بەشخوراوەکەمان یەکگرتوو، یەکدەنگ و یەک هەڵویست بین.

به هیوای ئەو ڕۆژەی کورد به هەموو تیرەو عەشیرەو ناوچە و شار و بیرو باوەڕێکەوە بۆ ئازادی ولاتەکەمان یەکڕا و یەک هەڵویست بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣١ ی مای ٢٠١٠

# ٥٩ لاوی جوانەمەرگی مەهاباد و هێزی بە هێزی بیستوون



**کەریم ئەڵلاوەیسی**

٢٥ سال خەریکە بەسەر جەنایەتیکی گەورە دا تیدەپەرێ،جەنایەتێک کە ویژدانی مروڤایەتی هەژاند. ئەو بەکۆمەڵکوشتنە، قەت لە بیرو زینی خەلکی کوردستان بەتایبەت مەهاباد، شاری پێشەوای خۆبەختکەر ناچێتەوە. هەرنەتەوەیەک لەگەل ئەوەی هێندیک رۆژی خۆشی هەیە وەک رۆژی نەتەوەیی کە لەو رۆژەدا خۆشی و شادی دەکەن،هێندیک رۆژی تالیشی هەیە کە وەک سەنەد و بەڵگەی جەنایەت لە مێژووی نەتەوەیەکدا دەمێنێتەوە، جینایەتی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد بۆئەوە دەبێ وەک بەلگەیەکی گرینگ لەگەل بەلگەکانی دیکە، رێژیمێ جەنایەتکاری کوماری ئیسلامی ئێرانی لە بەر چاوی جیهانیان پێ ریسوابکرێ.

رۆژی ١٢ی جوزەردانی سالی ١٣٦٢ی هەتاوی ،خەلکی مەهاباد لەبەر روودانی جینایەتێکی گەورە رەشیان پۆشی و تەنانت مندالانیش بە دیتنی گریان و ماتەمینی دایک و باب و خۆشک و براکانیان بزەی پێکەنینیان لەسەر لێوی نەما وئەوانێش تێر گریان. هەر گەرەکێکی ئەو شارە چەند شەهیدی وەبەر کەوتبوو، خزم وکەس و جیران لەو کاتدا هیچیان پێنەدەکرا جگەلە هاودری و هاوخەمی لە گەل دلبریندار و جەرگ سووتاوان. لە مانگی جوزەردان و پێشئەو مانگەش رەشبگیر لە ئاستیکی زۆر دا کرا و لاوانێکی زۆری ئەو شارە بۆ چالەرەشەکان بەرێ کران.ئەوان بێدادگا و پارێزەر هەرکامیان لە ماوەی چەند چرکەساتێک هەمووی بە هۆی جەلادی ناسراو و بەنیوبانگی رێژیم سادق خەلخالی بە دەستووری خومەینی، بە جورمی مەحاربە با خودا! بریاری لەناوچونیان درا. ئەو جوانەمەرگانە پێش ئەوی ئێعدام بکرێن بە نامروڤانەترین شێوە ئەشکەنجە کران و ترساندن و تۆقاندنی خەلێکی بێتاوان و دواتریش تلفیزیۆن و شانۆی ئێعتراف .لەهەمووی خراپتر، دوژمنانی ئینسانیەت و مروڤایەتی بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون تەنانت مەیتی بێگیانی ئەوانەش تەسلیمی بنەمالە جەرگبراوەکانان بکەنەوە و تەسلیمیشیان نەکردەوە.

هەموو بەلگەکان ئەو دردەخەن کە ئەو بەکۆمەل ئیعدام کردنە بۆ ئەوەبوو کە رێژیم بتوانێ خەلک چاوترسین بکا و ئێرادەی بەهێزی

خەڵکی کوردستان بەتایبەت شاری پیشەوا و سولیمان موعینی و سمایلی شەریفزادە و سەرگورد عەباسی و کاک هەژارەکان تێکبشکێنێ. ریژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی پێیوانەبوو، کە خۆمەینی فتوای شەر بە دژی خەڵکی کوردستان بدا بە قارەمانەتی پێشمەرگەکانی کوردستان بەتایبەت پێشمەرگە گیانلەسەر دەستەکانی حیزبی دیموکرات و پشتیوانی دلسوزانەی ئەو خەلکە لە شەرێک کە بە شەری سێمانگە ناسراوە تێکبشکێ و خۆدی خومەینی مەجبور بە پاشگەزبوونەوە بێ و بلێ ئەوە بدخۆازان بوون کە منیان خراپ حالی کردبوو. لەو کاتدا وتویژ دەستی پێکردەوە کە دوایە دەرکەوت کە وتوویژێش تەنیا بۆ خۆبەهێزکردنی رێژیم بووە و فریوێک زیاتر نەبوو، بەڵام کۆماری ئیسلامی بەو شکستەی کە بە ئابرووچوون و رێسواییەکی گەورەی بۆخۆی دەزانی وەک ماری برینداری لێهاتبوو و بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا و لەبیری دارشتنی پیلانێکی رەش بوو کە لە دەرفەتێک دا تۆڵەی خۆی بستینێتەوە.بەلێ، قینلەدلانی رێژیم کە تونای بەربەرەکانیان لەگەل باسکی بەهێزی گەل، پێشمەرگە نەبوو، تۆلەی شکانی شەری سێمانگە و شکانەکانی دیکە کە لەو ماوەیەدا تووشی ببوون لە ١٢ی جوزردانی ئەو ساڵە لە خەلکی بێدیفاعی مەهاباد کردەوە و بەو ئاوات و نیازە کە چۆک بە خەلکی کوردستان دابدەن، جەنایەتێکی ئاوا گەورەیان خولقاند و رێسوایەکی گەورەتریان بۆخۆیان تۆمارکرد.

خەلکی کوردستان بەتایبەت مەهاباد زۆر خەمبارو دلبریندار بوون، پێشمەرگە روڵەی ئەو خەلکە و کۆر وکچی ئەو ئاو و خاکە نەیدەویست بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر تەمی خەم و ماتەم شاری مەهاباد دابگرێ و بەکرێگیراوە چەپەلەکانی پێشاد بێ. بۆیە گیانبەختکەرانی گەل ونێشتیمان واتە پێشمەرگە وەخۆکەوتن، پێشمەرگە فیداکارەکانی کوردستان بەتایبەت پێشمەرگەقارەمانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەمووی کوردستان زۆر چالاکی گەورەیان کرد. لەو کاتەدا هێزی بەهێزی بیستوون حەماسەی کەم وینەی خولقاند و ئەوان لەو قوناغە دا شۆن و جێگە و ناوێکی تایبەتیان لە فیداکاری و نمونەبوونیان لەو هەلومەرجەدا بۆخۆیان تومار کرد. ئەوان بە دانانی پلان و تەرح و ئامادگی تەواوە، چوون زەربەی گورچوبڕ لە پەیکەری کوماری ئیسلامی بدەن. کەم رۆژ بوو ئەوان چالاکی گەورە نەکەن براستی ئەم خوبەختکەرانەی ریگای ئازادی دەرسێکی زۆر گەورەیان دا بە سپای مغول،سپای جەهل و نەزانی کۆمارە دژی گەلیەکەی ئیسلامی ئێران کە لە مێژوو دا کەم وێنەبوو و بۆ هەمێشە لە یادی خەلک،پێشمەرگە و ریژیم دا دەمێننەوە. ئەوان بە تۆلەی خوینی هەر لاوێک چالاکێکی باشیان بەرێوەبرد کە رادیو دەنگی کوردستان، دەنگی زۆلالی پێشمەرگە نەبەزکانی کوردستان بە دەنگی دلێر وشێرانەی و شیرینی وێژەرەکانی هەر جارەی بە خویندنەوەی هەرعەمەلیاتێکی خۆبەختکەرانی هێزی بیستوون کەمێک برینی دایک و باب و خوشک و برا دلسوزەکانی ئەو شەهیدانەیان سارێژ دەکردەوە. جێگەی خۆیەتی وەک پیێزانین ناوی فەرماندەی قارەمانی هێزی بیستوون، شەهید کاک شاپور فیروزی بێنین کە تەراح و فەرماندەی ئەو عەمەلیاتە قارمانانەیە بوو و ئیبتکار و خەلاقیەتەکانی ئەو فەرماندەیە، بوو بە هۆی ئەوە کە زەبری زۆر گەورە وە کۆماری ئیسلامی بکەوێ و ئەم پەیامە کە: "گەلێک کە بۆ ئازادی و وەرگرتنی مافەنەتەوایەتیەکانی هەستاوەتە سەرپێ،رێژیمی خوینمژی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئێعدام و کۆشتن لاوان و خەلکی بێ دیفاعی ئەو نەتەوەیە ناتوانێ ئێرادەی پولایینی ئەو گەلە قارەمانە تێک بشکینێ،و ئەو گەلە مافی خۆی هەر دەستینێ"

درسێک و وانەیەک کە پێویستە فێری بین ئەوەیە کە کەسێک کە شەهید دەبێ ئی بنەماڵە و شار و گوندی خۆی نیە بەڵکوو هی هەمووی کوردستان و نەتەوەکەیەتی. چالاکیەکانی هێزی بیستوون بە بۆنەی ٥٩ گوولی تازە پشکووتوو و پەرپەربووەکانی مەهاباد،ئەوەی نێشاندا کە بۆ ڕۆلەکانی کورد و خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی جیاوازی شار و ناوچە نیە.کرماشان و قارمانەکانی بە هەموو وجودیانەوە پشتیوانی و پشتگری مەهاباد و لاوە لەخۆینگەوزاوەکانیان کرد و زۆر پێشمەرگە خوینیان ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان ولە سەر ئەو خاکە تێکەڵ بەخۆینی ٥٩ لاوەکی مەهابادی بوو، ئەو شارە کرماشانەی کە لەسەرمەهاباد وەجواب دێ، ئەو کرماشانەی کە بە دوو ڕێژیمی دژی مروڤایەتی شا و خۆمەینی ویستیان وەک کرکوک ناسنامەی نەتەوەیەکەی لێبستێنن کە بە خۆشیەوە بەو ئاواتە چەپەلانەیان نەگەیشتن.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە خەلکی قارەمانی مەهاباد بە چالاکی مەدەنیان بە تایبەت لە کاتی شەهید کردنی شوانە قادری ئەو ڕۆلەئازایەی گەل کە بەرە بەرە ئەو خەباتە جەماوەریە کە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە و چەند مانگی خایاند کە براستی جێگەی شانازی بوو درسێکی باشیی دیکەبوو کە ئەوان بەرێژیمی بێزراوی کۆماری ئێسلامیياندا، کە کورد نابەزێ و لەسەرورەرگرتنی مافی رەوای خۆی سوور و پێداگرە و زۆ یان درەنگ، دژمنانی کورد دەبێ کوردستان بێجێ بهێلن و خاوەنی سەرەکی ئەو خاکە پیرۆزە واتە کورد دەبێ کوردستان ئێدارە بکا نەک هێزی داگیرکەر و دژ بە کوردی کۆمارە کۆنەپرستانەکەی ئێسلامی ئێران.

با بنەماڵەی سەربەرزی هەمووی شەهیدان و ٥٩ لاوی مەهابادی باش بزانن کە چارەنووسی رێژیمی دیکتاتوری ئێران هەر وەک رێژیمی دیکتاتوری عیراق دەبێ و پنجەی عەدالەت گەرووی ئەوانەش رێک دەگووشێ و ئەو رێژێمەش لە زبڵدانی مێژوو دەهاویشترێ و گەل بە فیداکاری و خەباتی بێوچانی خۆی بەئاواتەکانی دەگا.

لە ٢٥ مین سالیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی جوانەمەرگی مەهابادی، سەری رێز و نەوازش بۆ ئەو شەهیدانە و ٣٤ شەهیدی دێکەی قوناغی دووهەم کە لە ورمێ و ٨ شەهیدێ قۆناغی سێهەم کە لە تەورێز ئێعدام کران و هەمووی شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین.

نورویژ ١٠ی ژوئەنی ٢٠٠٨

# بیست و پێنجەمین ساڵی ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی کورد



**موعتەسەم نوورانی**

شەوەدرەنگانە دانیشتووم، چاو بە دەفتەری بیرەوەرییەکانم دا دەگێڕم. ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی وەک بیرەوەرییەکی تاڵو زامێکی بە ژان لە دەفتەرەکە دا تۆمار کراوە. ٢٥ ساڵ لەوە پێش، ئێوارەی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، من، ئەحمەد مەکاییلی، عەبباس چریک، حەسەن قارەمانی و مەلاعەزیز حوسێنی، کادرەکانی کومیتەی محال، لە ناوچەی مەهاباد، لەگوندی خاتوونباغ، لە ماڵی مەلارەحمانی خودادادی، کە مەلای ئاوەدانی و ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی و کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو.

دانیشتبووین چامان دەخواردەوە (عەبباس چریک شەهیدبووە، ئەحمەد مەکاییلی و ماموستا مەلا ڕەحمانیش بە ڕەحمەت بن لە ژیان دا نەماون). قادری کەریم بارامی ناسراو بە قالە زلە بە ڕەحمەت بێ، بە هەڵە داوان و بە پرتاو خۆی بە ژووری دا کرد، دیار بوو زۆر پەشۆکاو بوو زۆر بە نارەحەتی گوتی:

ئەوە بۆ دانیشتوون، هەستن وەرنە دەرێ، دنیا وێران بوو، شار شڵەژاوە، عالەم قوڕی بۆ گیراوەتەوە، خەڵکی مەهاباد بە جارێک تازیەبار و ڕەشپۆشن. ٥٩ لاوی قارەمانی مەهابادی، ٥٩ لاوی کورد ئیعدام کران.

ئێمە هەموومان بە بیستنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە، ماتمبار و نارەحەت بووین. غەمو پەژارە سەراپای وجوودی داگرتین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ئێعدام کردنی ئەو ٥٩ لاوە بێ تاوانە، ٥٩ بنەماڵەی ڕەشپۆش کرد. ٥٩ دایکو باوکی جگەرسووتاوو دڵ هەڵقرچاوو تازیە بارکرد. خەڵکی شاری مەهاباد، شاری پێشەوای، ڕەشپۆش کردو لە ڕاستی دا هەموو خەڵکی کوردستانی غەمبار

کرد. دروست ڕۆژی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٦٢ی هەتاوی کە ڕێژێم هێرشی کردە سەر ناوچەی محاڵ، لە گوندی خاتوونباغ پایەگای دانا. بەشێکی زۆر لە لاوانی گوندی خاتونباغی گرت و ڕەوانەی زیندانی سوپای پاسدارانی مەهابادی کردن. هەر ئەو ڕۆژە منیش لەوێ گیرامو بردیانم بۆ زیندان کە گەیشتمە دەرکی زیندان، چاویان بەستم و بردیانمە ژووری زیندان. لە وێ زیندانی کرام. ٢٢ لاوی خاتوونباغ لە ژوورێک دا زیندانی بوون بە منەوە بووینە ٢٣ کەس. چاوم کردەوە و دیتم کە مامۆستا مەلا ڕەحمان و عومەری باجەحولەی بە ڕەحمەت بن، لە گەڵ جەمعێک لە لاوەکان گیرابوون ولە وێ دانیشتبوون، ئەو ژوورەی کە ئێمەیان دەوێ کرد بوو، ژوورێکی ٦ میتر بە ٦ میتر بوو. کەسێکی زۆر دێزەو دڕندە بەرپرسی زیندان بوو پێیان دەگوت برادەر عەرەب. برادەر عەرەب دەهاتو دەچوو، لێمان توورە دەبوو، هەڕەشەی دەکرد، بە تەواوی ترسو خۆفو دڵەڕاوکێ هەموومانی داگرتبوو. بەڵام چونکە من پێشمەرگە بوومو گیرا بووم لە هەمووان زیاتر نارەحەت و نیگەران بووم بە تایبەت شتێکی کە سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوە بوو کە بەشێکی زۆر لەو ٥٩ لاوە هەر لەو ژوورە دا زیندانی کرا بوون و لە وێ را بردبوویانن بۆ ئیعدام. چونکە هەموویان ناوی خۆیان لە سەر دیواری ژوورەکە نووسیبوو. سەعات ١٢ی شەوی ١٢ی خەرمانانی ٦٢ کە دروست ٣ مانگ بوو ئەو ٥٩ لاوە ئیعدام کرابوون، منو مامۆستا مەلا ڕەحمان لە ژووری زیندانەکە دا دانیشتبووین باسی ئەو ڕۆژەمان دەکرد کە قالە زلە هاتو هەواڵی ئیعدامی ئەو٥٩ لاوەی پێ داین. چاوم بە دیوارەکە دا گێرا زۆر لەو شەهیدانە یادگاریو بیرەوەریی خۆیان بە شێعرێک یا ئیمزای خۆیان لە سەر دیواری زیندانەکە نووسیبوو.

بەشێکی زۆریان کە ناویان بە سەر دیواری ژووری زیندانەکەوە بوو ئەوانە بوون : سەید برایم سەید ئەحمەدی،خالەق بارزانی کەمال کەریمی، هەژار کەریمی، عەلی سەلاحی، وەفا ئەلیاسی، عەلی غەوارە، عەبباس یوسفی، محمد مەسعوودی، سولەیمان، حوسێن زادە، ڕەحمان خزرپوور، خالید سەفایی، خالید ڕەحیمی ئازەر، سالح فەرهوودی، کەریم ڕەحیمیان، کەماڵ چاوشینی، مستەفا فەقری، مەلا حەسەن لاجوەردی، محەممەد ئەمین سەفایی، عەبدوڵا تەحریریان، هومایوون نیلووفەری، محەممەد عەلیاڵی، برایم ئەمینی، حوسێن کەڵهوڕی، یووسف ئەیازی، عەلی گولپەرست، شوکر نادری، یوسف حەبیب پەنا، سالح مام ئیبراهیمی، یوسف حەسەن زادە، ڕەحمان ڕەحیمی.......... چەند شێعرم کە لە بیرماوە کە سەردیواری زیندان نووسیبوویان. یەکێک لەو لاوانە نووسیبووی:

"آه چقدر عزیز است اغوش گرم مادر"

لاوێکی دیکە ئەو شیعرەی مامۆستا هێمنی نووسیبوو:

"گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمەوە دەر هەدام نەدا نەسرەوتم"

یەکێکی دیکە نووسیبووی:

"دانه فلفل سیاه و خال روی محبوبان سیاه
هردو جان سوزند اما این کجا و آن کجا "

یەکێکی دیکە لەو لاوانە شێعریکی ئارەشی کەمانگیری لەسەر دیوارەکە نووسیبوو کە بەراستی زۆری کاریگەری لەسەر من دانا کە نووسیبووی :

"آری آری زندگی زیباست
زندگی آتشگهی دیرنده پابرجاست
گر بیفروزیش رقیّ شعله‌هاش درهرکران پیداست
وەرنە خاموش است و خاموشی گناه ماست ."

ئەو شتانەوگەلیک شتیتری لەو بابەتەیان لە سەر دیوارەکانی زیندان نووسیبوو و بە هیوایەکی زۆر بە داهاتوو، کە لەو نەجاتیان بێو بگەڕێنەوە ناو باوشی گەرم و پڕ خۆشەویستی دایکو باوکیان. بەڵام تاریک پەرستان و شەمشەمە کوێرەکانی قوم و تاران بڕیاریان دابوو کە لە جیاتی ئازادی، سەربەستی، خێر وخۆشی بوکوردستان، ئیعدام وکوشت وکوشتار و تاڵان و وێرانی بکەنە دیاری و، لە جیاتی ئازادی وشادی و پێکەنین، ڕەشپۆشی وگریان بە دیاری بێنن. لە جیاتی ئازادیی ئەو لاوە کوردانە، بە کومەڵ کردیاننە ئامانجی گوللە و سینگی پڕ لە هیوا و ئامانجیان دابێژ دابێژ کردن. ڕێژیم ویستی بە شەهید کردنی بە کۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوە بێ دیفاعە، کە تەنیا و تەنیا بە تاوانی کورد بوون و وەفاداری بە ئامانجی پیروزی گەلەکەیان، ئازادی ودێموکراسی گیرابوون، خەڵکی کوردستانی پێ چاوترسین بکا. غافڵ لەوەی کە ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان بە ئیعدام، زیندانی کردنو تۆپ بارانو کوشتو کوشتار تێک ناشکێ. ئەو خوێنە بە ناحەق ڕژاوانە بوونە رقو قین چونە ناو دڵو دەماری خەڵکی تینووی ئازادیو ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدان، بون بە باڕوتو ئاگرو لە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەدا دەنگی دایەوە. خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئەو لاوانە کە لە ڕاستی دا زۆریان پەیوەندییان بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسییەوە نەبوو، بوو بە گڕکان، و ئاگرو گوللە و لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان، لە چەکی دەستی پێشمەرگەدا وەزمات هاتو لمبۆزی داگیرکەرانی کوردستانی لە خاکو خۆڵ وەر دا.

**یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهابادی بەڕێزو، بیرەوەریی مەرگی سەربەرزانەیان ڕووناکیدەری مەشخەڵی خەباتمان بێ.**

سەرچاوە ماڵپەری شەهید - ٢٠٠٨

## جینایەتی "میللی- مەزهەبی" یەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان



**"جەلایی پوور" و ٥٩ شۆڕەلاوەکەی مەهاباد**

**ئەنوەر سۆڵتانی**

ساڵی ١٣٦٢ کە "حەمید ڕەزا جەلایی پوور" فەرمانداری مەهاباد بوو، ٥٩ لاوی بێ تاوانی ١٤ ساڵ بەرەوژووری شارەکە، گیران و بێ سەروشوێن کران.

باوک و کەس و کاری لاوەکان لە سوپای پاسدارانی مەهابادەوە تادەفتەری خومەینی، سەریان بە هەموو قوژبنێکی ئێراندا کرد وهەموو شوێنێکیان ڕاوکرد بۆ ئەوەی شوێنی عەزیزانیان هەڵبگرن، کەس وەڵامی نەدانەوە تا ئەوەی لە دەفتەری ئایەتوڵڵا مونتەزیری - کە ئەودەم "نایبی وەلی فەقیە" بوو، ڕاستییە تاڵەکەیان درکاند: هەموویان لە تەورێز ئیعدام کراون! شارێکی بچووکی وەک مەهاباد بووە ئازیەتباری ٥٩ لاوی تازە پێگەیشتوو.

دڵی بەرد بوو بەئاو و ئاوی چاوان بوو بە بەرد؛ بەلام حەمید ڕەزا جەلایی پوور- فەرمانداری ئەودەمی شار، تەنیا بزەی سمێڵی هات.

ئەمساڵ 'محەممەدڕەزا' ی کوڕی ئەو "جەلایی پوور" ە، کە بۆتە لایەنگری "ئیسلاحات"! لە فڕۆکەخانەی تاران گیرا و بۆ ماوەیەکی کورت لە زینداندا مایەوە. باوکەکە چی نەکرد و چی نەگوت و چی نەنووسی تا کوڕەکەی لە زیندان هێنایە دەرێ!

"اگر دستم رسد برچرخ گردون          از او پرسم که این چونست و آن چون؟ "

قاتڵێکی وەک جەلالیی پوور ئێستا مامۆستای زانکۆیە و لەدوارۆژدا دوور نییە ببێتە کاندیدی وەزارەت و سەرەک کۆماریش! بۆئەوانەی بوونە سەرەک کۆمار، وانەبوون ؟

یادی ٥٩ شەهیدە گۆڕ - وونبووەکانمان پیرۆز بێت.



سەرچاوە
Serchawe

## لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهاباد، و ترسێکی هەمیشەیی رژیم



### کوردستان و کورد

لەرۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ هەواڵێک لەلایەن فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد بڵاوکرایەوەو خەڵکی تووشی شۆکێکی گەورە کرد، ئەگەرچی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و شاری مەهاباد بەتایبەت رۆژی سەخت و دڵتەزێنی وایان زۆر بینیبوو، بەڵام بڵاوکردنەوەی ناوی ٥٩ لاوی مەهابادی کە لەرۆژێک و لەیەک ساتدا لەسێدارە درابوون، هەمووانی سەرسام کردبوو، جا لەنێو ئەو ٥٩ لاوەدا دوو کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بوو،و لەدەبیرستانی ئیبنی سینای مەهاباد دەیانخوێند. ئەو هەواڵە لەلایەن فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد حەمید جەلایی‌پوور بەناو شاردا بڵاوبۆوە، و هەرزووش راگەیاندرا کە ئەو ٥٩ لاوە بەهۆی پەیوەندیکردنیان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسێدارە دراون.

ئەگەرچی تاکوو ئێستا ناوەندە فەرمییەکانی رژێمی ئێران و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی فارسی دانیشتووی وڵاتانی رۆژئاواش باس لەو جینایەتە ناکەن،و کەسیش بەشێوەیەکی راستەوخۆ خۆی لەو جینایەتە ناکاتە خاوەن، بەڵام ئەو کات بەرپرسانی پەیوەندیدار لەکوردستان و دەورووبەر ئەوانە بوون:

**یەکەم**: فەرمانداری ئەو کاتی مەهاباد حەمیدرەزا جەلایی پوور بوو. جەلایی پوور لەدایکبووی ١٣٣٦-ی تارانەو ئێستا ماموستای زانکۆیە لەبەشی کۆمەڵایەتی زانکۆی تاران. جەلایی پوور هەر لەسەرەتای شۆرشی گەلانی ئێران نێردرایە کوردستان. لە ساڵی ١٣٦٠ فەرمانداری نەغەدە بوو، و مەلا غولامرەزا حەسەنی و جەلایی پوور بەکوشتاری قارنێ و قەڵاتان وادەکەن نەغەدە لەکۆنترۆلی دیموکرات بێتە دەرێ.

**دووەم**: پارێزگاری ئەو کاتی ورمێ حوسێن شێخ عەتتار بوو. لەدۆسیێ تیرۆری شاپووری بەختیاردا شێخ عەتتار لەتاوانبارەکانە،و ئێستا ناتوانێ لەئێران بچێتەدەرێ.

**سێیەم**: لەکاتی لەسێدارەدانی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد، عەلی ئەکبەر ناتیقی نووری وەزیری ناوخۆی ئێران بوو. فەرمانداری ئەو کاتی مەهابادیش لەلایەن ئەوەوە دەستنیشان کرابوو. ناتیق نووری لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کە هەتا ١٣٦٤ بەهۆی بەرنامەکانی ئەوەوە کوردستان ئارام بووە. ناتیق نووری لە کوردستان و زاهیدان سەلماندی کە رژێم بۆ سەرکوتکردنی نارازییەکان کەڵک لەهەموو رێکارێکی نائینسانی و خوێنرێژانە وەردەگرێت.


**چوارەم**: جەلادی کوشتارەکەی مەهاباد غولامرەزا حەسەنی ناسراو بە مەلا حەسەنییە. ناوبراو لەهەموو کوشتارو پیلانگێڕییەکی دژی کورد بەردەوام شوێن پێی زەق و بەرچاو بووە. هەر لەسەرەتای شۆرشی گەلانی ئێرانیش یەکێک لەئەرکەکانی مەلا حەسەنی کوشتن و تۆقاندنی کوردەکان بووەو نموونەی هەرە دیاری ئەو کوشتارەش کە حەسەنی راستەوخۆ دەستی تێدابوو، کوشتاری قارنێ و قەلاتانە.
جگە لەو ناوانەی باسیان لێوەکراو،و بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستیان لەشەهیدکردنی ئەو ٥٩ لاوەی مەهابادا هەبوو، هەریەکە لە سەرۆکوەزیرانی ئەو کات میرحوسەین موسەوی و هاشمی رەفسەنجانی و موحسێن رەفیق دوست وەزیری سوپای پاسدارانی ئەوکات لەپشت ئەو کوشتارە گەورەیەبوون. ئەوان دەیانهەویست لاوان و نەوەی نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان چاوترسێن بکەن، بۆ ئەوەی بەخەیاڵی خاوی خۆیان بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردی رۆژهەڵات لەریشە دەربێنن، بەڵام لەئێستادا خەڵکی رۆژهەڵات بەگشتی و جەماوەری مەهاباد وەکوو شاری ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە لەسەرشەقامن، و لەرۆژانی رابردوودا سەلماندیان کە سێدارەو فیشەکی دوژمن نەک هەنگاوەکانیان بەرەو سەرکەوتن و پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان شل ناکاتەوە، بگرە ورەو باوەڕیان بەهێزتر دەکات. ئەو کات لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لەدژی رژێمی ئاخوندی کۆماری ئیسلامی ئێران لەشەڕدابوون، ئێستا هەر ئەو رژێمە جگە لەوەی هەموو کوردستانی ملیتاریزە کردووە،و سێدارەکانی زۆرترکردووە، هاوکات شەری ئیعتیادی سیستماتیک و شەری کلتووری و بێکاری و برسیکردنیش لەگەڵ لاوانی رۆژهەڵات دەکات، بەڵام لاوانی رۆژهەڵات هەر لەسەر پێن، و وەکوو رووداوەکەی هۆتێل تارا پارێزگاری لەکەرامەت و ئینسانییەتی تاکی کورد دەکەن، و ئێستاش هەبوونی پێشمەرگەکان لەناوچەو لاوان لەناو شەقامەکان رژێمی تووشی هیسترياييەکی سەیرکردووە، ئەو ترسەی رژێم گەیشتۆتە رادەیەک کە هەموو بەرپرسانی رژێمی هێناوەتە دەنگ. و چیتر ناتوانن ترسەکەیان لە لاوانی رۆژهەڵات و نەوەکانی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد بشارنەوە، کە ئەوان بەخەیالی خاوی خۆیان خەڵکیان پێ دەترساندو ئێستا خۆفی راپەرینی گشتی رۆژهەڵات خۆیانی گرتۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## ٥٩ زەبری گورچکبڕ لەبری ٥٩ هەناسەی خنکاو



**برایم چووکەڵی**

هێشتا زۆر خەمی دەروونی و بەشمەینەتیی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە لەیاد و بیرەوەریی تاڵی دوازدەسوارەی مەریوان لە قارەمانی وەک حیسام ئەسعەدی نەڕەویبوو، هێشتا لاپەڕەکانی گەرمەشینی جێگەدارانی سەروان ئەفشێن و کاک هەژار لاپەڕەکانی ئارشیو نەکرابوون، هێشتا باڵندەی باڵ جوانی هەست و خەیاڵ لەسەر تەرمی پیرۆزی ئەو شەهیدانە هەڵنەفریبوو، هێشتا فرمێسکی قەتیسماو لە کالانی چاوەکزەکانی دایک و باوکی شەهیدەکانی کوردستان بە زەردەخەنەی کیژۆڵەی چاوکەژاڵ و ژیکەڵەی پێشمەرگەی شەهید نەسڕابوو کەهەواڵیان هێنا، چ هەواڵێک؟

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٢٦٢ی هەتاوی، هەواڵێکی جەرگبڕ و دڵتەزێن، بە خێرایی شەقام و کۆڵانەکانی شاری مەهابادی تەنییەوە و بە جارێک کۆمەڵانی خەڵکی ئەو شارەی تاساند و تووشی سەرسوڕمانی کردن.

لەو ڕۆژەدا خەڵکی مەهاباد گوێبیستی بەیەننامەی حەمیدڕەزا جەلاییپوور، فەرمانداری شار بوون کە باسی لە ئێعدامی ٥٩ لاوی ئەو شارە دەکرد کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکرات گوللەباران کرابوون. بەشێک لەو ٥٩ کەسە کە کەمتر لە دوو مانگ بوو گیرابوون، تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ و لە دادگایەکی فۆڕمالیتە و فەرمایشی و بە پەلەپڕووزەدا، حوکمی لەسێدارەدانیان بو دەرچوبوو. کۆماری ئیسلامی کە تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو بە دوو مەبەست ئەم کردەوە دڕندانەی ئەنجام دا؛ یەکەم ئەوەکە بەم کردەوە وەحشیانەیە لە لایەک خەڵکی کوردستان و لاوانی شۆڕشگێڕ چاوترسێن بکا و لە لایەکی دیکە پێش بە پەیوەستبوونی لاوانی نیشتمانپەروەر بۆ نێو حیزبە کوردییەکان و بەتایبەتی حیزبی دیمۆکرات بگرێ و لە هەمان کاتدا خەڵکی وڵاتپارێز لە یارمەتیدان و

پاڵپشتکردنی ئەو حیزبانە دڵسارد بکەنەوە، دووهەم دەیویست لەم ڕێگەیەوە بە بزووتنەوەی خەباتکارانەی کورد بڵێ کە دەستی تۆڵە ئەستاندنەوەم بەهێزە و تۆڵەم لێ کردوونەتەوە؛ چونکە هەر لەو سەروبەندەدا کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار چەکداری خزاندبووە کوردستان و، هێزە سەرکوتکەرەکانی لە بەرامبەر هێرش و بەرخۆدانی قارەمانانەی هێزی پیشمەرگەدا زەبوون و داماو بوون. تەنانەت محەممەد بروجێردی، جێگری فەرماندەی قەرارگای عەمەلیاتی «حمزە سیدالشهداء» کە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگیی تایبەتی هەبوو، لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە کوژرابوو.

لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا، دیاردەی ئێعدام شتێکی تازە نیە و نەبووە و لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتی خۆیاندا، دەستیان بە کوشتار و ئاسیمیلە کردنی نەتەوەی کورد کرد و هەر ٣ ڕۆژ دوای پەیامی خومەینی لە ٢٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دەستی ڕەشی تاوانیان زیاتر دەرکەوت و ١١ لاوی کوردیان لە زیندانی دیزڵئاباد گوللەباران کرد و لەو کاتەوە تا ئیستا کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە لە ڕشتنی خوێنی لاوانی کورد نەپرینگاون.

کاتێک هەواڵی گوللەبارانکردنی ٥٩ لاوی مەهاباد بڵاوبۆوە، کەشێکی ماتەم باڵی بەسەر خەڵکی ئەو شارە و دەوروبەریدا کێشا و شار ڕەشی پۆشی و بە هەزاران کەس ئەژنۆی خەمیان لە باوەش گرت. هەروەها کۆمەڵێک پرسیار بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی شاری مەهاباد و بنەماڵەی شەهیدەکان درووست بوو کە تاوانی ئەم لاوانە کە تەنانەت چەند کەسیان لە پۆلەکانی ناوەندی و دواناوەندیدا دەرسیان دەخوێند، چی بوو؟!

بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ڕۆڵەکانی کورد لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاست لە ناوچەی کرماشان و کامیاران، بڕیاریان دا کە یاد و بیرەوەریی ئەو ٥٩ لاوەی مەهاباد بەرز ڕابگرن. بە بڕیارێکی لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانە و بە نەعرەتەی شێرانەی کوڕانی ئەو مەڵبەندە، تەنیا دوو سەعات دوای تێپەڕینی ئێعدامی ئەو شۆڕەلاوانە، قارەمانانی هێزی بێستوون لە شەوی ١٢ی جۆزەردانـدا، یەکەمین عەمەلیاتی قارەمانانەیان بە یادی ئەوان بەڕێوە برد و دووهەمین عەمەلیاتیان لە ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان، شادی و خۆشیان خستە نێو بنەماڵەی ئەو شەهیدانە و فرمێسکی خەمیان بۆ کردنە شادی و لە ڕۆژانی دواتردا ڕۆڵەکانی کورد لەو مەڵبەندە، سەرجەم ٥٩ عەمەلیاتی قارەمانانەیان بەیادی ئەو ٥٩ شەهیدە ئەنجام دا. تێکۆشەرانی هێزی بێستوون لە زۆربەی شاخ و دەشت و دۆڵ و چیاکانی ناوچەی کرماشان، کامیاران، مەریوان و پاوە بە فەرماندەیی شەهیدان شاپوور فیروزی، سالار ئیبراهیمی، محەممەدکەریمی نەدیمی، ئەحلە میسری و حەسەن مینبەری و دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەری دیکەی دێموکرات زەبری زۆر کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. شەڕە بەناوبانگەکانی نێو شاری کامیاران، دەرەویان، پشتە، بێڵەوار، شیرینسوار، شارێی کرماشان _ سنە، ناڵەشکێنە، ماویان، شەریفاوا، بزوەش، چیای شاهۆ، ژاوەرۆ، چرووسانە، گرگر، نێو شاری کرماشان، تەختی زەنگی، نەرگسڵە، شانشین، بەردەسپی و گرتنی ٦ پایەگا، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو عەمەلیاتانە بوو کە بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی ٥٩ لاوی مەهاباد ئەنجام دران، عەمەلیاتگەلێک کە ئێستاش لە بیر و زەینی خەڵکی ئەو ناوچانەدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

ئەو ٥٩ عەمەلیاتە سوکنایی خستە نێو دڵی دایکی ٥٩ لاوی مەهابادی و خەڵکیش فرمێسکی شادییان هەڵوەراند، چونکە قارەمانانی دێموکرات هەموو ڕۆژێ ناو و یادی ئەو لاوانەی کە خوێنیان بەناحەق ڕژا زیندوو دەکردەوە.

ئەگەر بڕوانینە مێژووی خوێناویی گەلەکەمان و حیزبە خەباتگێرەکەیان، ئەو ٥٩ عەمەلیاتە بەیادی لاوانی لە خوێندا شەلاڵی مەهاباد لەچەند بارەوە گرینگی هەیە و لە مێژوودا جێگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە:

**یەکەم**؛ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان و بەتایبەتی مەهاباد، بە ئێعدامی ڕۆڵەکانیان چاویان نەترسا و هەروا بە بەردەوامی بە هەموو شێوەیەک بەرهەڵستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوونەوە و لەسەروو هەمووانەوە لاوانی ئەو شارە پۆل پۆل ڕیزی خەباتگێرانی دێموکراتیان بۆ خەبات هەڵبژارد.

**دووهەم**؛ ڕێژیم بە ئێعدامکردنی ئەو لاوانە لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ پەڵەیەکی ڕەشتری لە مێژوودا بە ناوچاوانی خۆیەوە نا، کە بۆ هەتاهەتایە وەک خاڵێکی نەنگ و سەرشۆری لە مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا تۆمار کرا.

**سێهەم**؛ بە درێژایی مێژوو گەلی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەربەدەر و قەڵوعام کراوە، بەڵام دوای هەر کارەساتێک سەربەرزانە لە خەبات بەردەوام بووە و سەری بۆ دوژمن نەوی نەکردووە، هەر بەو پێیەش بوو کە هێزی قارەمانی بێستوون بە بڕیارێکی شۆڕشگێرانە یادی ٥٩ لاوی مەهابادیان بەزیندووی ڕاگرت.

لە ژمارەی ٧٢٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ ئەپریلی ٢٠١٨

# حەمیدڕەزا جەلاییپوور و ئێعدامی ٥٩ کەسەکەی مەهاباد



ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، ئەو کاتەی کە جەلاییپوور فەرمانداری شاری مەهاباد بوو، ٥٩ کەسی خەڵکی ئەم شارە کە ماوەیەک پێشتر دەسبەسەر کرابوون؛ بەکۆمەڵ لە شاری تەوریز گوللەباران کران.

حەمیدڕەزا جەلاییپوور، پارەکە لە وڵامنامەیەکدا بۆ منی نووسی کە ئەو لەو ئێعدامانە ئاگادار نەبووە: «ئەمن پاش مانگێک لە ڕێگای بنەماڵەی زیندانییەکانەوە لە ئێعدامی ئەم ٥٩ کەسە ئاگادار کرامەوە.» ئەم ئیدیعایە درۆیەکی ڕووتە، چونکە جەلاییپوور یەکەم کەس بوو کە لە دوای ئێعدامەکان، لەم بارەیەوە لێدوانی دا.

پێنجشەممە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، دەنگ و ڕەنگی ناوەندی مەهاباد، بەیاننامەی شوورای تەئمینی شارستانی مەهابادی بڵاو کردەوە؛ کە لەودا ئاماژە بە لە سێدارەدانی ٥٩ بەندیی دژە شۆڕش کرابوو. دەنگ و ڕەنگی مەهاباد لە دوای خوێندنەوەی ئەم بەیاننامەیە، لەگەڵ ئاغای جەلاییپوور وەک فەرماندار و بەرپرسی شۆڕای تەئمینی شارستان کە ئەم بەیانییەی واژۆ کردبوو، وتووێژی کرد. جەلاییپوور لەم لێدوانەدا بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە نیزامی ئینقلابی (کۆماری ئیسلامی) بەبێ هیچ لێخۆشبوونێک و بەبڕشتەوە کەسانی دژەشۆڕش سزا دەدا، هەڕەشەی کرد کە ئێعدامی زیاتریش لە ڕێدایە.[١] ئاغای فەرماندار، بەیانیی ئەو ڕۆژە لە نوێژی ڕۆژی هەینیی مەهاباددا بە دووپاتکردنەوەی هەڕەشەکانی پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە نیزامی ئینقلابی نایەڵێ دێموکرات و کۆمەڵەی دژەشۆڕش لەمە زیاتر کوردستان نائەمن بکەن.

ئەم ئێعدامە بەکۆمەڵە، لە تۆڵەی «محمد بروجردی»، فەرماندەی سەرەکیی سپای پاسداران لە ڕۆژئاوای ئێران (دامەزرێنەری قەرارگای هەمزە) کە لە ڕۆژی ١ی جۆزەردانی لەسەر جادەی مەهاباد - نەغەدەدا کوژرابوو، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرا.



سەرچاوە
Serchawe

بەم شێوەیە بەپێچەوانەی ئیدیعای جەلاییپوور، ئەم ئاغایە نەک هەر ئاگاداری ئێعدامەکان بوو و هەر لەو ڕۆژەدا، لەم بارەیەوە لە ڕادیۆ و بۆ بەیانییەکەشی لە نوێژی هەینیی مەهابادا قسەی کرد، بەڵکوو هەروەک سەرچاوەیەکی ئاگادار بە منی ڕاگەیاند،

جەلاییپوور یەک لەو کەسانەیە کە ڕۆژی ٤ی جۆزەردانی ساڵی ٦٢ لە کۆبوونەوەی نائاسایی (اضطراری)ی شووڕای تەئمینی پارێزگا لە شاری ورمێ، بەشدار بووە و لەمەڕ بڕیاری تۆڵەستاندنەوە بەبۆنەی کوژرانی «بروجردی»ـیەوە؛ ڕاوێژیان پێ کردوە. جەلاییپوور هەر لەو وڵامنامەی کە ساڵی ڕابردوو لە «انصاف نیوز»دا بڵاو بۆوە، نووسیویەتی: «٥٩ زیندانییە ئێعدامکراوەکەی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، پێشمەرگەی چەکداری حیزبی دێموکرات بوون و لە شەڕدا بە دیل گیرابوون و پتر لە یەک ساڵ پێش لە ئێعدامکرانیان لە بەندیخانەی تەوریز ببوون.» ئەم کورتە ڕستەیە ٣ درۆی گەورەی تێدایە:

یەکەم ئەوەی کە هەتا ئەو جێگایەی ئێمە دەزانین لە هەموو شەڕەکانی نێوان پێشمەرگە و هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە دەیەی شەستدا، بە هەموویەوە ٥٩ پێشمەرگەی زیندوو دەسبەسەر نەکران، چ بگا بەوەی لە ماوەی ساڵێکدا ئەم ژمارە بەرچاوە لە پێشمەرگە بە دیل گیرابێتن.

دووهەم ئەوەی کە لەو ساڵانەدا بە هیچ جۆرێک نەدەکرا پێشمەرگەیەکی دیل، بۆ ماوەی یەک ساڵ لە زینداندا بمێنێتەوە. پێشمەرگە دیلەکان لە نیزیک ١٠٠٪ی حاڵەتەکاندا پاش ئەشکەنجەدان بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیاری و بۆ نیشاندانی هێز و ترساندن، لە دوای چەند حەوتوو یان بەلانی زۆرەوە چەند مانگێک تیرباران دەکران.

سێیەم ئەوەیە کە ئەم ئێعدامکراوانە هیچیان پێشمەرگە نەبوون و لە شەڕی چەکداریدا نەگیرابوون. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەم ٥٩ کەسە نە پێشمەرگە بوون و نە لە شەڕدا گیرابوون و، نە تەنانەت کادری ڕەسمیی حیزبە کوردییەکان بوون.

ژمارەیەک لەم کەسانە، (نیزیک بە ٤٠ کەسیان) تازەلاو و لاوانێک بوون کە بە تۆمەتی لایەنگری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەستراوەیی بە یەکیەتیی لاوانی ئەم حیزبە (تۆمەتێک کە هیچ کاتێک لە دادگادا نەسەلمێندرا) و، لە نێوان دوو ڕۆژ (یەکشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ٦١ هەتا دووشەممە ١ی خاکەلێوەی ٦٢)دا دەسبەسەر کرابوون و، زۆرینەی ئەوانی دیکەش خەڵکی ئاسایی مەهابادی بوون کە تۆمەتی لایەنگری لە کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتیان لەپاڵ درابوو و، لە زستانی ٦١ـەوە هەتا سەرەتای بانەمەڕی ٦٢ لە نێو شاری مەهاباد گیرابوون.

ئەم بەندییانە بەپێی یاسای ئەو کات، لە دوای گیرانیان دەسبەجێ بە مەبەستی لێپێچینەوە و چاودێری بەرێی ورمێ دەکرێن و هەموو ماوەی دەسبەسەر بوون و لێپێچینەوەکەیان لە شاری ورمێ بووە. ئەم کەسانە چەند ڕۆژ پێش لە ئێعدامکرانیان دەنێردرێن بۆ

تەورێز و دوای دادگاییەکی بەکۆمەڵ بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبە دژە شۆڕشەکان بڕیاری لە سێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێ و، ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان هەموو تێکڕا و بەکۆمەڵ تیرباران دەکرێن.

لە دوای بڵاو بوونەوەی بەیاننامەکە و ڕاگەیاندنی ناوی ئەم ٥٩ ئێعدام کراوە لە دەنگ و ڕەنگی ناوەندی مەهابادەوە، بنەماڵەکان بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی ئازیزەکانیان بە چەندەها جار سەردانی فەرمانداریی مەهاباد، بەندیخانەی ورمێ، قەرارگای هەمزە، بەندیخانەی تەورێز، دادگای شۆڕش و سپای تەورێز دەکەن، بەڵام هەتا ئێستاش نە وڵامێکیان وەرگرتۆتەوە و نە شوێنی ناشتنی تەرمی ڕۆڵەکانیان پێ گوتوون.

ئایا ئاغای دوکتور حەمیدڕەزا جەلاییپوور دەتوانێ لە هەموو ژیانیدا تاقە جارێک بەنیسبەت ناخۆییەکان ئاکارێکی جوان لە خۆی بنوێنێ، بەڵکوو هیچ نەبێ بڕێک لە برک و ژانی ٣٦ ساڵەی بەجێماوەکانی ئەم کوشت و بڕە داشکێنێ؟ لە دەستی دێ شوێنی ناشتنی تەرمی ئەم ٥٩ کەسە بە بنەماڵەکانیان ڕابگەیەنێ، ئەگەر بیهەوێ.

هەردی سەلیمی کردوویەتی بە کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩

## بەبۆنەی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەلاوی کورد لە مەهاباد



**خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!**
**لاوانی خوێنگەرم و تێکۆشەر!**

**دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، گەلانی مافخواز و قوربانیی دەیان و سەدان ساڵ ستەم و بێمافی لە ئێران کە بە خەبات و قوربانیدانی زۆر بەسەر ڕێژیمی شادا سەر کەوتبوون، هیوایان بە هاتنە سەر کاری دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکراتیک بوو. بەڵام ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان بە سەرکوت و کوشت و کوشتار و تالان و بڕۆی خەڵکی کورد دەستی پێکرد. خەڵکی کوردستان دوای خەباتی خوێناوییان لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی و بەشدارییان لە ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە، چاوەڕوانی وەدیهاتنی مافە ڕەوا و ئینسانییەکانیان بوون؛ کەچی زۆر زوو لەلایەن دەسەڵاتی تازەدامەزراوی کۆماری ئیسلامییەوە هێرش کرایە سەر کوردستان.**

**ڕووداوەکانی نەورۆزی خوێناویی سنە و ئێعدام و کوشتاری بەکۆمەڵی کورد لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بۆ وێنە لە سەقز و نەغەدە و زۆر شوێن و گوندی وەک قارنێ، قەڵاتان، حەسەن لۆلان، سۆفیان، قەرەگۆل و ... وێرانکردنی سەدان گوندی دیکە و شاڵاوی هێرشی نیزامی بۆ دەست بە سەر داگرتنی کوردستان؛ زۆر زوو ماهییەتی ئەم ڕێژیمەی بۆ خەڵکی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەقاو دا. بەڵام جینایەتێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ دەرهەق بە خەڵکی مەهاباد و کوردستان کردی، پەڵەی شەرم و تاوانێکی ئەبەدییە بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە، تاوانێک کە تێپەڕینی کات و ساڵ لە بیر خەڵکی کوردستانی ناباتەوە، تاوانی ئێعدامی ٥٩ شۆڕەلاوی بێتاوان کە بە بڕیاری ڕێژیمی دڕندە و خوێنمژی کۆماری ئیسلامی و بێ هیچ محاکەمە و دادگاییەک گوللەباران کران.**

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئامادە نەبوو گوێ لە ماف و ویست و داوای خەڵکی کورد بگرێ و لە ڕێگای دانوستانەوە بۆ چارەسەری**

پرسی کورد هەنگاو بنێ، هێرشی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان. فیتوای جیهاد لەدژی نەتەوەی کورد درا و شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستاندا سەپا، شەڕێک بە مەبەستی سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و کپکردنی دەنگی ڕەوا و مافخوازیی خەڵکی کورد کە تا بە ئێستا و بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە شێوە و فۆڕمی جۆراوجۆردا درێژەی بووە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە تایبەتی، بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی خەبات و شوناس‌ویستیی ئەو گەلە چوونە سەنگەری بەرگری و هەتا ئێستاش لەو سەنگەرەدا درێژە بە خەباتی ڕەوا و بەرحەقی خۆیان دەدەن.

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**لاوانی شۆڕشگێڕ و بوێر لە مەیدانی خەباتی مافخوازیدا!**

٣٧ ساڵ لەمەوبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباددا هەوڵی ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان، بەتایبەت لاوانی کورد چاوترسێن بکا، بەڵام بینیمان لاوانی کورد بە بەشداریی هەراویان لە قۆناغی سەختی خەبات و بەرگریی چەکدارانە و تێکۆشانی هەمەلایەنەیان لە هەموو سەنگەر و بەستێنەکان بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، نیشانیان دا خوێنی بەناحەقڕژاوی ٥٩ شۆڕەڵاوەکەی مەهاباد، ئیلهامی مافخوازی و چرای ڕووناککەرەوەی ڕێی خەبات و تێکۆشانیان بۆ ڕزگارییە.

خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان دوای ئەم ڕووداوە سامناکە و بەرگەگرتن لەبەرانبەر زۆر کارەسات و نەهامەتی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەری هێناون، کۆڵیان نەداوە و سەنگەری خەباتیان چۆڵ نەکردوە و نەک هەنگاوەکانیان پێ شل نەبووە، بەڵکوو لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە تێکۆشانی جۆراوجۆر لەبەرامبەر سیاسەتە داپلۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەستاونەتەوە و لە خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەیان بەردەوام بوون. مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان بۆ مەحکوومکردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئێعدامی ڕۆڵە سیاسییەکانی کورد، کە لە نەفسی خۆیدا ڕێفراندۆمێکی سیاسی بۆ بردنەوە ژێر پرسیاری ڕەواییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بوو، یەکێک لە دیارترین دیمەنەکانی ئەم خۆڕاگری و خەباتگێڕییە بوو.

ئێمە لە بیرهێنانەوەی تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباددا جارێکی دیکە ئەوە وەبیر خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی دێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لەدژی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چیها جینایەتی سامناکی کردوە و ئەم جینایەتانەی بە چ شێوەیەک کردوە. لاوانی کورد پاش چەند دەیە لە تێپەڕینی تاوانی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامییان هەروا لەبەرچاوە و بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێن. ڕاستییەکانی وەک ئەوەی کە ڕێژیم ئەوانی لە کوێ بە خاک سپاردوە و تەرمی ئەو ڕۆڵە بەناحەقکوژراوانەی چ لێ کردوە.

ئەمن دڵنیام لاوانی کورد یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگرن و بە بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانیان بە کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنن کە ئەستاندنی گیانی لاوەکانمان نەک ناتوانێ ئیرادەیان بەچۆکدا بێنێ و لە ویست و داخوازەکانیان پەژیوانیان کاتەوە؛ بەڵکوو

ئیلهامدەری ئەوە بووە کە شێلگیرانەتر دژی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە.

**سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢**

**سڵاو لە ئیرادە و ڕوحی خەباتگێڕیی لاوانی کورد**

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١١ی جۆزەردانی ١٣٩٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

# لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی؛ خوێندنەوەی ڕووداوێکی سەرسووڕهێنەری مێژوویی







**هاوری یوسفی**

**١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، فەرمانداریی شاری مەهاباد لە ڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە، هەواڵی لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی شاری مەهابادی بڵاو کردەوە. باس لەوە دەکرێت کە تەمەنی زۆربەی لەسێدارەدراوەکان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە و قوتابیی دوا ناوەندیی بوون.**
**"ئێران‌وایەر" لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ "جەواد دانش‌پەژووە"، دوکتۆرای پێداگۆژی و نووسەری کتێبی "کوشتاری بێ‌کۆتایی" کە ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئۆتریشە، پەرژاوەتەسەر خوێندنەوەی دووبارەی ئەم ڕووداوە مێژووییە و شێوازی باڵادەست و زاڵی دەرکردنی سزای لە سێدارەدانەکانی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران.**

***

**١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، فەرمانداریی شاری مەهاباد لە ڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە، هەواڵی لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادیی بڵاو کردەوە. باسی لەوە دەکرێت کە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، شارەکەی ڕاشەکاند و خەڵکەکەی کپ‌ومت کرد. چونکە تەمەنی زۆربەی لە سێدارەدراوەکان کەمتر بووە لە ١٨ سال و قوتابیی دواناوەندی بوون.**

**دوکتۆر جەواد دانش‌پەژووە جگە لە پشتڕاست‌کردنەوەی ئەم ڕووداوە، ئاماژەی‌دایە کەشی شڵەژاوی شاری مەهاباد پاش بڵاوبوونەوەی هەوڵی لەسێدارەدراوەکان و ڕاگەیاندنی حکوومەتی نیزامی لەو شارەدا و باسی ئەوەی کرد کە: "دەسبەجێ حکوومەتی نیزامی ڕاگەیەنرا و کەس بۆی نەبوو بە شاردا بێت‌وبچێ. بنەمای بڕیاری ڕاگەیاندنی حکوومەتی نیزامییش پێشگرتن بوو لە هەر جۆرە دژکردەوە، ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی لەناکاوی خەڵکەکە لە پێوەندی‌دا بە لەسێدارەدانی ئەو ٥٩ کەسەوە. بەڵام**

خەڵکەکە ڕژانە شەقامەکانی شارەوە و بە تووندی ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕی. تەنانەت دەستەیەک لە بنەماڵەی ئەو ٥٩ کەسە دەسبەجێ بۆ بەدواداچوونی چارەنووسی ئازیزەکانیان بەرەو ورمێ وەڕێکەوتبوون."

ئەو پێش لە باس‌کردنی چۆنیەتیی لەسێدارەدانی ٥٩ کەسەکە، لە زمانی کەسێکەوە بەناوی "سەیدئەحمەد"، کە ئەوکات لە زیندانی ورمێدا بەندکرابوو و ڕەنگە تاقە شایەت و کەسێک بێت کە ئاگاداری ئەم بابەتەیە، گوتی: "بەپێی قسەکانی سەیدئەحمەد و ئامار و ناوی ئەو ٥٩ کەسە، ٤٨ کەسیان لە زیندانی ورمێدا بەند کرابوون. بەڵام سەیدئەحمەد ئاگاداری شوێنی ڕاگرتنی ١١ کەسەکەی‌تر نەبوو و پێدەچێت باقیی بەندکراوەکانی‌تر لە زیندانی تەورێزدا ڕاگیرابێتن و لە کۆتاییشدا هەر لەوێیش لەسێدارە درابێتن."

ئەو جگە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئاگاداری وردەکاریی یاسایی و دادوەرانەی ٥٩ کەسە مەهابادییەکە نییە، بەڵام ئاماژەی دایە ئەو تۆمەتانەی کە درابوونە پاڵیان: "پاکیان بە تۆمەتی ئەندامەتی لە ڕێکخراوی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەسبەسەر کرابوون و تا ئەو جێگایەی من ئاگادار بم، جارێک دادگایی کرابوون بەڵام قەت دادگا سەرەکییەکەیان بەڕێوە نەچوو."

دوکتۆر دانش‌پەژووە لە درێژەی گێڕانەوەکەی خۆیدا ئاماژەی دایە ناهەماهەنگیی بەرپرسانی زیندانی دەستەی جێبەجێ‌کاری سزاکانی ئەو ٥٩ کەسە و گوتی: "بەڵام ئەو خاڵەی کە دەبێت سەرنجی پێبدرێت، ئەوەیە کە ماوەیەک پاش لەسێدارەدانی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد، بڕیاری ئازادکرانی هەندێکیان بە بنەماڵەکانیان ڕاگەیندرا کە لە ڕاستیدا یان دەرخەری لێکەوتەی کارەساتباری ناهەماهەنگیی بەرپرسانی زیندان و دەستەی بجێبەجێ‌کاری بڕیارەکە بوو یان لە سێدارەدانی خێرای ئەو ٥٩ کەسەکە دەگەڕایەوە بۆ ڕقاژۆیی و تۆڵەسەندنەوە."

ئەو جگە ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ ٥٩ لاوە مەهابادییەکە، هۆکاری‌تریش بە کاریگەر دەزانێت لەسەر دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانیان و جی‌بەجێ‌کردنە خێراکەی و پێیوایە: "بەپێی ئەو تۆمەتانەی درابوونە پاڵ ئەو بەندکراوانە، پێدەچێت دوو بابەتی دیکەیش کاریگەرییان هەبێت لەسەر پێداگرتن لەسەر لەسێدارەدانی ئەو ٥٩ کەسە؛ یەکێک لەو هۆکارانە، سەرکوت، ترساندن و تۆقاندنی خەڵک بوو بۆ ئەوەی هاوکاری و نزیکایەتیی خۆیان لەگەڵ حیزبەکانی کوردستاندا بپسێنن. هۆکاری دووهەمی لەسێدارەدانی خێرا و ڕقاژۆیانەی ئەو ٥٩ کەسە دەشێت بگەڕێنینەوە بۆ کوژرانی "موحەمەد برووجێردی، فەرماندەی "قەرارگای حەمزە سەیدولشوهەدا" کە بە هۆی مینێکەوە کە لە لایەن حیزبی دیموکرات لە نێوان جادەی مەهاباد نەغەدە، لە نزیک گوندی "کۆسەکەرێزە" چێندرابوو، کە دەکاتە ١٢ ڕۆژ پێش لەسێدارەدانی ئەو ٥٩ لاوە مەهابادییە."

دوکتۆر دانش‌پەژووە پێیوایە کە ڕەنگە هەندێک لە بەرپرسانی زیندان و کارگێڕانی جێبەجێ‌کاری سزاکان ناهەماهەنگ بووبێتن بەڵام مەحاڵە بەبێ ڕەزامەندنی و ئاگاداریی هەندێک لە بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە، ئەو ٥٩ لاوە مەهابادییە لە سێدارە درابێتن.

ئەو جەختی لەوە کردەوە کە: "هەرچەندە تاکوو ئێستا بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە سەبارەت بە بەشداریی ڕاستەوخۆی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەو ئێعدامانەدا بەڵام لە سێدارەدانی ٥٩ کەس بەبێ ڕەزامەندی، ئاگاداری و تەنانەت پێشنیاری هەندێک کەسی وەک "محەممەدڕەزا جەلایی‌پوور، مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا و فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد، "عەلیڕەزا شێخعەتار" پارێزگاری ئەوکاتی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، "محەمەدئیبراهیم سەنجەقی" فەرماندەی قەرارگای حەمزە سەیدولشوهەدا، "سەیدحسێن مووسەویتەبریزی" دادوەری ئەوکاتی ئێران، "عەلیئەکبەر ناتقنووری" وەزیری ناوخۆی ئەوکاتی ئێران و "غولامڕەزا حەسەنی" پێشنوێژی ئەوکاتی ورمێ، نامومکین و مەحاڵ بوو.

ئەو لە درێژەی باسەکەدا جگە لە ئاماژەدان بە نەریتی ڕادەستنەکردنەوەی تەرمی لەسێدارەدراوەکان بۆ بنەماڵەکانیان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، گوتی: "٣٨ کەس لەم ٥٩ کەسە قوتابی بوون و هیچیان تا پێش لەسێدارەدانەکەیان بڕوانامەی دیپلۆمیان وەرنەگرتبوو."

لە زۆربەی ئەو باسانەدا کە تاکوو ئێستا سەبارەت بە لە سێدارەدانی دەستەجەمعیی پاش ڕاپەڕینی ئێران هاتوونەتە ئاراوە، پتر باسی لە ئێدامکردنی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد کراوە. بەڵام دوکتۆر دانش‌پەژووە لە زمانی "وریا مامڵێ"، چالاکی سیاسیی خەڵکی شاری مەهابادەوە، ئاماژەی دایە لە سێدارەدانی ٣٣ مەهابادیی دیکە کە سێ مانگ دوای ئێدامکردنی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد لە تەورێزدا لە سێدارە دراون.

هەڵبەت ئەو ئەم ئێعدامانە بە درێژکراوەی ئێعدامە دەستەجەمعییەکانی دوای دەرکردنی بڕیاری جیهاد بە دژی کوردان لە لایەن "ڕووحوڵا خومەینی"یەوە دەزانێت لەو باوەڕەدایە کە: "قسە تەنیا لەسەر ئێعدامی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد نییە بەڵکوو ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کوشتاری ڕێکخراو و سیستماتیکی کوردانە بە هەر بیانوویەکەوە، چ دەستە جەمعی بێت، چ بە تاک. هەندێک کەس پێیان وایە کە ئەو ئێعدامانە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیی سەربازیی حیزبە نەیارە کوردەکانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا ئەمە، بەراوەژووکردنەوەی پرسی کوردان و نموونەی ڕاستەقینەی هەڵەیەکی گەورەی سیاسییە لە شیکاریی خواستی مێژوویی و خەباتی کوردان‌دا."

ئەو هێرشی هاوبەشی سپا و ئەرتەش و ناردنی هاوکاتی ئایەتوڵا "سادق گیویخەڵخاڵی" وەک حاکمی شەرع بۆ کوردستان پاش فەرمانی جیهاد بە دژی کوردان بە نموونەی ڕاستەقینەی بانگەشەکەی خۆی دەزانێت: "خەڵخاڵی هەرکە دەگاتە شاری پاوە لە ٣٠ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، ٩ کەس دادگایی دەکات و دەسبەجێ لە دەوروبەری بیمارستانی پاوەدا هەر نۆ کەسەکە لە سێدارە دەدات."

بەپێی گێڕانەوەکەی دوکتۆر دانش‌پەژووە، هەمان ڕۆژ، حەوت کەسیتریش کە خەڵکی پاوە بوون، بە تۆمەتی توندوتیژی و

ئاڵۆزییەکانی پاوە لە کرماشاندا لە سێدارە دران. چواری خەرمانان، ٩ کەسی‌تر لە مەریوان لە سێدارەدران. پاشنیوەڕۆی خەرمانانی ١٣٥٨، سزای لەسێدارەدانی ١١ کەس لە فروودگای شاری سنە جێبەجێکرا.

شەشی خەرمانانی ١٣٥٨، ٩ کەسی‌تر لە ئەفسەرانی ئەرتەش بە تۆمەتی هاوکاریکردنی کۆردان و بەبێ دادگاییکردن لە شاری سەقز لە سێدارە دران، هەمان ڕۆژ و لە گەرمەی ئێعدامی ئەرتەشییەکان لە شاری سەقزدا، ١١ کەسی‌تریش بە بڕیاری حاکمی شەرع لە سێدارە دران.

بە تەعبیرێکی دیکەم لە ٣٠ی گەلاوێژەوە تا شەشی خەرمانان، واتە لە شەش ڕۆژدا، ٥٦ کەس لە شارەکانی پاوە، کرماشان، مەریوان، سنە و سەقز لە لایەن خەڵخاڵییەوە لە کوردستاندا ئێعدام کران کە بەپێی قسەکانی دوکتۆر دانشپەژووە، بەبێ ئامادەکردنی دۆسیەکەیان لە سەرچاوەیەکی دادوەریی بڕواپێکراو و سەلماندنی تاوانەکانیان، بە خێرایی هەر هەموویان لە سێدارە دراون.

ئەو لە درێژەی گێڕانەوە ئامارییەکەی خۆیدا باسی ئەوەی کرد کە: "ئێعدامەکان تا پێش ساڵی ١٣٦٧ هەموو ساڵێک کەم بوونەتەوە؛ بە جۆرێک کە ژمارەکەیان لە ساڵی ١٣٦٣ بۆ ١١٦ کەس، لە ساڵی ١٣٦٤ بۆ ٧٥ کەس، لە ساڵی ١٣٦٥ بۆ ٦٠ کەس و لە ساڵی ١٣٦٦دا بۆ ٢٦ کەس کەم بوونەوە. هەرچەندە کەمبوونەوەی ئێعدامەکان لە خولێکی هەرە کورتدا ڕوویاندا بەڵام پاش ماوەیەکی کورت، دیسانەوە زیادیان کرد بە جۆرێک کە تاکوو ساڵی ١٣٦٧، ژمارەی لە سێدارەدراوەکان گەیشتە دەوری ٢٨٩ کەس."

ئەو لە پاڵ ئاماژەدان بە گشتگیربوونەوەی شەپۆلی ئیعدامەکان لە ساڵی ١٣٦٧ لە هەموو ئێراندا، گوتی: "شەپۆلی ئێعدامەکان لە ساڵانی پاش ١٣٦٧ هەر بەردەوام بوو و تا ساڵی ١٣٧٢ هەموو ساڵێک ژمارەیەک لە نێوان ٤٢ تا ٦١ کەس لە سێدارە دراون. ژمارەی لە سێدارەدراوەکان لە ساڵەکانی ١٣٧٣ دیسانەوە زیادی کرد بە جۆرێک کە لە ساڵی ١٣٧٣دا گەیشتە ٨١ کەس، لە ساڵی ١٣٧٦ بۆ ٣٤ کەس و لە ساڵی ١٣٧٩دا بۆ دو کەس."

دوایین ئاماری دوکتۆر دانشپەژووە بەپێی توێژینەوەکانی خۆی لە تیرۆر و لەسێدارەدانی لانیکەم دوو هەزار و ٥٠٤ کەس لە ساڵی ١٣٥٧ تا ١٣٩٧ بووە. ئەو هەروەها ج ەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم ئامارە تەنیا تیرۆرەکان و لەسێدارەدانە سیاسییەکان دەگرێتەوە و پێوەندیی بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە.

بەڕێز دانشپەژووە جگە ئاماژەکردن بە لووتکەی ئێعدامەکان لە کوردستاندا گوتی: "پرۆسەی لەسێدارەدانەکان لە کوردستاندا لە ساڵی ١٣٥٧ تا ساڵی ١٣٧٦ ڕووی لە هەڵشان کردووە؛ بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٥٨ بۆ ١١٥ کەس، لە ساڵی ١٣٥٩ بۆ ١٦٥ کەس، لە ساڵی ١٣٦١ بۆ ٢٨٠ کەس ڕێژەی ئێعدامەکان زیادی کردووە. بەڵام زیاترین ژمارەی لە سێدارەدراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٦٢ کە

٣٦٩ کەس، لەوانە لە سێدارەدانی ٥٩ لاوە مەهابادییەکە لە ورمێ و تەورێز."

ئەو هەروەها باسی ئەوەی کرد کە شەپۆلی ئێعدامەکان پاش دەیەی ٦٠ ڕووی لە داکشان کرد و لە کۆتاییەکانی دەیەی ٧٠دا بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمی کرد بەڵام لە سەرەتاکانی دەیەی ٩٠دا دیسانەوە ڕەوتی لە سێدارەدانەکان هەڵکشایەوە: "لە کۆی دو هەزار و ٥٠٤ کەسەکەی کە تیرۆر کراون و لە سێدارەدراون، ٤٠٦ کەسیان لە هیچ ڕێکخراو و حیزبێکدا ئەندام نەبوون، ٣٠٩ کەس ئەندامی "ڕێکخراوی موجاهێدینی خەڵک"، ٨٥٦ کەس ئەندامی "حیزبی دیموکرات"، ٤٣٦ کەس ئەندامی "کۆمەڵە" و ١٥ کەس ئەندامی "پەژاک" بوون."

ئەو لە درێژەی گێڕانەوە ئامارییەکەی خۆی، لە پێوەندی‌دا بە پێکهاتەی جنسیەتی و تەمەنی لە سێدارەدراوەکانەوە گوتی: "کۆی ئەو ژنانەی کە لە ساڵی ١٣٥٧ تا ساڵی ١٣٩٧ لە کوردستان‌دا لەسێدارە دراون، ١٤٨ کەس بوون و لانیکەم ٦٠ قوتابی و لاوی ژێر ١٨ساڵیش لە سێدارە دراون."

ناو و ئاماری کۆی ئەوانەی کە لە سێدارە دراون و لەم ڕاپۆرتەدا باسیان لێکراوە، بە ناو و مێژوو و شوێنی لە سێدارەدانیانەوە لای "ئێرانوایەر" پارێزراون.

٣٠ سپتامبر (٩) ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕێ ئێرانوایەر - ڕێکەوتی: ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ١٢ی جۆزەردان ساڵڕۆژی ئیعدامی ٥٩ لاوی مهابادی بە دەستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا ٥٩ لاوی شاری مهاباد لە لایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئێعدام کران. ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە دوای ئەوەی وڵامی پەیامی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیان بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد و هێرشی سەرتاسەریی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان دایەوە، ڕووبەرووی بەرەنگاریی خەڵک وهێزە سیاسییەکان و، هەروەها ئیرادەی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونەوە. ئەوان کە بە خەیاڵ هیوا و هۆمێدیان لە سەر بەچوکداهێنانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان هەڵچنیبوو، لە بەرانبەر داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و بەرەنگاری و ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەدا دۆشداماو و سەرکز مانەوە. بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی خۆیان قین لەدڵانە پەلاماری خەڵکی بێدیفاعی کوردستانیان دا و تەنیا لە یەک ڕۆژدا ٥٩ لاوی شاری مهابادیان بە بێ ئەوەی دادگایی بکرێن و هیچ تاوانێکیان لەسەر ساغ بووبێتەوە، ئێعدام کرد.

ڕەوتی گرتن، ئەشکەنجە، دادگاییکردن و لە کۆتاییدا سەپاندنی سزای قورس بە سەر تێکۆشەرانی کوردستان و لە سێدارەدانیان لە چوار دەیەی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لاپەڕەیەکی ڕەش و پڕ لە تاوان و جەنایەتی ئەم ڕێژیمەیە. ڕەشەکوژیی زیندانیانی سیاسی تەنیا بە تاوانی کورد بوون، لە چەند بڕگەیەکی ئەم مێژووە ڕەشەدا دووبارە و چەند بارە بۆتەوە. سەپاندنی حوکمی قورس بە سەر زیندانیانی کورد و لە سێدارەدانیان، بەشێکە لەو شەڕە ناڕەوا و دژێگەلییەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و مافەڕەواکانی زیاتر لە چل ساڵە بەڕێوەی دەبات و تا ئێستاش درێژەی هەیە. بەشی زۆری



سەرچاوە
Serchawe

زیندانیانی سیاسیی ئێران کە لە بەندیخانەکانی ئەم ڕێژیمەدا سزای قورس و نارەوای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە، کوردن کە جیا لە مافخوازی هیچ تاوانێکی دیکەیان نیە.

ئامانج و مەبەستی ڕێژیم لە ئێعدامی ٥٩ لاوی مهابادی لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ و درێژەدان بەم ڕەفتار و سیاسەتە جینایەتکارانەی، چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان و تێکشکاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران بووە. بەڵام وەک تا ئێستا خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی سەلماندوویانە، لەم پێوەندییەدا ئەوەی بۆ ڕێژیم ماوەتەوە کارنامەیەکی پڕ لە غەدر و جەنایەتە و هیچی دیکە. چونکی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان نەتەنیا بە لەسێدارەدانی لاوان و تێکۆشەرانی پەکی نەکەوتووە، بەڵکوو ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ لە پەرەئەستاندن دایە و ئێعدام و سێدارە بەلای خەڵکی کوردستانەوە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ماهییەتی وجوودی ئەم ڕێژیمە پێناسە دەکرێ. "کۆماری سێدارە"، ئەو تەعبیر و تاریفە بەجێ و چەسپاوە بوو کە هەر زوو خەڵکی کوردستان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بەکار هێنا.

لە یاد و بیرەوەریی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ کەس لە لاوانی شۆڕشگێڕی شاری مهاباد دا، سڵاو دەنێرین بۆ یاد و ئامانجە بەرزەکانیان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران


١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٩

١ - ٦ - ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی تاوانێک بۆ لە بیر نەچوونەوە!




**قادروریا**

لە ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ (٢ی ژوئەنی ١٩٨٣)دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٥٩ بەندیی سیاسیی کورد، کە خەڵکی شاری مەهاباد بوون، گوللەباران کرد. زۆربەی ئەو ٥٩ کەسە، لاو بوون و تەمەنیان لە خوار ٢٥ ساڵەوە بوو. تەنانەت تێشیان دابوو کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بوو. تاوانی هەر هەمووی ئەو ٥٩ کەسە کوردبوون و، لایەنگری لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. دیارە زۆربەیان لایەنگری حیزبی دێموکرات بوون، بەڵام کەسانی بێ لایەنیشیان تێدا بوو.

هەم بەر لەو تاوانە سامناکە، زۆر جاری دیکە دانیشتووانی کوردستان بەتایبەتی لاوانی کورد بە کۆمەڵ ئێعدام کرابوون، هەم دوای ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، چەندین جاری دیکە، لاوانی کورد لە پۆلی ١٠ تا ٣٠ کەسی دا، ئێعدام کران. لە ڕەوتی ئەو تاوانە بێ ئەژمارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، لاوانی کورد لەوپەڕی بێ تاوانی داو تەنیا بە تاوانی کوردبوون، یان لایەنگری لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، گوللەباران دەکران.

کاتێک ئاوڕ لەو تاوانانە دەدەینەوە، ناتوانین بیر لە شوێنەوارە ڕەوانی و عاتیفی یەکانی ئەو جینایەتانە لە سەر دایک و باوک و خوشک و براو منداڵانی قوربانییەکان نەکەینەوە. هەروەها کاریگەریی ئەم تاوانانە لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و باری ئابووریی پاشماوەی قوربانییەکان و، شوێندانیان لە سەر پەروەردەو چارەنووسی هاوسەر، منداڵ و خوشک و برای گوللەبارانکراوەکان، جێگای تێڕامانن. زۆر لەو کەسانەی لە ڕەوتی ئەو جینایەتانەدا گیانیان لێ ئەستێندرا، سەرپەرستیی بنەماڵەو ئەرکی پەروەردەو بەخێوکردنی چەند کەسێکی دیکەیان لە سەرشان بووە. یا کەسانێک بوون کە تازە پێیان نابووە نێو قۆناغی لاوەتییەوە و مایەی

هیواو هۆمێدی دایک و باوک و کەسوکاریان بوون و کۆماری ئیسلامی بە گیان ستاندن لەوان، چرای هومێدو دڵخۆشیی دایک و باب و خوشک و براو کەسوکاری ئەوانی بۆ هەمیشە کوژاندەوە. لە هەمووی ئەمانەش گرنگتر، گیان و مافی ژیانی ئەو مرۆڤانەیە کە بە ناحەق و لەو پەڕی دڕندەیی داو، لە کاتێک دا حەقی خۆیان بوو دەیان ساڵی دیکە بژین، بە زۆر لێیان ئەستێندرا.

درەنگ یا زوو میراتگران و پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ئەم جۆرە تاوانانەو زۆر تاوانی دیکە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و سەرانسەری خەڵکی ئێران، دەکێشرێنە پای لێپرسینەوەو لێپێچینەوە. هەروەک نەتەوەی کورد لە باشووری نیشتمانەکەی شایەدی دادگایی کردن و بەسزا گەیاندنی سەرانی تاوانکاری ڕێژیمی رووخاوی بەعس بوو، لە ئێرانیش ئەم رۆژە دادێ کە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سیاسەتی سەرکوت و کوشتار، دادگایی بکرێن و بە بۆنەی کارنامەی رەش و پڕ لە تاوانیانەوە، سزای خۆیان وەربگرن.

تێپەڕینی رۆژگار نابێ ئەم تاوانانە لەبیر گەلی کورد بەرێتەوە. لێکۆڵینەوەو بەداواداچوون و دادخوازی لە بارەی ئەم جینایەتانە، نەک هەر نابێ کەمتەرخەمیی تێدا بکرێ، ناشبێ بۆ دواڕۆژ هەڵ بگیرێ. دەبێ هەر ئێستا دەسەڵاتبەدەستانی دوێنێ و ئەمڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی ئەم پرسیارانە بکرێنە کە بۆچی ئەو تاوانانەتان ئەنجام دا، بۆچی راستییەکانی پێوەندیدار بە جینایەتەکانی خۆتان، بۆ نموونە شوێنی شاردنەوەی تەرمی گوللەبارانکراوەکان ئاشکرا ناکەن؟ ئەگەر بۆ خۆتان دەستتان لەو تاوانانەدا نەبووە، بۆچی بەڕێوەبەرانی تاوانەکان ناناسێنن، بۆچی مەحکوومیان ناکەن؟ بۆچی ئەوکات و ئێستا ئاوڕێکتان لەو مەینەتی و رۆژەڕەشییە نەدایەوە کە بۆ پاشماوەکانی ئەو مرۆڤە بەناحەقکوژراوانە پێکتان هێنا، نەک هەر ئەمە بەڵکوو ئەوانتان خستە لیستی رەش و زۆر گرفتی دیکەتان بۆ دروست کردن.

لە بیرەوەریی تاوانی سامناکی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی دا، سەری رێز لە ئاست گیانی پاکی بەناحەق ئەستێندراویان دادەنوێنم. وەک وەفایەکیش بۆ ئەوان و قوربانییانی کارەساتەکانی دیکەی لەم چەشنە، پێم وایە دەبێ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و دادخوازی لە بارەی ئەم تاوانانە، بکەین و بە پرسێکی نەتەوەیی و، بیکەین بە هەوێنی بەرێخستنی حەرەکەتێکی سەرانسەری بە پانایی رۆژهەلاتی کوردستان، بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە وەدەنگ هاتن و وەڵامدانەوە لە بارەی ئەو تاوانە شەرماوییانەی بکەین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی ٣ی جوونی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## ئیعدامی ٥٩ لاوی کورد، جینایەتێکی سامناکی ڕێژیم ٣٨ساڵ پێش لە ئێستا،



**تەیمور مستەفایی**

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی١٣٦٢ی هەتاوی ڕیژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی کە لەڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە توشی شکەست هاتبوو بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکەستەکانی دەستی دایە جینایەتێکی سامناک و ٥٩ لاوی مەهابادی لە یەک شەودا ئێعدام کرد.

خرۆشانی تۆڵە لە دوژمن لە سەرانسەری کوردستان کەوتە ڕێ و لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان پێشمەرگەکان بۆتۆڵەی ئەو جینایەتە چەندین چالاکیان بەڕێوە برد ، لوتکەی ئەو چالاکیانە لە لایەن هێزی بێستونەوە بوو کە بەڵێنیان دابە تۆڵەی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە ٥٩ چالاکی لە دژی هێزەکانی ڕێژیم بەڕێوە بەرن ، ئەگەرچی سەرەتا ئەم بەڵێنە دژوار دەهاتە بەرچاو بەڵام تەنیا لە ماوەی چەند مانگدا توانیان لەوپەڕی ئازایەتی و بوێریدا هەر ٥٩ چالاکییەکە بەڕێوە بەرن.


لە بڕیاردان تا بەڕێوەبردنی ئەو چالاکیانە شەهید سالار ئیبراهیمی فەرماندەی بەوەج و پارتیزانی کەم وێنە دەوری یەک لاکەرەوەی

له به ئاکام گەیاندنی ئەو چالاکیانەدا هەبوو. ئەڵبەت لەو چالاکیانەدا پێشمەرگە و فەرماندەکانی دیکەش ڕۆڵی خۆیان هەبوو.

وەک تـاکێکی ئاگـادار لەو ڕووداوە و لەسـاڵرۆژی ئەو ڕووداوە دا بە ئەرکم زانـی یادێک لەو ڕوداوە بکەمەوە و بەتـایبەت یادێـک لە فەرماندەی هەرە بەرچـاو و بەتوانـا لە بەڕێوە بردنی ئەو ٥٩ چـالاکییە کـاک سـالار ئیبراهیمی فەرمانـدەی ئـازا و بەووجـی حیـزب و گەلەکەمان بکەمەوە سڵاو بنێرم بۆ گیانی نەمری ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە و هەروەها کاک سالاری نەمر، ڕۆحیان شادبێ.

لەو ٥٩ چالاکیەدا ١٧پێشمەرگەی ئازا و فیداکار شەهید بوون کە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی هەرگیز نەمریان.

**وێنەی ئاماری زیانەکانی ڕێژیم لەو ٥٩ چالاکیە کە هێزی بێستون بە تۆڵەی ٥٩ لاوی مەهابادی بەڕێوەی بردوون دەکەوێتە بەر چاوتان.**


تەیموور مستەفایی ▪ ١٤٥

دواتردا دەکەوێتە بەرچاو، لەو ساڵەدا چەند عەمەلیاتی زیاتریان بەڕێوە برد کە یەکێک لەو چالاکییانە عەمەلیاتێک بوو بۆ تۆڵەی شـەهیدکرانی شـەهید «سـەروان ئیقباڵ کەریم نژاد» کە لەو چالاکییەدا ١٢ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران.

| | |
|---|---|
| ئاماری کوژراوانی هێزەکانی ڕێژیم: | ٧٤٠ کەس |
| برینداری دوژمن: | ٥٧٠ کەس |
| بەدیلگیراوی ڕێژیم: | ١٣٢ کەس |
| ماشینی سووتاو: | ٦٨ دەستگا |
| دەسکەوتی چەکی قورس و نیوە قورس: | ١١ دەستگا |
| تفەنگی جوراوجۆر: | ٤٩٩ قەبزە |
| فیشەکی جۆراوجۆر: | ٦٣٣٤٠ فیشەک |

پێویسـت بە گوتنە لە سـەرجەمی ئەو عەمەلیاتانەدا ١٧ پێشـمەرگە شەهید و ٢٢ پێشمەرگەش بریندار بوون.

وەرگیراو لە لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر

**کاک خالید درودیش لەم بارەوە:** کاتێک هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری مەهاباد ٥٩ لاوی کوردیان گوللەباران کرد، لە بیرمە ئێمە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بێستون بە فەرماندەیی زیندە یاد سالار ئیبراهیمی لە نزدیک شاری کرماشان بووین. ئەڵبەت کاک شاپور فیروزیشمان لە تەکا بوو یادیان بەخێر ئەو سەردەمە لە ناوچەی کامێران و کرماشانە کاک شاپور یەکەم مەسئول و بڕیاردەری حیزب بوو.

کاتێک لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان هەواڵی دڵتەزێنی ئێعدامی ئەو پەنچاو نۆ لاوە بڵاو بۆوە هەر کاک شاپور فیروزی بوو کە لە سەر شاخی ئاژوان بڕیاری ئەنجامدانی ٥٩ چالاکی نیزامی بە تۆڵەی ئەو لاوانەی دا بە پێشمەرگەکانی حیزب و خەڵکی کوردستان. ئەوەیچ بڵێم کە هێزی بێستون لەو کاتەدا لە ئەوجی بەهێزی خویدا بوو، چەندین فەرماندەی قارەمانی هەبوو وەک سالار ئیبراهیمی، عەلی ئەشرەف مەجیدی، حەمەکەریم نەدیمی، ئەحلە مسری، حەمەگومەتەی، عەزیز ڕوانسەری، ئولەسەن مەنبەری، شەمسوڵا خەراجیانی، مام فەیزە... هەروەها دیان پێشمەرگەی ئازا و فیداکار و چەندین کادری سیاسی و تەشکیلاتی و بە سەدان خەڵکی دڵسۆزی ناوچەکان کە ئەویندارى پێشمەرگە و کوردایەتی بوون بە سەروماڵەوە ئامادەی هەموو ئەرکێک بوون. دواتریچ کاک سەدیق بابایی وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان گەیشتە لای هێزی بێستون و هەموو ئەمانە بوونە ڕێگا خوشکەر و توانیان لەو سەردەمە دژوارەدا ئەو ٥٩ چالاکیە بەڕێوە بەرن و شانازێک بۆ خۆیان حیزب و گەلەکەیان تۆمار بکەن.



وێنە: لە ڕاستەوە کاک عەلی ئەشرەف مەجیدی، کاک مەنوچێهر محەممەدی، زیندە یاد حەمەکەریم نەدیمی، زیندە یاد سالار ئیبراهیمی، کاک بورهان روحانی، زیندە یاد شاپور فیروزی و زیندە یاد رەشاد حسینی. پێشمەرگەکان حدکا
وێنە: خالید درودی

یادی هاوڕێیانی شەهید هەردەم بەرز و پیرۆز بێتو نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران

هەر سەرکەوتوو بێت گەلی کوردمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٣ی مای ٢٠٢١

## ئێعدامی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد



**بەشی کورد لە ئێرانیبوون، تەنیا کوشتار و بە تاڵانبردنی سامانەکەیەتی**

لە بەرە بەیانی ١٢ جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی (٢ ژووئەنی ١٩٨٣) دا ٥٩ لاوی مەهابادی بە بڕیارێکی تۆڵە ئەستێنانە گوللەباران کران. ئەو ٥٩ لاوە لە ڕەش بگیرییەکانی ئەو ڕۆژانەدا هەروا ڕەمەکییانە گیرابوون و هیچ تاوانێکی دیاریکراویان بێجگە لە کوردبوون نەبوو. ئەوە یەکەمین کۆمەڵکوژیی حکومەتی تازە نەبوو. بەر لەم تاوانە،

بە بڕیاری تاران سەدان ڕۆڵەی کورد لە ئێعدامە بە کۆمەڵەکانی زیندان و پادگانەکانی دیزڵ ئاباد و سنە و مەریوان و سەقز و لە کۆمەڵکوژییەکانی قاڕنا و قەڵاتان و ئیندرقاش و سۆفیان و بابیزئاوای نەغەدە و کوورەخانەکانی ساروقامیش و قەرەگۆلی مەهاباد لە ناوبرا بوون. بەو تاوانەش کوشتاری ڕۆڵەکانی کورد هەر نەبڕایەوە؛ ئێستاش گرتووخانەکان و سەرسنوورەکانی نێوان پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان، گۆڕەپانەکانی کوشتاری ڕۆڵەی کوردن.

تاقم و لایەنە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەی سەردەستی فارس لە تاران، هیچ لەو چارەنووسە ناگۆڕێ؛ ئەو سیاسەتەی لە ناو بزووتنەوەی کورد دا، بەردەوام بە دوای تراویلکەی دێموکراتیزەکردنی ئێراندا،خۆ بەم تاقم و ئەو تاقمی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هەڵدەواسێ و حەولی گردوکۆ کردنیان دەدا، دواجار هێز و وزەی کورد دەخاتەوە خزمەت مانەوەی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران و بەردەوامیی حاکمیەتی نەتەوەی فارس.

نەوەی نوێی کورد نابێ ئەم بەسەرهاتە تفت و تاڵانە لە بیر بکا. نابێ لە بیری بکا، نەک تەنیا بۆ تۆمار لە مێژوو، بەڵکوو بۆ

ئەوەی ئەزموونە تاقیکراوەکان تاقی نەکاتەوە. بۆ ئەوی ڕێگای دووبارە بوونەوەی مێژوو دژ بە کورد بگرێ. بۆ ئەوەی تەنیا ڕێگا و ڕێبازی سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوون بگرێتە بەر!

سڵاو لە ڕۆحی ٥٩ لاوە شەهیدەکەی مەهاباد

سڵاو لە گشت شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان

شەکاوە بێ ئالای سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوونی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی پارتی ئازادیی کوردستان - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

# تاوانی سیاسی لە ناڕوونیی یاسادا



**سەلاح خزرپوور**

یەکێک لە ئاواتەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەستەبەری مافە بنەڕەتی و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە. خەبات بۆ ئەو ئامانجەش ڕێگایەکی سەخت و دژواری بڕیوە و بە شێوەی ڕێژەیی لە هێندێک وڵات گەیوەتە ئاکام و لە زۆر وڵاتی داخراوی سیاسییشدا سەرەڕای تێچووی زۆریان بۆ چالاکانی مەدەنی و سیاسی ئەم هەوڵانە بەردەوامن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو حکوومەتە سەرەڕۆیانەیە کە لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی خۆیدا بە هەموو توانای سەرکوتگەرانەی خۆیەوە لەدژی جیابیرانی جوڵاوەتەوە. گرتن، ئەشکەنجە، سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئێعدام بە تۆمەتەکانی دژایەتی لەگەڵ خودا و فەساد لەسەر عەرز بەسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەدرێژایی تەمەنی ڕێژیم درێژەی بووە. ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی کە لە کوردستان بە ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی دەستی پێ کرد و بە کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٣٦٧ – کەبەپێی ئامارەکان زیاتر لە چوار هەزار بەندکراوی سیاسی لەو ساڵەدا ئێعدام کران- گەیشتە لوتکەی خۆی، سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی بووە.

چەمکی تاوانی سیاسی لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و ئازاددا بابەتێکی جێگرتووە و ئەوە بە مافی هەر هاووڵاتییەک دەزاندرێ چالاکیی سیاسیی هەبێ و ڕەخنە لە ئەکت و ڕەفتاری سیاسیی دەسەڵات بگرێ. بەڵام لە وڵاتە داخراوەکاندا کە ئازادیی سیاسی و ڕادەربڕین بە چالاکیی ئەمنیەتی دژی دەسەڵات لێک دەدرێتەوە، ڕەفتاری سیاسی دەبێتە تاوان و سزای لەسەرە.

تاوانی سیاسی لە گشتییەتی خۆیدا بریتییە لە کردن یان نەکردنی هەر کارێک کە ئاڵوگۆڕ لە ڕەفتاری سیاسیی دەسەڵاتی مەبەست بێ و حکوومەت سزای بۆ لەبەرچاو گرتبێ. بەو پێیە تاوانبار (چالاک)ی سیاسی ئەو کەسانەن کە لەپێناو خەم و پرسێکی گشتیی کۆمەڵدا هەڵدەسووڕێن و لەدژی دەسەڵات هەڵوێستیان هەیە و لەو سۆنگەیەوە دەگیرێن. کەواتە زیندانیی سیاسی باجی بیرکردنەوە و ئەکتە سیاسییەکەی دەدا و لە پێناو دادپەروەری و ئازادیی خەڵک و کۆمەڵگەیە دەگیرێ و تاوانەکەی دەدا، نەک بەرژەوەندیی شەخسیی خۆی.

تاوانی سیاسی لە سەردەمی مەشرووتەوە هاتۆتە نێو ئەدەبییاتی سیاسیی ئێرانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە گیانی هەزاران هەزار بەندیی سیاسی گیراوە و بە دەیان هەزار کەس باشترین کاتەکانی تەمەنیان لە پشت میلەکانی زینداندا بەڕێ کردووە، کەچی تاوانی سیاسی هەتا ئێستاش پێناسەی ڕوونی بۆ نەکرا. تا ئەو ڕادەیە کە کۆماری ئیسلامی ئیدیعا بکە تاقە یەک زیندانیی سیاسی لەو وڵاتەکەیدا نییە و ئەوانەی بەو ناوە ناویان دێ، کەسانێکن کە لەدژی خودا و ئەمنییەتی وڵات جووڵاونەتەوە. هەروەها بۆ سەرکوت و قەڵتوبڕی دژبەرانی سیاسیش هەموو ڕەفتاری نایاسایی خۆیان بەیاسایی کردووە و لە بەرژەوەندیی دەسەڵات ڕێوشوێنیان بۆ داڕشتوون و بە کەمتری تێچوو سەرێشەی گەورەی ڕەخنە و دژایەتیی سەر خۆیان سووک دەکەن. دەزگا ئەمنیەتییەکان ئەم کارەیان بۆخۆیان تابلێی ئاسان کردووە. بەندیی سیاسی هەتا شەرای مەرگ ئەشکەنجە دەکەن. ئەگەر لەژێر ئەشکەنجەدا مرد کە مرد، ئەگەریش گیانی دەرباز کرد، بە ناچارکردنی بە داننانی زۆرەملێ بە تاوانی نەکردوو، تاوانی دژایەتیی خودا و ڕەسووڵی خودا و فەساد لەسەر عەرزیی دەدەنە پاڵ و خوێن و ژیانی حەڵاڵ دەکەن. کۆماری ئیسلامی چل ساڵە ئەمنییەتی پۆلیسیی خۆی بە نرخی ئەو سەرکوت و کوشتوبڕەی زیندانیانی سیاسی و لەبەندا ڕاگرتنی چالاکان و هەڵسووراوان پاراستووە.

ڕەوتی بەردرێژی پێناسەی تاوانی سیاسی لە ئێران دواجار ئەوەی لێ کەوتەوە کە پاش مشتومڕی دەیان ساڵەی نێوان مەجلیس، شورای نیگابان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام یاسایەک لە مجلیس بەو ناوە پەسند بکرێ کە نەک لە هیچ برگەیەکیدا مافی بەندیی سیاسی لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکوو خاڵ بە خاڵی لە بەرژەوەندیی نیزامی سیاسیی وڵات و بەدڵی دەزگای داد و ناوەندە ئەمنیەتییەکان داڕێژراوە. جارێ پێش ئەوە هەر لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا و لە ئەسڵی ١٦٨ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە دادگاییکردنی تاوانبارانی سیاسی دەبێ لە دادگایەکی ئاشکرا و بە بەشداریی هەیئەتی مونسیفە و لە دادگای گشتی و دادگوستەرییەکاندا بەڕێوە بچێ. ئێستا ئەگەر کارنامەی جەلایی‌پوور و خەڵخاڵییەکان و پەروەندەی کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی لە دەیەکانی ٧٠-٦٠ ش لەولا دابنێین، دەبینین ئەوەی بۆی نەگەڕاونەتەوە ئەو ئەسڵەی قانوونی بنەڕەتیی وڵات بووە. چونکی ئێستاش چالاکانی سیاسی لە دادگای داخراو، زۆربەیان بەبێ پارێزەر و لە دادگاییکردنێکی چەند خولەکیدا تاوانی نەکردوویان دەدرێتە پاڵ و دەزگای قەزایی و دادوەرەکان لەڕاستیدا باسکی ئیجرایی و یاسایی ناوەندە ئەمنیەتییەکانن. بەو مانایە بازجووەکان لە پەروەندەسازی بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی چییان گوتبێ و چییان ویستبێ، دادگا لەسەر ئەو دەڕوا. ئەم بابەتە لە کوردستان و بۆ چالاکانی سیاسیی کورد چەند قات لە بەشەکانی دیکەی ئێران زیاتر وەڕاست دەگەڕێ.

لە بڕگەیەکی یاسای نوێی تاوانی سیاسیدا ڕەفتاری سیاسی تەنیا لە ڕەخنەگرتن لە دامودەزگا حکوومەتییەکان و بەڕێوەبەریی ناوەندەکانی سیاسیی وڵاتدا کورت کراوەتەوە، ئەویش بەو مەرجە کە ئەمانە نیازپاکیی لەپشت بووبێ و بە مەبەستی چاکەکاری هاتبن، نەک هەوڵ بۆ بردنەژێر پرسیاری دەسەڵات و هەوڵدان بۆ گۆڕینی! ڕەخنەگرتن لە ڕێبەری و دامودەزگای سەرکوتیش کە بڤەیە و باسی سەرە!

لایەنێکی دیکەی ئەم یاسایە ناڕوونیی پێناسەکە و ئەو سەڵاحییەتەیە کە بە دادگا و قازی دراوە کە بە لێکدانەوەی خۆی دەستنیشانی بکەن چ ڕەفتار و کردەیەک دەتوانێ تاوانی سیاسی بێ و کام دەچێتە چوارچێوەی ئەمنییەت لەدژی نیزام! سروشتییە کە لە ئێراندا دەزگای قەزایی نەک سەربەخۆ نییە، بەڵکوو وەک گوترا باڵی جێبەجێکاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانە و ڕوونە کە هەموو هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵات دەشکێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## عومەر باڵەکی: کۆمەڵگەی کوردستان زیندانیی سیاسی بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ




**وتاری کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**زیندانییە سیاسییەکان و بنەماڵەی سەربەرزیان!**
**نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و میوانانی بەشدار لەو ڕێوڕەسمەدا!**

ئەمڕۆ ١٢ی جۆزەردان هاوکاتە لەگەڵ تاڵیادێکی مێژوویی جووڵانەوەی کورد. ٣٩ ساڵ لەوە پێش لەو ڕۆژەدا لەلایەن فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد ڕاگەیەندرا کە ٥٩ کەسی دەسبەسەرکراوی شاری مەهاباد بەکۆمەڵ گوللەباران کراون. لەو کۆڕەدا ناو و یادی ئەو شەهیدانە بەرز ڕادەگرین و لەگەڵ ڕوحی نەمریان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان کە ڕزگاریی کوردستانە، لە خەبات و بەربەرەکانی لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەوەستین. هاوکات پێشوازی و پشتیوانی لە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی ئێعدامی ئەو ٥٩ بەندکراوە بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**بەڕێزان!**

دیاریکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی کورد لە چەند ڕووەوە گرینگیی خۆی هەیە. چونکی ئەو ڕۆژە

بیرهێنەرەوەی جینایەتێکی سامناکی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستانە. لەو ڕۆژەدا دەسەڵاتدارانی تاران ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهابادیان بێئەوەی لە دادگایەکی عادڵانەدا دادگایی کرابن، لە بەندیخانەیەکی شاری تەوریز گوللەباران کرد. پێش ئەوەش کە بچمە سەر ئەو بابەتە کە بۆچی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد دەستنیشان کردوە، پێم باشە بە کورتییش بووبێ پێناسەیەک لە زیندانیی سیاسی بکەم.

کە باس لە زیندان و زیندانی دەکرێ، وا دێتە بەرچاو کە کەسی گیراو حەتمەن دەبێ کەتنێکی کردبێ و زیانی بە کەس یان کەسان و لە نیهایەتدا بە کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی گەیاندبێ؛ هەربۆیەشە سزاکەی بەندکرانە و بەندیخانەش شوێنی ڕاگرتنی کەسانی تاوانبارە. بەڵام کە لە بابەتی زیندانیی سیاسی ورد دەبینەوە، دەبینین ئەو کەسانە نەک هەر لە ڕوانگە خۆیانەوە، بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆمەڵگە و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانیشەوە هیچ تاوانێکیان نەکردوە کە لەو سۆنگەیەوە بەند بکرێن. هەربۆیەشە ئەو کەسانە کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسیی دەیانناسێ و زیندانیی سیاسیی بریتییە لەو کەسەی لەسۆنگەی ڕۆشنگەری و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە مافەکانیان و تێکۆشانی بەکردەوە بۆ ئەو ئامانجانە لەلایەن دەسەڵاتەوە گیراوە، دەسەڵاتێک کە بیر و هزر و جمۆجۆڵ و چالاکیی ئەو کەسە لەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێ. تاوانی! نەکردووی ئەو کەسانە لە هەندێک سیستمی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامیدا بە بەندکردن نابڕێتەوە، بەڵکوو وەک دەزانین هەزاران کوردی ئازادبیر و ئازادیخوازی لەو چەشنە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و گیانیان لێ ئەستێندراوە. ڕێژیم ئەو کەسانە بە تاوانبار دەناسێ، بەڵام کۆمەڵگە بە قارەمان، ڕێبەر و سەرچەشنی خەباتیان دەزانێ. بۆیەشە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پێزانینی پتری کۆمەڵگە بە زیندانیی سیاسی، پشتیوانی لە پێشنیاری ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان دەکا.

### ئامادەبووانی هێژا!

ئێستا کە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان بەرز ڕادەگرین، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە تێپەڕینی کات نابێ کوژرانی بەناحەقی ٥٩ لاوی مەهابادی و هیچ کام لە تاوانەکانی دیکە کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دەرحەق بە ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان کراون لەبیر گەلی کورد بەرێتەوە. پێویستە حیزبەکانی مەیدانی خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بەدوای لەقاودان و بەدواداچوونی قەزایی بۆ هەموو ئەو جینایەتانەی ڕێژیم بن؛ بۆوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان و دادگا و ناوەندەکانی پێوەندیدار بە پرسی مافەکانی مرۆڤدا، بەرەوڕووی بەرپرسیارەتی و وەڵامدانەوە بکەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ سزای ئەو تاوانە گەورەیە وەربگرێ کە چۆن لە یەک چرکەساتدا و بەبێ هیچ پاساوێکی قانوونی گیانی لە ٥٩ کەسی بێتاوان ستاند و دواتر تەرمەکانیشیانی شوێنبزر کرد؟

**لە پێوەندی لەگەڵ جینایەتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا ئاماژە بە چەند خاڵ دەکەم:**

- پێویستە بگوترێ کە ئەو تاوانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەپێی هەموو پێوانەیەکی ئینسانی، ئەخلاقی و قانوونی دەچێتە خانەی جینایەتی جەنگییەوە. چونکە ئەو ٥٩ کەسە هیچ کامیان بە چەکەوە، یا لە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی دوو لایەنی بەرەی شەڕدا دەستبەسەر و بە دیل نەگیرابوون، تەنانەت ئەگەر بە دیلیش گیرابان، دیسان بەپێی قانوون و عورفی باو و جێگای پەسندی کۆمەڵگەی جیهانی مافیان هەبوو و لەسەر دەسەڵاتە کە مافی دیلەکانی شەڕ پارێزراو بێ.

- هیچ کام لەو ٥٩ کەسە لە دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی نەکراون، هیچ کامیان پارێزەریان نەبووە و بۆخۆشیان لە هیچ بەڵگەیەکدا دانیان بە هیچ تاوانێک دانەناوە.

- بەپێی هەموو سەرچاوەکان و بەتایبەت زانیاریی بنەماڵەکانیان ژمارەیەک لەو ٥٩ کەسە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵ بووە و قوتابیی قوتابخانەکانی مەهاباد بوون. بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و یاسا نێونەتەوەییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە مافە جیهانداگرەکان و تەنانەت قانوونە بەرکارەکانی وڵاتان، هەر کەسێکی خوار تەمەن ١٨ساڵ لە سۆنگەی هەر تاوانێکەوە دەستبەسەر کرابێ، هەتا تێپەڕبوون لە تەمەنی ١٨ساڵی بۆ بڕیاری کۆتایی لەسەر پەروەندەکەی لە بەردەم دادگادا ئامادە نابێ.

- بەپێی ڕێوشوێنە پەسندکراوەکانی دادگاییکردن، ماف بە هەموو تۆمەتبارێک دەدرێ تانە لە بڕیاری دادگا بدا، بەڵام ئەو ٥٩ کەسە تەنانەت دەرفەتی ئەوشیان نەدراوەتێ تا بتوانن تانە لە بڕیاری دادگا بدەن.

- ئەو ٥٩ کەسە لە ڕۆژ و شوێنی جیاجیا و بە شێوەی ڕەشبگیر و هەڕەمەکی لە ماوەی نزیک بە دوو مانگدا لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کراون و پاشان لە زیندانی مەهابادڕا بۆ ورمێ و لەوێشەوە بۆ تەورێز ڕاگویزراون. بەپێی هەموو پێوەرە قانوونییەکان ئەگەر هەرکام لەو ٥٩ کەسە تاوانێکیشان کردبێ، دەبوا دادگای شوێنی ڕوداوەکە بەو پەروەندەیە ڕابگا، نەک دادگایەک لە تەورێز کە تەنانەت لە بواری دابەشکردنی ئیداریشەوە شاری مەهاباد سەر بە پارێزگای ورمێیە نەک تەورێز و؛ ئەوە جێگای پرسیارە کە بۆچی ئەو ٥٩ کەسە وا بەپەلە بۆ تەورێز ڕاگوێزران و لەوێ گوللەباران کران؟

- هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسەی خەڵکی مەهاباد بێجگە لە ڕاگەیەندراوی فەرمانداری کە لە شاردا بڵاو کراوە، لە هیچ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمیی وڵاتدا بڵاو نەکرایەوە؛ تەنانەت ڕۆژنامەکانی "اطلاعات" و "کیهان" کە ڕوومالی ڕووداوەکانی کوردستانیان کردوە، خۆیان لە باسی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بواردوە. دەبێ چ شتێک لە ئارادا بووبێ کە ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە بێتاوانەی مەهاباد ئاوا پەردەپۆش کراوە؟

- بەپێی هەموو سەرچاوەکانی بەردەست ئێعدامکردنی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە دژکردەوەی ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرابەر تێکشکاویی هێزەکانی خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بووە. بۆ



سەرچاوە Serchawe

نموونە لە ڕۆژی یەکەمی جۆزەردانی ساڵی ٦٢دا و، پێش ئەوەی ئەو ٥٩ کەسە بۆ زیندانی تەوریز ڕابگوێزرێن، "بروجردی"، قائیممەقامی قەرارگای هەمزە لە ڕێگای مەهاباد-نەغەدە کوژرا. ناوبراو کە لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان، دروستکردن و ڕێکخستنی هێزی جاش لە کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو، کوژران و لەدەستچوونی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو. هەربۆیە کوژرانی بروجێردی دەنگی لە بەرپرسانی حکوومەتی تاران بەرز کردەوە. مێرحوسێن مووسەوی (سەرۆکوەزیری ئەوکات) بە توندی هێرشی کردە سەر حیزبەکانی کوردستان و داوای کرد هێزە نیزامییەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجێردی بکەنەوە. هاشمیی ڕفسەنجانی، موحسین ڕەفیقدوست و زۆر بەرپرسی پایەبەرزی دیکەی ڕێژیمیش هەڵوێستی توند دەگرن و هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان.

- حەمیدڕەزا جەلایی‌پوور (فەرماندەری ئەوکاتی مەهاباد) لە وتووێژێکدا کە ڕێکەوتی ٢٣ - ١ - ١٤٠٠ لە "پایگاه اطلاع رسانی و خبری جماران"دا بڵاو بۆتەوە بەو شێوەیە پاساو بۆ ئەو جینایەتە دێنێتەوە: "وەزعییەتی ئەمنییەتی چەندی بڵێی خراپ و لاواز بوو. بۆ گاڵتە نابێ، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵدا لەو میحوەرە ٥٠٠ پاسدار کوژرا. دابینکردنی ئەمنییەتی ناوچەکەش لە دەستی فەرماندارییدا نەمابوو، بەڵکوو کەوتبووە دەست قەرارگای هەمزە کە سەیاد شیرازی و محەممەد بروجێردی بەڕێوەیان دەبرد." جەلایی‌پوور ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ لە وتووێژێکدا کە لە دەنگوڕەنگی مەهاباد بڵاو بۆوە، دەڵێ: "ئێمە هەرچی هەوڵ دەدەین ناتوانین ئەمنییەت و هێمنایەتیی شار بپارێزین و بەتەواوی دۆشداماوین، بۆیە ناچارین چاکەکاری وەلا بنێین و ئەو کارە بکەین کە دەبووا چوار ساڵ پێشتر کردبامان..." ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "خەڵکی شاری مەهاباد بە ورد و درشت، پیر و لاو، بازاری و مووچەخۆر هەموویان دژی شۆڕشن..." ئەوە قسەی کەسێکە کە فەرمانداری شار بووە و دوای تێپەڕینی ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە سامناکەدا کە دەروانینە نێوەرۆکی قسەکانی ناوبراو، بەتەواوی هەستی ڕق و کین و دوژمنکارانەی لێ بەدی دەکرێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا جەلایی‌پوور لە گێرانەوەی دۆخی ئەو کاتەشیدا هیچ پاساوێکی قانوونی پێ نییە تا بۆ ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوە بیهێنێتەوە و سەرباقی ئەوە هەر بۆخۆی لە درێژەی وتووێژەکەیدا دانی بەوە داناوە کە "لەنێو ئێعدامکراوەکاندا کەسانێک هەبوون کە نەدەبووا ئێعدام کرابان"!

- بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە سەرتاپای شاری مەهاباد خەم و ماتەم دایگرت. بەرپرسانی ڕێژیم ترسیان ڕێ نیشت کە خەڵکی دڵبریندار شار بەدژیان بخرۆشن، هەربۆیە لەشار دا لەلایەن فەرمانداریەوە حکومەت نیزامی ڕاگەیەندرا و فەزای شەڕ بەتەواوی باڵی بە سەر شاردا کێشا. جەلایی‌پوور هەر لەو وتووێژەدا دان بەوە دادەنێ کە نەدەبووا ئەو ٥٩لاوە ئێعدام کرابان و دەڵێ: "کاتێک هەواڵی ئێعدامی ئەو ٥٩ کەسە لە شاردا بڵاو بۆوە، شار بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە کارە کە هیچ پاساویەکی قانوونیی نەبوو، یەکپارچە داخرا. خەڵک هەقیان بوو نارازی و تووڕە بن.

- دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەفتەری سیاسیی سازمانی ئینقلابیی زەحمتکێشان کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٦ی جۆزەردان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ لاوەیان بەتوندی مەحکووم کرد. لەو بەیاننامەیەدا هاتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو پەڕی بێشەرمییەوە فیلمی لەو جینایەتە سامناکە هەڵگرتۆتەوە و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی ناوچەکە



سەرچاوە Serchawe

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان لە تەلەڤیزیۆنی مەهاباددا بڵاوی کردۆتەوە. ئەم دوو حیزبەی کوردستان لە بەیاننامەکەدا ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان بە ڕۆژی ماتەمینیی گشتی لە سەرانسەری کوردستاندا ڕادەگەیەنن و داوا لە خەڵک دەکەن لەو ڕۆژەدا بە مانگرتنی گشتی ڕق و بیزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لەو جینایەتەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرببڕن. خەڵکی کوردستان بە پیل ئەو بانگەوازەوە هاتن و ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان مانگرتنی گشتی بەڕێوە چوو.

**پێویستیەکانی دەستنیشانکردنی ڕۆژێک بە ڕۆژی زیندانیی سیاسی**

- کاتیک ڕۆژێک بەو ناوە دیاری کرا، هەموو ساڵێک ئەو دەرفەتە دەخوڵقێ تا لەو ڕۆژەدا یادی زیندانییانی سیاسیی تێدا بکرێتەوە.

- ئیعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە کاریگەریی لەسەر ڕوح و ڕەوانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەبوو. دوای تێپەڕبوونی ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو جینایەتە سامناکە ئەو ئاسەوارە ئێستاش هەر بەدی دەکرێ.

- لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەیەکی دەیان کەسی لە بەندییە سیاسییەکان لەو ڕۆژەدا بەکۆمەڵ ئێعدام کران، بەڵام هەتا ئێستاش دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگییان لە هەمبەر ئەو تاوانە و وردەکاریی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی جینایەتەکە و شوێنی ناشتنی تەرمی ئەو شەهیدانە کردوە. ئەوەش زوڵمێکی دیکەیە دەرحەق بەو زیندانییانە و بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردستان بەگشتی کە دەبێ بەردەوام لەقاو بدرێ.

- ئێعدامی بەکۆمەڵی ئەو ٥٩ کەسە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە، نیشانەی بەچۆکدانەهاتن و بەرگریکردنی ئازایانە لە ئامانج و داخوازە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان سەرەڕای ئازار و ئەشکنجەدانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئەو ئازایەتی و خۆڕاگرییە شایانی ئەوەیە کە بەردەوام لەسەری بنووسرێ و بگوترێ، بۆوەی ببنە سەرمەشق بۆ هەموو زیندانییانی سیاسی.

- ئەو ٥٩ لاوە ئەگەر هەمووشیان سەر بە حیزب یا ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیاریکراو نەبوون، بەڵام لە یەک شتدا هاوبەش بوون؛ ئەویش باوەڕ و شعووری نیشتمانپەروەری وگەڵدۆستییە کە دوژمنی گەلی کوردی ناچار کرد هەر هەموویان پێکەوە ئیعدام بکا. ئەوە میراتێکی مەعنەویی بەهێز بۆ جووڵانەوەی سیاسیی کوردە کە پێویستە بە بەردەوامی بە هەموو نەوەکانی کۆمەڵی کوردەواری ببرێ.
لە کۆتاییدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای پێشوازی و پشتیوانی لەو ناودێرکردنە کە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی زیندانیی سیاسیی کورد پێشنیاری کردوە، وەک هەمیشە پابەند دەبین بەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی لە پێوەندی لەگەڵ زیندانییانی سیاسیدا دەکەوێتە سەر شانی حیزب.


بەرز و بەڕێز بێ یادی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد و هەموو بەندکراوانی سیاسیی شەهید.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## "یادێک لە ساڵڕۆژی ئێعدامی جەنایەتکارانەی ٥٩ خەباتکار و تازەلاوی شاری مـــهاباد"




**عەزیز ئاجیکەند**

١٢ی مانگی جۆزەردان یەکێک لەو ڕۆژانەیە کەوەک ڕۆژانی خوێناوی لە مێژووی پڕلەجەنایەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردوستان، هەموو سالیک یادی لێدەکرێ. لە وەها ڕۆژێکدا بوو کە کوشتاری بە کۆمەڵی ٥٩ کەس لە خەباتکارانی شاری مهاباد بە دەس بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی رەقەمی خواردو لاپەرەیەکی ڕەشی تری بەجەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردوستان زیاد کرد .١٢ی مانگی جۆزەردان وەبیر هێنەرەوەی یەکێک لەو جەنایەتە سامناکانەیە کە لە دەورانی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا، بەڕێوەچووە. لەم ڕۆژەدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە جەنایەتێک کە ئاسەوار و بەڵگەکانی تا ئیستاش ڕادەیەکی زۆر لە خۆی وەحشەگەری و دڕندەیی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی نیشان ئەدات.

ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان و تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی شاری مهاباد، ٥٩ کەسی بە شێوەی بەکۆمەڵ لەسێدارە دا. زۆربەی ئێعدام کراوەکان لە مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵان، بە شێوەی ڕەشبگیر لە شەقامەکانی شار ڕفێندران و بە بارمتە گیرابوون. ژمارەیەک لەوان، تازەلاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵ تەمەن بوون و چەند کەسیان لە دەبیرستانەکانی شاری مهاباد دەرسیان دەخوێند. سەرلەبەیانی رۆژی ١٢ی مانگی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی، فەرمانداریی شاری مهاباد ڕاگەیاندنێکی لە ئاستی شاردا بڵاو کردەوە کە ناوی ٥٩ کەس لە ئێعدام کراوەکان لەم ڕاگەیاندنەدا هاتبوو.

ڕژیم کە لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا گەلێکی زیانی بەرکەوتبوو، وەکوو مارێکی زاماری لێهاتبوو، بۆ تۆڵە سەندنەوە



سەرچاوە
Serchawe

بڕیاری دا کە بە ڕژاندنی خوێنی لاوان و تازەلاوانێک کە بە بێ هیچ بەڵگەیەک ڕفاندبوویانی و زیندانی کردبوون، ژەهری خۆی بڕژێنێتە جەستەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت خەڵکی خۆڕاگری شاری مهاباد.

بەڕێوەبەران و سەبەبکارانی ئەم جەنایەتە کەسانێک بوون کە لە ساڵەکانی دواتردا، بەرگی ئیسلاحخوازیان لەبەر کرد و بۆ ڕزگار کردنی ڕژیم لە قەیران، ڕێگایەکی دیکەیان گرتە بەر. بەڵام ئەم هەڵوێستە نوێیەی ئەوان نەبووە هۆی ئەوەیکە تەنانەت تاقە کەسێکیشیان بۆ یەک جاریش بووە، بەرپرسایەتی خۆی لەم جەنایەتە و زۆرێک لە کارەساتەکانی جەنایەتکارانەی ڕژیم لە دەیەی ٦٠ دا قبوڵ بکات. "میرحوسێن موسەوی" سەرۆک وەزیری ئەو کات کە بە توندترین شێوە هێرشی کردە سەر خەڵکی خۆڕاگری کوردستان، یەکێک لەو کەسانە بوو کە زەمینەی ئەم جەنایەتەی خولقاند. هەر لەو کاتەدا هاشمی ڕەفسەنجانی لەمبارەوە سوخەنڕانییەکی زۆر توند و هەڕەشە ئامێزی کرد ."جەلایی پور" فەرمانداری شاری مهاباد بە حزووری فەرماندەی گشتی قەرارگای حەمزە و بە پشتیوانی "ناتق نووری" وەزیری ناوخۆ و "حەسەنی" ئیمام جومعەی ورمێ، بڕیاری ئێعدامی ٥٩ کەس لە لاوانی زیندانی ناوەندی شاری مهابادیان دەرکرد. ئەم ٥٩ کەسە لە زیندانی مهابادەوە بۆ شاری تەورێز گواسترانەوە و لەوێ لە دادگایەکی چەند چرکەییدا، بە بێ ئەوەیکە هیچ تۆمەتێکیان لەسەر ساغ بێتەوە، بە ئێعدام مەحکوم کران. بنەماڵەی ئەم قوربانیانە، هیچ کات و تا ئێستاش لە گلکۆ و شوێنی ئەسپەردە کردنی تەرمی ئازیزەکانیان ئاگادار نەبوونەوە. لە ساڵڕۆژی ئەم کردەوە جەنایەتکارانەیەدا ڕێز لە یادوبیرەوەری قوربانیانی ئەم کارەساتە دەگرین و سڵاو و درود دەنێرین بۆ بنەماڵە خۆڕاگر و سەربەرزەکانیان.

**بۆ ڕێزگرتن لە یادوبیرەوەری ئەم ئازیزانە جارێکی تر ناوەکانیان لێرەدا دەهێنینەوە:**

**غوڵامڕەزا بارێزی**
**حەسەن جەهانیان**
**عەلی بانەیان**
**محەممەد عەلیاڵی**
**محەممەد ئەمین سەفا**
**هومایون نیلوفەری**
**مەحمود ریازی**
**محەممەد حوسێنی**
**عەباس حوسەینپوور**
**کازم خاتوونی**
**عەلی مەزنە**
**عەبدوڵڵا تەجەریان**
**ڕەحمان ڕەحیمی**
**عەلی گۆڵپەرەست**



سەرچاوە Serchawe

موستەفا عێسمەتی

خالق بارزانی

یوسف ئەیازی

کەماڵ چاوشینی

حەسەن ڕەحمانیان

خالید ڕەحیم ئازەر

خالید سەفایی

سەید ئیبراهیم ئەحمەدی

محەممەد مەسعودی

محەممەد ئەبوبەکری

وەفا ئێلیاسی

مەنسور جیناح

محەممەد ئەمین ئەحمەدی

محەممەد سەلیمی

فەرەیدون شەنگە

عەلی بازیان

خزر ڕەنگین

ئەبوبەکر شوکری

ماشائڵلا نادری

هەژار کەریمی

کماڵ کەریمی

کەریم ڕەحیمیان

یوسف حەبیب پەناه

محەممەدفارۆق بازیار

ئیبراهیم ئەمینی

ساڵح مام ئیبراهیمی

شوکرێ نادری

موستەفا فەقری

عەلی غەوارە

عەلی سەلاحی

مەلاحەسەن لاجەوەردی

سولەیمان حەسەن زادە

یوسف حەسەن زادە

کەریم کاوە

سەید مەحمود سەید مەحمودی

حامید مەحمودکەندی

حوسێن کەلهۆری

عەباس یوسفی

سیامەک سەقزی

عەلی ئابادە

کامران زاهێرحێجازی

ساڵح فەرهودی

مەقسود مەحمودی

ئەحمەد کەڕوبی

رەحمان خزرپور

پاش تێپەربوونی نزیک بە چوار مانگ لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی قارەمانی باژێری مەهاباد لە ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی سالی ١٣٦٢ی هەتاوی ، رژیمی خوێنمژی ئێران کە نەیتوانی بە لە سێدارەدانی ئەم پۆلە لاوە قارەمانە ئامانجەکانی بپێکێ جارێکی تریش دەستی دایە تاوان و ٣٣ کیژو لاوی بێتاوانی تری بە جێگۆرکەی پیکردن بۆشاری تەورێز و پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لەسێدارە دا.

لاوانی سێدارە درا بریتین لە:

١- ئەحمەد بابا سووری

٢- جەعفەر پورسوڵتانی

٣- عەبدوول رەحیم ماملێ "نەجات"

٤- محەمەد سەبزەچی

٥- ناسر هەندوش

٦- مەحموود ئیبتیدا

٧ -قادر بایزیدی

٨- رەسول رەشیدی

٩- سولیمان ئاهنگەری

١٠- سولیمان پیرۆتزادە

١١- سولیمان مەولانی

١٢- خەسرەو سازواری



سەرچاوە
Serchawe

١٣- قادر کاکەمەمی

١٤- کەریم پێغەمبەر نژاد

١٥- محامەد جەنەتی

١٦- حەسەن جەنەتی

١٧- عەلی بامداد

١٨- یونس پیرزادە

١٩- عەلی ئازەرگوتە

٢٠- کەریم ئەحمەدی

٢١- ڕەحمان بنگینی

٢٢- سەید عەلائەدین حۆسێنی

٢٣- سولتان بەنایی

٢٤- یوسف عابێد

٢٥- جعفەر حەسەنزادە

٢٦- جعفەر عیسمەتی

٢٧- یوسف موحەمەدی

٢٨- خۆشناو قازیزادە

٢٩- مۆحسێن عەلێە

٣٠- فایەق کەریمی

٣١- جعفەر پاکزاد

٣٢- ئەحمەد ئەمینی

٣٣- جعفەر مامڕەمەزانی

**ئەو ناوانەی خوارەوەش یان لەگەڵ ٥٩ کەسەکە لە سێدارە دراون یان خۆ بە جیا کە وێڕای ڕێز گرتن لە یادیان ناوی ئەوانیش دەنوسین:**

١- عەلی تکمەچی

٢- یونس پیردۆخت

٣- سەید ئیبراهیم سەید ئەحمەدی

٤- نەسرین کاڵ



سەرچاوە
Serchawe

٥- عوسمان بەتوراک

٦- عەلی سەلامی

٧- مەعسومە سەرهەنگی

٨- ئەبوبەکر پەرتەوێان

٩- خالید مەسماری

١٠- حەبیب خاتەمی

١١- عەلی غوارە

١٢- مەسعود میر مەحموودی

١٣- محەمەد مەسعوود زایرحەجازی

١٤- سەید ئەنوەر شوکری

١٥- عەبدووڵا ئاهەنگەری

پیویستە بوترێ کە لە ساڵی ١٣٦٢ زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە ماوەی ٤ مانگان دا لە سێدارە دران. رۆژی ١٢ی جۆزەردان کە ڕۆژی لەسێدرەدانی ٥٩ گیانبەختکردۆکەیە لە ڕاستیدا بووەتە ڕۆژی یادکردنەوەی هەموو ئەو ئازیزانەی کە لەو ماوەیە دا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە لە سێدارە دراون.

بەداخەوە زۆر جار لەبەر نەبونی زانیاری دروست لەسەر ئەو ئازیزانە بە تایبەتی ژومارەیان و هەروەها نەبونی وێنەی زۆربەیان کە ژومارەیان دەگاتە ٢٥٠ کەس ، تەنیا بە یادکردنەوەی ٥٩ کەسەکە پەسەندە کرواە . ئیمە بەرێوەبەرانی ستافی دوارۆژ هەولماانداوە کە لێرەو ولەوێ بەتایبەتی لەسەر لاپەرەی فەیسبوکی زۆر بەرێز " وریا مامڵێ" برێکی زۆر زانیاری لە سەر ئەو ئازیزانە کۆبکەینەوە .هیوادارین لەمەو بەدواش بە یارمەتی ئێوە خوێنەرانی ئازیز بتوانین ناوو وێنەو ژیاننامەی ئەو ئازیزانە کۆبکەینەوەو بیخەینە بەر دەم کۆمەلانی خەلکی شۆرشگێری کوردوستان.

ئەو وێنانەی کە لە خوارەوە دەیانبیین تێکەڵاوێکن لە هەموو وێنەی ئەو ئازیزانەی کە لەو چوار مانگە دا لە سێدارە دراون.

خەڵکی شۆرشگێری کوردوستان بە تایبەتی خەلکی مەهاباد تاوانبارانی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆی، بەڕیوەبەرانی ئەم جەنایەتە نە لە بیر دەکەن و نە دەشبەخشن. سەرئەنجام ئەو رۆژە دێت کە سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دادگای دادی خەڵکی ئازار جەشتوی ئێراندا محاکەمە بکرێن و ڕازە سەربەمۆرەکانی جەنایەتگەلێکی بێ ئەژمار کە کردویانە ئاشکرا بێت و سزای شیاوی خۆیان وەربگرن. یاد و بیرەوەری گیانبەختکردوانی کوشتاری بەکۆمەڵی ساڵی ١٣٦٢و باقی گیانبەختکردوانی ڕێگای ڕزگاری بەشەریەت بۆ هەتا هەتایە زیندوە و جێی ڕیزە.

بە ئۆمێدی ئەو ڕۆژەیکە جەنایەتکارانی کۆماری ئیسلامی لە دادگای هەڵبژێراوی چەوساوەکانی ئێران موحاکمە بکرێن و هەموو جەنایەتی نهێنی و ئاشکرایان بخرێتە ڕوو و سزای کردەوە دژە مرۆییەکانیان وەرگرن.

جارێکی تریش ڕێز دەگرین لەیادی ئازیزو خۆشەویستیان

مـرگ و نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان

بروخێ کۆماری ئیسلامیی

سەرچاوە: ماڵپەڕی دوارۆژ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوولای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد؛ لاپەڕەیەکی دیکە لە کارنامەی پڕ لە تاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی



**شەیر**

ڕۆژی شەممە دوازدەی مانگی جۆزەردان چل و یەکەمین ساڵڕۆژی ئێعدامی جەنایەتکارانەی ٥٩ کەس لە تێکۆشەران و تازەلاوانی شاری "مەهاباد"ە. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، واتە ٤١ ساڵ لەمەوبەر، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان و تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی مەهاباد، ٥٩ کەس لە تازەلاوان و لاوانی ئەمشارەی بەکۆمەڵ ئێعدام کرد. زۆربەی ئێعدامکراوان پێشتر لە مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵاندا بەڕێکەوت لەسەر شەقامەکانی شار ڕفێندرابوون و بە بارمتە گیرابوون. ژمارەیەکیان تازەلاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵ بوون و چەند کەسێکیشیان لە دەبیرستانەکانی مەهاباد دەیانخوێند.

ڕۆژی ١٢ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢، خەڵکی مهاباد بەرەورووی ڕاگەیاندراوێک لە لایەن فەرمانداریی بوونەوە کە لە ئاستی شاردا بڵاو کرابۆوە. لەم ڕاگەیاندراوەدا ناوی ٥٩ کەس لە ئێعدام کراوەکانی تێدا هاتبوو. "حەمید ڕەزا جەلایی پوور"، فەرمانداری جەنایەتکاری ئەوکاتی مهاباد دەستووری بڵاو کردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنەی لە ئاستی شاردا دابوو.

ڕۆژی یەکی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ "محەممەد برووجێردی" فەرماندەی باڵا و بیرمەندی سپای پاسداران لە بەرەی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە لەگەڵ پێنج کەسی تر لە فەرماندە بەکرێگیراوەکانی سپا لە سێ ڕێیانی مەهاباد – نەغەدە، بەهۆی ڕۆیشتنە سەر مین، ئۆتۆمبێلەکەیان تەقیەوە و کوژران. کوژرانی برووجێردی بۆ ڕژێم یەکجار گرینگ بوو. برووجێردی لەگەڵ موحسین ڕەزایی، بەرپرسی



سەرچاوە Serchawe

پاراستنی خومەینی بوو لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧. ئەو فەرماندەی سەرەکیی عەمەلیاتی سپا لە غەربی ئێران بوو و گشت عەمەلیاتەکانی سپای هیدایەت دەکرد. کوژرانی ناوبراو کاردانەوەی توندی هەموو کاربەدەستانی ڕژیمی لێکەوتەوە. هاشمی ڕەفسەنجانی کە ساڵی ٩٥ی هەتاوی لە کاتی مەلەکردن لە حەوزی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزامدا تووشی وەستانی دڵ بوو و لە گۆڕەپانی سیاسەت چووە دەرێ، وە میرحسێن مووسەوی کە دەمێکە جلی سەوزی ڕێفۆرمخوازیی کردووەتە بەر و ئێستا لە لەناو ماڵدا زیندانی کراوە، ئەوکات بە توندی هێرشیان کردە سەر گرووپە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان هۆشداریان بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دا و داوایان کرد کە لەدژی ئەوان پێداگریی زیاتر بکرێت. "مۆحسێن ڕەفیق دووست" وەزیری سپای پاسدارانیش باسی لە تۆڵەسەندنەوە دەکرد. ڕژیم کە لە بەرەکانی نەبەرد لەگەڵ پێشمەرگە گورزی گرانی وێکەوتبوو و وەک ماری برینداری لەخۆی دەهاڵا، بڕیاریدا کە بە ڕشتنی خوێنی لاوان و تازە لاوانێک کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک ڕفاندبوونی و زیندانیی کردبوون، تۆڵە لە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە خەڵکی خۆڕاگری مهاباد بکاتەوە.

"حەمید ڕەزا جەلایی پوور" فەرمانداری مەهاباد، "محەممەد ئیبراهیم سەنجەقی"، فەرماندەی قەرارگای حەمزە، "ناتق نووری"، وەزیری ناوخۆ، "حسێن شێخ عەتار" ئۆستانداری ئەوکاتی ئازەربایجانی غەربی و لە تۆمەتبارانی قەتڵی شاپوور بەختیار، "غولامرەزا حەسەنی" ئیمام جومعەی شارستانی ورمێ، بەڕێوەبەر و بڕیاردەری کوشتاری قارنێ و قەلاتان، "سەید حسێن مووسەوی تەبریزی" دادستانی گشتی، "سەیاد شیرازی" فەرماندەی هێزی زەمینیی ئەرتەش لە زومرەی ئەو کەسانە بوون کە ناویان لە لیستی بەڕێوەبەرانی ڕاستەوخۆی ئەم جەنایەتەدا هاتووە.

ئەم ٥٩ کەسە دەستبەسەرکراوە، ڕوانەی شاری تەورێز کران و لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا، بە بێ ئەوەیکە هیچ تۆمەتێک دژبە هیچ کامیان بسەلمێندرێ، بە ئێعدام مەحکووم کران و بە جوخەکانی مەرگ سپێردران. بنەماڵەی ئەم قوربانییانە هەرگیز لە شوێنی ناشتنی ئازیزانیان ئاگادار نەکرانەوە.

لەدوای ئەم کردەوە تاوانکارانەیەی ڕژیمی ئیسلامی، شاری قارەمانی مەهاباد بوو بە قەڵایەکی قایمی خەبات بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران. لە سەرەتای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا لاوانی شۆڕشگێڕی مەهاباد ئەم شارەیان کرد بە سەنگەرێکی پڕگڕوتینی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی جەهل و سەرمایە. لەم ڕۆژەدا ڕێز لە یاد و بیرەوەریی ئەم ئازیزانە دەگرین و ستایشی خۆڕاگری و سەبووریی بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکەین.

### ناوی گیانبەختکردووان بریتین لە:

غولام ڕەزا بارزی، حەسەن جهانیان، عەلی بانەیی، محەممەد عەلیاڵی، محەممەد ئەمین سەفا، هومایون نیلوفەر، مەحمووود ڕیازی، محەممەد حسێنی، عەباس حسێن پوور، کازم خاتونی، عەلی مەزنە، عەبدوڵڵا تەجەریان، ڕەحمان ڕەحیمی، عەلی گەڵپەرست،

مستەفا عیسمەتی، خالەق بارزانی، یوسف ئەیازی، کەماڵ چاوشی، حەسەن ڕەحمانییان، خالد سەفایی، خالد ڕەحیم ئازەر، سەید ئیبراهیم ئەحمەدی، محەممەد مەسعودی، محەممەد ئەبوبەکری، وەفا ئەلیاسی، مەنسور جەناح، مەحەممەد ئەمین ئەحمەدی، محەممەد سەلیمی، فەرەیدون شەنگە، عەلی بازیان، خدر ڕەنگین، ئەبوبەکر شوکری، ماشەڵڵا نادری، هەژار کەریمی، کەمال کەریمی، کەریم ڕەحیمییان، یوسف حەبیب پەنا، محەممەد فاروق بازیار، ئیبڕاهیم ئەمینی، ساڵح مام ئیبڕاهیمی، شوکری نادری، مستەفا فەقری، عەلی غەوارە، عەلی سەلاحی، مەلا حەسەن لاجوەردی، سلێمان حەسەن زادە، یوسف حەسەن زادە، کەریم کاوە، سەید مەحموود سەید مەحموودی، حامد مەحموود کەندی، حسێن کەلهوڕی، عەباس یوسفی، سیامەک سەقزی، عەلی ئابادە، کامران زاهیر حجازی، ساڵح فەرهودی، مەقسود مەحموودی، ئەحمەد کەڕوبی، ڕەحمان خزر پوور

بەرز و بەڕێز بێت یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد

سەرچاوە: ماڵپەڕی - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٢٤




**شۆڕش ئەسەدزادە**


**٤٠ ساڵ پێش ئێستا و لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا، ڕێژیم لە ڕەشبگیرییەکدا لە شاری مەهاباد ٥٩ لاوی بێ تاوانی گوللەباران کرد!**

ڕژێمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەرەتای هاتنەسەرکارو بەدەسەڵات گەیشتنی ، هەمیشەو لەهەموو کاتێکدا دژی ماف و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان بووە، بۆیە قەت لەوێرانکردن و کۆمەڵکوژی خەڵکی گوندەکانی کوردستان و لەسێدارەدان و ئیعدامی لاوەکان درێغی نەکردووەو زیاتر لەوەش لەباری دینییەوە دەستووری جەهاد لەدژی خەڵکی کوردستان دراوەو دەستی هێزە نیزامیەکانیان ئاوەڵا کردووە بۆ هەر جنایەتێک لە کوردستان ئەنجامی بدەن. ئەوانەی ئێستا کە سەرۆک کۆمارن و فەرماندەرانی یەکەم و پلە بەرزی سوپای پاسداران و ئیتلاعات و هێزەکانی دیکەی ئەم ڕژیمەن هەموویان دەستیان بەخوێنی خەڵکی بێگوناحی کوردستان سوورە، ئێستاش دوای زیاتر لە چل ساڵ تەمەنی ئەم ڕژیمە کۆنەپەرستە هیچ کاتێک ئامادە نەبووە نیەو نابێ کە کێشەکانی خەڵکی کوردستان لەڕێگای ئاشتیەوە چارەسەر بکات بۆیە هەمیشە کوردستانی لەباری ئەمنیەوە چاو لێکردووەو ڕێگای چارەسەری سیاسی لەسەر داخستووە، ئەم ٥٩ لاوەی مەهابادی لەڕەشبگێرییەکی لەناکاودا دەگیرێن و دەخرێنە زیندانە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ خراپترین ئەشکەنجەو زەبروزەنگ ڕووبەڕوو دەبن، هەرچەندە زۆرترینی ئەم لاوانە تەمەنیان نەگەیشتبووە تەمەنی یاسایی بەڵام بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ چەشنە مافێکی مرۆڤ و نێونەتەوەیی بەداخێکی زۆرەوە هەموویان دەبرێنە بەر چووغەی ئیعدام و گوللەباران دەکرێن، هەتا ئێستاش گۆڕو جێگای ناشتنی ئەم شەهیدانە بەنادیاری ماوەتەوە، کەهەرگیز ئەم جنایەتە لە زکرو فکری خەڵکی مەهاباد و بنەماڵەکانیان ناچێتەوە، هەر بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم جنایەتەی ڕژیم خەڵکی کوردستان بەگشتی و مەهاباد بەتایبەتی نەکوو چاوترسێن نەکران و نەبوون بەڵکوو گڵپەی ئاگری شۆڕش و شۆڕشگێڕان زیاترو زیاتر گڵپەی گرت و هەست و ئیحساساتی لاوەکان و خەڵکی کوردستان زیاتر پەرەی ئەستاند. هێزەکانی پێشمەرگە بە تۆڵەی ئەو ٥٩ لاوە

شەهیدە لەهێزی بێستوون لە کرماشان و کامیاران بەفەرماندەیی شەهید کاک شاپوور فیروزی ٥٩ عەمەلیات بەتۆڵەی ئەم شەهیدانە ئەنجام دران ، کە بە دەیان کەس لەهێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون. هەروەها لەهێزی پێشەوا چەندین عەمەلیاتی پێشمەرگانە بەتۆڵەی ئەم شەهیدانە ئەنجام دران کە گەورەترینیان گرتنی پایەگای گەورەی ناوچەی شارویران بوو کە لەسەر گوندی گابازەڵە دامەزرابوون ، زیاتر لە ١٠٠ کەس لەهێزەکانی ڕژیم گیران و کوژران. بۆ جارێکی تر دڵنیایی دەدین بە بنماڵەی سەربەرزی شەهیدان کە ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان درێژەی هەیەو خوێنی بەناحەق ڕژاوی ڕۆڵەکانیان بەفیڕۆ ناچێ و هەتا بەدیهێنانی هەموو ئاوات و ئامانجەکانیان شۆڕش و خەبات هەر بەردەوامە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠٢٣

## پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ساڵڕۆژی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد لە مەهاباد




**خەڵکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کوردستان!**
**زیندانییە سیاسییە خۆڕاگرەکان!**

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی خەڵکی مافویست و ئاشتیخوازی کوردستان دوای دەیان ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان و خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی هیوای ئەوەیان دەخواست کە بە ماف و ئازادییە زەوتکراوەکانیان بگەن. بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بناغەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی لەسەر خنکاندنی ئازادییەکان و سەرکوتی جیابیران دانا و بۆ ئەوەش لە کوردستانڕا دەستی پێ کرد، چونکی کوردستان ئیرادەی مافخوازی و خۆڕاگریی لە خۆی نیشان دابوو.

هێرشی بەربڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم بەهاری پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا ڕووداوەکانی نەورۆزی خوێناویی سنە و کومەڵکوژییەکانی قارنێ، قەلاتان، سۆفیان و قەرەگوڵ و سەوزی و؛ ئێعدامەکانی نێو شاری سنە و سەقز و شار و ناوچەکانی دیکەی لێ کەوتەوە. جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای لەشکرکێشیی هەمەلایەنە و داگیرکردنی شار و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان پتر بوون کە دەسبەسەرکردنی ٥٩ لاوی مەهابادی و ئێعدامکردنیان لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی یەک لەوان بوو. ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرە کوردە پاش دەسبەسەرکران بەبێ ئەوەی کەس بزانێ لەسەر چی گیراون و بێئەوەی لە دادگایەکدا دادگایی بکرێن و دەرفەتی بەرگریکردنیان بدرێتێ، پاش ماوەیەکی زۆر کەم لە گرتنیان لە شاری تەورێز گوللەباران و تەرمەکانیشیان شوێنبزر کران. ئەو جینایەتە سامناکە پەڵەیەکی ڕەشی دیکەیە بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ئەبەد لەبیر خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کورد ناچێتەوە.

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر گەلی کورد دەستی پێ کردبوو، ئاکامەکەی سەپاندنی شەڕێکی خوێناوی بە سەر گەلی کورد بوو، شەڕێکی فرەڕەهەند لە چەند بەرەدا. هەم لە گۆڕەپانی لەشکەرکێشییەکانی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە و، هەم لە سەرکوتی جیابیران و ئازادیخوازەکان و قەلاچۆکردنی زیندانەکان لەو کەسانەی ئامادە نەبوون چۆک بۆ ویستی دەسەڵاتی سەرکوتگەر دابدەن. ئەوە وایکردبوو کە زیندانەکانیش ببنە سەنگەرێکی دی لە خۆڕاگری و ئیرادەنوێنیی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە هەم لە بەرەکانی شەڕدا تووشی شکست ببوو، هەم لە بەرانبەر خۆڕاگریی هێزە سیاسییە ئازادیخوازەکاندا تووشی زەبوونی هاتبوو، تۆڵەی شکانە یەک لە دوای یەکەکانی لە زیندانیانی سیاسی بکاتەوە. بەمجۆرە ئێعدامە سیاسییەکان کە هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ لە سەربانی خوێندنگەی "ڕیفاه" دەستی پێ کردبوو، و لە مەهاباد جینایەتی وەک ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادیی لێ کەوتبۆوە؛ لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا گەیشتە لوتکە.

ئاماری ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ و هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم دەڵێن کە لەو ساڵەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تۆڵەی شکستەکانی لە مەیدانی شەڕ لەگەڵ عێراقدا و پاش ملڕاکێشانی بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ، لە نێوخۆی وڵاتدا کەوتە قەڵتوبڕی دژبەرانی خۆی و زیاتر لە سی هەزار بەندکراوی سیاسیی ئێعدام کرد. ئێعدامی زیندانییانی سیاسی دواتریش هەر سیاسەتی نەگۆڕی ڕێژیم بەتایبەت لە کوردستان و دەرحەق بە جووڵانەوەی سیاسیی کورد بوو، کە تازەترینی ئەو جینایەتانە، ئێعدامی "حەیدەر قوربانی" بوو کە چەند مانگ لەوە پێش لە بەندیخانەی ناوەندی شاری سنەدا لە سێدارە درا.

### خەڵکی خۆڕاگر و خەباتکاری کوردستان!

٣٩ ساڵ لەمەوبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دەستبەردانەوەی لاوانی کورد لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە جینایەتی ئێعدامی ٥٩ لاوی خەڵکی شاری مەهاباد خوڵقاند. بەڵام لاپەڕەکانی مێژووی ئەو گەلە شایەتی دەدەن کە لاوانی کورد لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی نەتەوایەتی و لە هەموو سەنگەرەکانی پارێزگاری لە خاک و کەرامەتی نیشتمانیدا پێشەنگ، ڕچەشکێن، چیایی و قورس و قایم لە مەیداندا بوون. یەکێک لەو مەیدانە سەرەکییانەی خەباتیش زیندانەکانی ڕێژیم بوون کە لاوانی زیندانبەزێنی کورد کردوویانە بە مەتەرێزی خۆڕاگری و بەرگری لە مافی نەتەوەکەیان. کۆماری ئیسلامی بەو خەیاڵەی زیندان وەک ئامرازی ترس و تۆقاندن و سەرکوت وره بە لاوانی خەباتکاری کورد و لە وزەی خەباتگێڕی بەتاڵیان دەکاتەوە، کەچی زۆرباش ئەو وەڵامەی وەرگرتەوە کە گرتووخانە بۆ ئەوان قەڵای نەسرەوتن و خۆڕاگرییە و "قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە"

٤٣ ساڵ سیاسەتی سەرکوت، ٤٣ ساڵ بەردەوامیی جینایەت و ڕەشەکوژی، ٤٣ ساڵ سووربوون لەسەر گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد و شەڕ لە دژی ئەو نەتەوە لە هەموو بوارێک و بە هەموو ئامێرێک، هیچ دەسکەوتێکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

نەبووە، چونکی ئیرادەی مافخوازیی ئەو گەلە زۆر لەوە سەرتر و پترە کە بە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بەچۆک دابێت. بەشداریی هەمەلایەنە و مەیدانداریی لاوانی کورد لە هەموو مەیدانەکانی خەبات چ لە ڕیزی پێشمەرگایەتی و چ لە گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی لە کوردستان بەڵگەی شکۆمەندیی مافخوازی و ئیرادەگەریی کورد و لە هەمانکاتدا زەبوونی و داماویی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامییە.

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**زیندانییانی سیاسیی خوڕاگر!**

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ڕاوێژ لەگەڵ چەند لایەنی سیاسی و کۆمەڵێک ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ و بەندکراوانی سیاسیی کورد، وێڕای وەبیرهێنانەوەی تاوانی سامناکی تیربارانکردنی ٥٩ لاوی کورد لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا، ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە ڕۆژی زیندانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ناودێر دەکا.

بەمجۆرە هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا وێڕای بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی ئەو ٥٩ شەهیدە بێتاوانەی کوردستان، ڕێز لە خەبات و خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسیی کورد دەگرین و سڵاو بۆ ئیرادە و زیندانبەزێنییان دەنێرین کە سەرەڕای هەموو ئەشکەنجە و ئازارکانی نێو زیندان و بێمافییەکانیان، بەڵام سەری خۆیان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردیان بەرز ڕاگرتوە. هەروەها سەرِ کرنۆش دادەنوێنین بەرانبەر بە قامەتی بەرزی هەموو ئەو شەهیدانەی کە بە ڕووسووری و شکۆمەندییەوە چوونە بن پەتی سێدارە، بەڵام سەریان نەوی نەکرد و چۆکیان بۆ دوژمن دانەدا. هەروەها لەو ڕۆژەدا چوونە سەر گڵکۆی زیندانیانی سیاسیی شەهید و سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی زیندانیانی سیاسی بە ئەرکێکی نیشتیمانی بۆ خۆمانی دادەنێین.

سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی١٢ی جۆزەردان.
سڵاو لە ئیرادە و خۆڕاگریی گەلی کورد.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان


١٢ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی

٢ی جوونی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی کاک مستەفا هیجری بە بۆنەی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان




لە یادی ٥٩ لاوی لەسێدارەدراوی مەهابادی لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و ناودێرکردنی ڕۆژی ڕوودانی ئەم تاوانە سامناکەی کۆماری ئیسلامی بە "ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردستان"، وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، سڵاوی ئەمەگ دەنێرین بۆ ئیرادەی پتەو و خۆڕاگریی زیندانییانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بێگومان، زیندانییانی سیاسیی کوردستان، لە لایەک هێمای زیندوویی و بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمانن؛ لە لایەکی دیکەوە، سەلمێنەری ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی تاکە شۆڕشگێڕ و بەباوەڕەکانی کوردستانن کە زیندان و ئەشکەنجە و تاوانەکانی دوژمن چۆکی پێ دانەداون و سەریان لەپێناو ئازادیی نیشتمان و ئامانجە پیرۆزەکانی بزووتنەوەی کوردستان بەرز ڕاگرتووە. خۆنەویستی و خۆڕاگریتان جێی شانازییە!

**مستەفا هیجری**

**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**١١ی جۆزەردانی ١٤٠٣**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان

**زیندانییە سیاسییەکانی کورد!**
**بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی!**

بە بۆنەی دوازدەی جۆزەردان، ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردستان وێڕای وەبیرهێنانەوەی یادی زیندانییانی ئازیزی لە سێدارەدراومان، زۆر بەڕێزەوە سپاسی خۆڕاگریی ئێوەی کۆڵنەدەر لە نێو بەندیخانەکانی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەکەین.

دوازدەی جۆزەردان کە لەلایەن ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەکوو ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردستان دیاری کراوە، وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژێکی تاڵ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانە. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لەو ڕۆژەدا ٥٩ لاوی مەهابادی کە پێشتر لە لایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامییەوە بەبێ هیچ تاوانێک و تەنیا بە تۆمەتی کوردبوون و هاوکاری لە گەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرابوو، لە شاری تەوریز گوللەباران کران. گوللەباران کردنی ئەو ئازیزانە لە کاتێکدا بوو کە چەند کەسێکیان هێشتا لەخوار هەژدە ساڵ بوون و نەگەیشتبوونە تەمەنی قانوونی. ئەو ٥٩ لاوە نە لە دادگاییەکی ئاشکرادا دادگایی کران و نە مافی ئەوەیان پێ درا پارێزەریان هەبێ، تەنانەت دوای گوللەباران کردنیان تەرمەکانیان ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکرایەوە و هەتا ئێستاش نازانرێ لە کوێ نێژراون. هاوکات هەڵبژاردنی مەرگی سەربەرزانەی ئەو ئازیزانە و چۆکدانەدانیان لە بەرانبەر مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامیدا بووە بە



سەرچاوە
Serchawe

ڕەمزی خەباتی زیندانییانی سیاسیی کوردستان و هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا ڕێز لە ناو و یادی ئەوان و هەموو زیندانییانی سیاسیی کوردستان دەگیردرێ.

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی دوازدەی جۆزەردان دەکەینەوە کە ئیبرایم ڕەئیسی یەکێک لە جەللادەکانی نێو بەندیخانەکانی ڕێژیم کە دەستێکی باڵای لە ئێعدامی زیندانییانی سیاسیدا هەبوو و یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی مەرگ لە ئێعدامی هەزاران کەس لە ساڵی ٦٧دا بوو، لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتێرەکەدا لە بەین چوو. حەق وابوو کە ڕەئیسی پێش مردنی ڕاپێچی بەردەم دادگا کرابا و سزای ئەو هەموو تاوانەی وەرگرتباوە، بەڵام بەداخەوە ئەو دەرفەتە بۆ بنەماڵەی داخداری ئیعدام کراوەکان نەڕەخسا. هیواداریین لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو ئەو کەسانەی دەستیان لە ئەشکەنجە و ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی کوردستان و ئێراندا هەبووە، بهێنرێنە بەردەم یاسا و سزای تاوانەکانیان وەربگرنەوە.

**زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگر!**

ئێوە وەکوو بەشێکی گرینگی گۆڕەپانی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەردوو ڕێژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، ئەرکێکی قورستان لە سەرشان بووە و هەیە. زۆرێک لە ئێوە بەداخەوە ساڵانێک لە تەمەنی خۆتان لەنێو زیندانەکاندا لە پێناو ڕزگاری گەلەکەتاندا دیلی دەستی دوژمنان بوون و بەخۆشییەوە لێی ڕووسوور و سەربەرز هاتوونە دەرێ، زۆرێک لە ئێوەش هەر ئێستا لە نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا سەربەرزانە ڕاوەستاون و ماوەی حوکمە نادادپەروەرانەکەتان تێپەڕ دەکەن. بەگشتی ئێوەی خۆڕاگر هەم سەری خۆتان بەرز ڕاگرتوە و هەمیش لە نێو گەلانی ئازادیخوازدا بوونەتە مایەی شانازیی گەلەکەتان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕۆژەدا جارێکی تر، وێڕای ڕێزگرتن لە خەباتی ئێوە ئازیزان، پڕبەدڵ سپاسی زەحمەتەکانی خۆتان و بنەماڵە ڕووسوورەکانتان دەکا. هیواداریین بەزووترین کات بەری زەحمەتی ئێوە و هەموو خەباتکارانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان بێتە دی و وێڕای ئازادیی ئێوە و ڕزگاری یەکجاری گەلەکەمان لە بندەستی، پێکەوە کار بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر بکەین.

سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی ١٢ی جۆزەردان و هەموو زیندانییانی سیاسیی لە سێدارەدراو.
سڵاو لە ئیرادەی زیندانیانی سیاسیی خۆڕاگر و بنەماڵەی سەربەرزیان.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی جوونی ٢٠٢٤



سەرچاوە Serchawe

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان ڕۆژی بەندکراوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**زندانیانی سیاسیی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی زندانیانی سیاسی!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی بەندیە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەری ڕێز دادەنوێنین بۆ خۆراگری ژنان و پیاوان لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی ئێران وکڕنۆش بۆ ئیرادەی کۆڵنەدەرانەیان دەبەین.

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان لەلایەن ئەنجومەنی بەندیە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵێکی دیکەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ و سیاسیی ڕۆژهەڵات وەکوو ڕۆژی بەندکراوانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاری کراوە. دیاریکردنی ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەروەی ڕۆژێکی تاڵ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستانە کە مێژویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، لەو ڕۆژەدا ٥٩ لاوی مەهابادی کە پێشتر لەلایەن ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانەوە بەبێ هیچ تاوانێک و تەنیا بە تۆمەتی کوردبوون و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەسبەسەر کرابوون، لە دادگاییەکی سەحراییدا سزای لەسێدارەدانییان بەسەردا سەپا و دواتر لە شاری تەورێز گوللەباران کران وئەوەش بووە پەڵەیەکی دیکەی ڕەش بە نێوچاوانی ئەو ڕێژیمەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژیمی ئێران لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداری، هەردەم ئازادیخوازان وجیابیرانی خۆی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ئایین یان بەڕوونی دژایەتی لەگەڵ حکوومەت بەندکردوون و سزای قورسیان بەسەردا سەپێندراوە کە ژنانی کوردستان لەو پێوەندییەدا پشکی شێریان بەر کەوتووە و دوو جار چەوساونەتەوە، جارێکی کوردبوون و جارێکیش ژنبوون، بەڵام ئەوە بەندکراوانی کوردستان بوون کە بە خۆڕاگرییان داگیرکەرانیان بەچۆکدا هێناوە و کۆڵیان نەداوە.

لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا ڕێژیم جارێکی تر لە کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر دەستی بە ڕەشبگیری کرد وهەزاران کچ و کوڕی کوردی لە سیاچاڵەکانی بەند کردووە کە ڕێژەی زۆری ژنان تێیدا دەبینرێ.

خۆڕاگریی ژنان و پیاوانی بەندکراو لە زیندانەکان بکەینە سەرباشقەی تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نیشتمان و هەروەها ڕێبازی یەکسانی و جێگیربوونی مرۆڤایەتی و بەرابەری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.

بنەماڵەی سەربەرزی زندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چاوەڕوانی هاتنەوە و لە ئامێزگرتنەوەی ئازیزانتان بوون، ڕۆژێک نیشتمانی ئێمەش ڕزگار دەبێت و داری هەوڵ و خەبات و تێکۆشانتان دێتە بەر، دڵنیا بن بەرخۆدان و خۆڕاگریی ئێوە لەسەر ناوی سەربەستیی کوردستانمان دەنووسین و یادیی قارەمانیی ئێوە هەمیشە لە دڵی گەلی کوردستاندایە.

١٢ی جۆزەردان دەرفەتێکی باشە تا ڕێزلە زندانیانی سیاسیی و بنەماڵە سەربەرزەکانیان بگرین و سەری ڕێز بۆ کۆڵنەدانیان دا بنوێنین.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد

هیوای سڵامەتی و ئازادی بۆ زندانیانی سیاسیی

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٤کوردی

١ - ٦ - ٢٠٢٤

## پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبۆنەی ١٢ی جۆزەردان

١٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ هاوکاتە لە گەڵ ٤١ـەمین ساڵیادی ئێعدامی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد بە دەستی جینایەتکاران و کۆنەپەرەستانی سیستمی ویلایەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی، کە بۆ دەربرینی ڕق و بێزاری خۆیان دەرحەق بە نەتەوەی کورد و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانیان، لە ڕەشبگیرییەکدا ٥٩ لاوی شاری مەهابادیان دەستبەسەر و بێ لێپرسینەوە ئێعدام کرد. شایانی باسە ڕێژیم لە ڕەشبگیری و کۆمەڵکووژییەدا ڕەحمی بە تازەلاوانی ژێر ١٨ ساڵیش نەکرد.

بەرپرسانی ڕێژیم بەم جینایەتە وایان دەزانی کە دەتوانن بۆ هەمیشە ئەم نەتەوە زۆڵم لێکراو و بە هەڵوێستە سەرکوت بکەن، بەڵام سیاسەتی قڕ کردن و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام ئاواتێکی بەتاڵی ئاخوندەکان بوو.

ڕێژیمی سەرەڕۆ و خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی خۆی هەتا ئێستاکەش هیچ بڕوایەکی بە مافی گەلانی ناو جوغرافیای ئێران نەبووە وبەردەوام بە هێرش و ڕاوەدوونان لە فکری تواندنەوەی ئەم نەتەوانەدا بووە و لەو ئاکارە قیزەونانەی هەروا بەردەوامە.
لە جوغرافیای ئێراندا لاوان وەکوو چینێکی خاوەن هەڵوێست و خوازیاری گۆڕان، هەموو کات زیاترین زەربەیان وێکەوتووە و ئەم سیستمە داپلۆسێنەرەش لەهیچ ئامرازێکی سەرکوت دەستی نەپاراستووە  و لە پێناو تواندنەوە و پەراوێز خستنی ئەم جیلە هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە لاوان لە گەڵ ویست و داخوازییەکانی خۆیدا هاوتەریب بکات.
لاوانی کورد پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار دەیە لەو کۆمەڵکوژییە کە بەسەر لاوانی مەهابادا سەپێندرا، ئەمڕۆکە بە

هەڵوێستەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەلماندوویانە کە پەتی سێدارەی ئەو ڕێژیمە تووتالیترە ناتوانێ هەنگاوەکانیان بەرەو سەرکەوتن شل بکاتەوە، بگرە ورە و باوەڕیان بەهێزتر دەکات.

١٢ی جۆزەردان ئەگەر لەلایەک وەبیرهێنەرەوەی تاوانێکی ڤێزەونی کۆماری ئیسلامییە دەرحەق بە لاوانی کورد، لەهەمانکاتیشدا بەڵگەیە لەسەر ملکەچ نەبوونی لاوان بە خواستەکانی ڕێژیمی خۆسەپێنی ئاخوندی.

ئەمساڵانەی دوایی ١٢ی جۆزەردان لەلایەن ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک ڕۆژی زیندانییانی سیاسی دیاری کراوە و بۆتە دەرفەتێکی دیکە کە لەم ڕۆژەدا بەتایبەتی یادی زیندانییانی سیاسی بەرز ڕابگیرێت.

سەروەری بۆ زیندانییانی سیاسی و بنەماڵە سەربەرزەکانیان

ڕوحی شەهیدان شاد بێت

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی

١١ی جۆزەردانی ١٤٠٣

١ - ٦ - ٢٠٢٤

# پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کوردەوە

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**زیندانییانی سیاسیی خۆڕاگری کورد!**

مێژووی ڕزگاریخوازیی کورد ئەگەرچی پڕ لە هەوراز و نشێو و تاڵ و ناخۆشییە، لە هەمان کاتدا پڕ لە شانازی بێوێنەیە کە لە مێژووی کەمتر نەتەوەیەکدا بەدی دەکرێن، ئەگەر شانازی لەلایەن نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ئەوەیە کە توانیویانە کوردستان داگیر بکەن و ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن، شانازی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە لە نێو کورددا ڕۆڵەگەلێکی ئازا و بەجەرگ هەبوون و هەن کە بە خۆڕاگری و قارەمانەتیی خۆیان ڕێگایان نەداوە ئەم ئەسپە چەمۆش و یاخییەی داگیرکەران بەبێ کۆسپ و لەمپەر لە کوردستاندا تەڕاتێن بکات و هەمیشە خەونی داگیرکەرانیان پووچەڵ کردووەتەوە. خۆڕاگریی و حەماسەکانی ڕۆڵە دەرەوەستەکانی کورد چ لە مەیدانی شەڕدا و چ لە مەیدانی بەرخۆدان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بەشی سەرەکیی چیرۆکی کوردایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازیی ئێمەی کوردە کە سەرمەشقەکانی ئەم چیرۆکەمان لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و خۆسەپێنیی دەوڵەت . نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان پرسیاریان دروست کردووە و تا ئەو ڕادەیە بوونەتە کێشەی سەرەکیی پرۆژەکانی ئەم سیستەمە خۆسەپێنانە کە لە هەمبەر خۆڕاگریی و ورەی بەرزی شۆڕشگێڕانی کورد دوژمنان دەستەوەستان بوون.

یەکێک لەو ڕۆژە تاڵانەی کە پاش بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕێژیمی ئاخوندەکان لە ئێران وەک بیرەوەرییەکی تاڵ لە مێژووی ڕزگاریخوازیی کورددا تۆمار کراوە، ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوییە کە لەو ڕۆژەدا ٥٩ لاوی مەهاباد بە تاوانی کوردبوونەوە کۆمەڵکوژ کران.

ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە تەمەنی بەشێکی زۆری ئەم گەنجانە هێشتا نەگەیشتبووە ١٨ ساڵ، بەڵام ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران کە بنەمای دەسەڵاتی خۆی لەسەر کوشتن، گرتن و تۆقاندن دانابوو بەبێ گوێدان بە پرنسیپە مرۆیییەکان دەست دایە ئەم جینایەتە دڵهەژێنە و ڕۆژێکی ڕەشی دیکەی بەزیاد لە ڕۆژە ڕەشەکانی تر لە مێژووی خۆی تۆمار کرد. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی پێش ئەم کۆمەڵکوژییەش لەگەڵ بەندکراوانی کورد ئاکار و کردارێکی نامرۆڤانەی هەبووە و لەوانە تیربارانەکانی فرۆکەخانەی سنە و بەکۆمەڵ حوکمی گوللەبارانکردنەکان بە فەرمان خەڵخاڵی لە مێژووی خۆیدا هەبووە، بەڵام ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بە هۆی ئەوەی کە هەموو قوربانیانی بەندکراو لە تەمەنێکی نایاساییدا گوللەباران کران دواتر لەلایەن ئەنجومەنی زیندانییانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەکوو ڕۆژی زیندانییانی سیاسیی کورد پەسند کرا، کە ئەمە بە واتای قووڵایی کارەساتە مرۆییەکانە لە کوردستان و دەرخستنی ناخی دوژمنکارانە و نامرۆڤانەی ئەم سیستەمەیە بە نیسبەت کوردەوە.

هەر بەم بۆنەوە یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان، وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان ١٢ی جۆزەردان و سەرجەم شەهیدان ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان و ڕێزگرتن لە خەباتی بێوچانی بەندکراوانی کورد لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئێران و کڕنۆش بۆ بنەماڵەکانیان، لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانیان بەڵێن نوێ دەکاتەوە کە درێژەدەری ڕێگای پڕشکۆیان دەبێت و هەتا گەیشتن بە ڕزگاریی و سەربەستیی کورد و کوردستان لەم ڕێگایەدا هەدا نادات.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان

١٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٤ی کوردی

١ - ٦ - ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان:"زیندانیانی سیاسی کوردستان باجی ئازادیخوازی و خەباتگێڕیی نەتەوەکەیان دەدەن"

لە سێ ساڵەی ناودێرکردنی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەی دەسبەسەرکراوان لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە و دۆخی بەشێکی زۆر لەو بەندییانە کارەساتبارە]

٤١ ساڵ لەمەوبەر، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا، ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی مەهابادیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان لە شاری تەورێز گوللەباران کرد. ئەو ٥٩ بەندییە سیاسییە کە بەشێکیان منداڵ (ژێر ١٨ ساڵ) بوون بەبێ هیچ مافێکی یاسایی و بەبێ ڕەچاوکرانی پرۆسەیەکی دادپەروەرانەی قەزایی بەشێوەی بەکۆمەڵ گوللەباران کران و هەتا ئێستاش گۆڕبزر کراون.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، جارێکی دیکەش هەروەک سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی هێرش بۆ سەر خەڵکی کورد، ڕەشبگیری، ڕفاندن، گرتن و ئەشکەنجە، تاراندن، سێدارە و تیرۆر وەک سیاسەتی سەرەکیی ناوەند دژ بە ئازادیخوازان زیاتر پەرەی سەندەوە. لە ماوەی ٤٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە هەزاران هاونیشتمانی تەنیا لەبەر کورد بوون و لەسۆنگەی بیروبۆچوونی سیاسیی جیاوازەوە لە بەندیخانەکاندا ئێعدام کراون و چەند هێندەی ئەمەش بە بەخشینی تەمەنی خۆیان و، خۆڕاگری لەبەرانبەر ئازار و ئەشکەنجە و دەروەست بوون بە ڕێبازی هزرییاندا، باجی ئازادیخوازی و خەباتکاریی خۆیان و نەتەوەکەیان دەدەن.

ناودێرکردنی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ بەندیی سیاسیی کورد بە ڕۆژی "بەندییە سیاسییەکانی کورد" لە وڵاتێکی



سەرچاوە
Serchawe

نادێموکراتیک و دیکتاتۆردا کە لەودا ئەو شەبەنگە بوێرەی کۆمەڵگە لەهەر چەشنە مافێکی ڕەوا و یاسایی خۆیان بێبەش کراون، گرنگی و بایەخی چالاکیی سیاسی خۆیا دەکات.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز" لە سێهەم ساڵی ناودێرکردنی ئەو ڕۆژە تایبەتە لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت: دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، ژمارەی دەسبەسەرکراوەکان و دۆخی زیندانیانی سیاسی بەرەو هەڵکشان و خراپیی زیاتر دەچێت. بەندییە سیاسییەکانی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی ئێران دەکەونە ژێر گوشار و بە حوکمی نادادپەروەرانەی درێژماوە، سێدارە، لەسەرکار دەرکردن و دوورخستنەوە بۆ دوورترین بەندیخانەکانی ئێران سزا دەدرێن. تاوانی بەندییە سیاسییەکانی کورد تەنیا خۆشەویستیی بیروباوەڕ و بڕوابوون بە ماف، ئازادی، ئەوینی نیشتمان، یەکسانی و بەرامبەری و هەوڵدانی بەکردەوە بۆ دابینبوونی ئەو مافانەیە؛ بەڵام ئەمە لە ڕوانگەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە گەورەترین تاوانە.

لەو ڕۆژەدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە، وێڕای بەرزنرخاندنی خۆڕاگریی زیندانییانی سیاسی و دەربڕینی ڕێز و ئەمەگناسی بۆ بنەماڵەکانیان، دەبێ بە هاوکاری و پشتیوانیی سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاریی مافەکانی مرۆڤ تێچووی ئەو هەمووە پێشێلکاری و سەرەڕۆییە لەسەر ئەو ڕێژیمە زیاتر بکەین و بەهەر شێوازێک بۆ لەقاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەهەمبەر کۆمەڵگە بەتایبەت زیندانییانی سیاسی کاروچالاکیی شیلگێرانەتر بکەین.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان "چاونیوز:

١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣ی هەتاوی

١ - ٦ - ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی بەندییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**بەندییە سیاسییە تێکۆشەرەکان!**

**ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا جینایەتێکی گەورەی دەرحەق بە خەڵکی خەباتکار و مافخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوڵقاند. ئەمڕۆ ٤١ ساڵ لە جینایەتی سامناکی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی خەڵکی شاری مەهاباد ڕادەبرێت، بەڵام ئەم ڕووداوە وەک تاوانێکی گەورە بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی و بەڵگەی قوربانیبوونی کورد لە بیر و زەینی خەڵکی کوردستاندا هەروا بە زیندوویی ماوەتەوە.**

**ئەو ٥٩ لاوەی لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا گوللەباران کران، جگە لە کورد بوون تاوانێکی دیکەیان نەبوو، هەروەها بەشێک لەوان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ و قوتابیی خوێندگەکان بوون. ئەوان لە دادگایەکی سەحرایی و بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت و تەنانەت مافی بەرگریکردن لە خۆیان هەبێت، سزای زاڵمانەی ئێعدامیان بەسەردا سەپێندرا و بەکۆمەڵ گوللەباران کران. غەدری لەوەش گەورەتر و برینی لەوە بەئێشتر ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و بنەماڵەکانی ئەو ٥٩ لاوە شەهیدە دوای تێپەڕینی ٤١ ساڵ ئێستاش کەمترین زانیارییان لە وردەکاریی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان و چارەنووسی تەرمەکانیان نییە.**

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای زیاتر لە چوار دەیە لە ئێعدام و گۆڕبزرکردنی ئەو شەهیدانە، ئێستاش لە تاوان و جینایەتەکانی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و مافخوازانەی کوردستان بەردەوامە و بەدرێژایی تەمەنی هەتا ئێستا و بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە هەزاران بەندکراوی سیاسیی دیکەی کوردی ئێعدام کردووە. بەڵام نە گرتن و ئەشکەنجەدانی بەندیییە سیاسییەکان و نە هەڵخستنی پەت و سێدارە چۆکی بە ئیرادە و بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد دانەدا، بگرە لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەندیخانەکانی ڕێژیم مەتەرێزێکی لەگیرانەنەهاتووی ئیرادە و خەباتگێڕیی ڕۆڵەکانی کورد بوون. بەردەوامیی بزووتنەوەی ژینا لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە بە تێچووی قورسی شەهیدبوون و برینداربوونی سەدان ڕۆڵەی کورد و گرتن و حوکمدانی هەزاران بەندیی سیاسی درێژەی هەیە، بەڵگەیەکی دیکە بۆ خەبات و خۆڕاگریی ڕۆڵەکانی کورد لە دژی دەسەڵاتی پەت و سێدارەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

## زیندانییانی سیاسیی تێکۆشەر و خۆڕاگر!

یادی ٤١ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوی کوژرانی برایم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم و چەند بەرپرسی جینایەتکاری دیکەی هاوڕێی لە ڕووداوی بەربوونەوەی هێلیکۆپتێرەکەیاندا.

ئیبراهیم ڕەئیسی کە لەو ڕووداوەدا کوژرا، یەک لە بکوژانی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە دەستی بە ئێعدام زیندانییانی سیاسی و کوشتنی جیابیران کردبوو. ئەو یەکێک بوو لە ئەندامانی هەیئەتی مەرگ کە لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا بە هەزاران بەندکراوی سیاسییان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کۆمەڵکوژ کرد. ڕەئیسیی جەلاد دواتر و لە بەرپرسایەتییەکانی دیکەشیدا لە تاوان و جینایەتەکانی بەردەوام بوو، و کوژرانی ژینا ئەمینیی بێتاوان و سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە دوو ساڵی ڕابردوودا -کە سەدان خۆپێشاندەری تێدا کوژرا و بە هەزاران کەس خرانە بەندیخانەوە و زۆر لەوان لەسێدارە دران- لە دەوڵەتی ئەودا و بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ئەو کران. بۆیە حەق وابوو ڕەئیسی و بکوژان و جەللادەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی ڕادەستی دادگا بکرێن و لە سۆنگەی تاوان و جینایەتەکانیان سزای کردەوەکانیان وەربگرن، بەڵام بێدەرەتانیی خەڵک و نەبوونی دادپەروەری لە کۆماری ئیسلامیدا ئەو مافەشی لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زەوت کردوە و هەر ئەوەش هۆکاری ئەوە بوو خەڵک سەبارەت بەو ڕووداوە لە ناچاری هەرنەبێ شایی و خۆشییان لەدڵدا بگەڕێ.

## خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، ڕۆژی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد کە هاوکات وەک ڕۆژی بەندیییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناودێر کراوە، دەرفەتێکە بۆ ئەوەی لەم ڕۆژەدا بە ڕێزەوە یادی هەموو بەندیییە سیاسییەکانی کوردستان بەرز ڕابگرین کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامیدا بە پێشکەشکردنی گیان و ژیانیان و خۆڕاگرییان لەژێر ئەشکەنجەدا و تێپەڕینی

تەمەنیان لە پشت میلەکانی زیندانەوە سەری خۆیان و خەباتی نەتەوەکەیان بەرز ڕاگرتوە.

هیوادارین ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان وەک ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان، ببێتە بۆنەیەک بۆ ئەوەی هەموو لایەک بەرامبەر بە بەندییە سیاسییەکان و بنەماڵەکانیان، هەست بە بەرپرسایەتیی زیاتر بکەین.

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازێ لە ئێستادا پشتیوانی و هاودەنگی لەگەڵ بەندییە سیاسییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەهێزتر ببێت و لە هەمان کاتدا خەڵک دەرحەق بە بەندکراوانی سیاسی و بنەماڵەکانیان پتر ئەرکدار بن.

بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهیدانی ١٢ ی جۆزەردان و سەرجەم بەندییە سیاسییەکانی قوربانیی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی! سەرکەوێ بزووتنەوی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی دژ بە دیکتاتۆری لە سەرانسەری ئێراندا.

**بەڕێز بێت ڕۆژی بەندییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان


١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٣ی هەتاوی

١ی ژۆئەنی ٢٠٢٤ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## یادیک لە ٥٩ لاوی شەهیدی مەهاباد



عومەر باڵەکی

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتیکی تاڵ و دڵهەژێنە، لەو ڕۆژەدا ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد لە زیندانی تەوریز بە حوکمی دادگای شەرع بە تاوانی هاوکاریکردن لە گەڵ "دژی شۆڕش" ئێعدام کران و هەواڵەکەی لە لایان فەرماندارى ئەو کاتی مەهاباد، "حمیدرضا جلالی‌پور" ڕاگەیاندرا. هەر وەکی گوترا ئەو ٥٩ کەسە بە تاوانی هاوکاری کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو مانگی خاکەلیوە و بانەمەڕی ئەو ساڵەدا بە شێوەی ڕەش‌بگیر دەست بەسەر کرابوون.

ئێستا کە ٤٤ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە قێزەونە دا تێپەڕ دەبێ، ڕوون نییە کە ئەو ٥٩ کەسە کە لە شاری مەهاباد گیرابوون، بۆ پێکەوە ئێعدام کران و کێ و چ کەسانێک بڕیاری ئێعدامی ئەوانیان دا و هۆکاری چی بوو. هەر ٥٩ کەس کە لە بواری تەمەن و تەنانەت کەسایەتیەوە پێکەوە جیاوازیان هەبوو چۆنە لە یەک دادگادا دادگایی کران و حوکم دران ئەو حوکمەش کە ئێعدامە لەسەر هەموومان یەکجێ بەڕێوە چووە؟ دوای ئێعدام کردنیان بۆ جەنازەکانیان تەحویلی بنەماڵەکانیان نەدراوەتەوە یا لانی کەم شوێنی گڵکۆکەیان نیشانی بنەماڵەکانیان نەداوە؟

کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٢ی هەتاوی بەو جینایەتە دەیهەویست چ پەیامێک بدا بە خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر چاو لە وتە و نوسراوەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەو سەردەمە دا بکەین باشتر دەتوانین ولامی ئەو پرسیارە و هەموو پرسیارەکانی تر بدەینەوە و شێوەی تێڕوانینی ئەوان لە سەر خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بزانین.

جەلاد سادق خەڵخالی لە ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا کە تەنیا چەند مانگ بەسەر بەدەسەلات گەیشتنیان تێپەر دەبێ لە ڕۆژنامەی

"کیهان" دا سەبارەت بە کێشەی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئایینیەکان بەو شێوەیە دەدوێ: "رێگا چارەی قەیرانەکانی وڵات ناردنی ئەرتەش بۆ سەر سنوورەکانە...". یا خومەینی لە ٢١ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دا کە هەر لە ڕۆژنامەی کەیهان دا هاتووە، دەڵی؛ "ئەوانە لە ئیسلام دەترسێن، ئەوانە لە قانوونەکانی ئیسلام دەترسێن، ئەوانە دەیانهەوی ئیسلام نەبێ، ئەوە هەرشتێک بێت پیلانگێڕییە. ئەگەر پیلانگێڕی ڕوویدا ئیدی ئێمە ناتوانین هەتاسەر دان بە خۆمان دا بگرین و پیلانگێڕیەکان قەبووڵ بکەین، مەسەلەکە ئیسلامە، لە مەسەلەی بەرژەوەندی موسوڵمانان دا ئێمە ناتوانین چاوپۆشی بکەین".

لە ڕاستی دا هەم لێدوانی خەڵخاڵی و هەم قسەکانی خومەینی ڕوویان لە کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو. چونکە هەر چەند ڕۆژ دواتر خومەینی فتوای هێرشی بۆ سەر کوردستان لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ دەرکرد و دەستووری بە ئەرتەش و سپا دا بە هەر نرخێک بێ کوردستان داگیر بکەنەوە و لەو کاتەدا خومەینی تەنیا بە ناردنی ئەرتەش و سپا بۆ سەر کوردستان ڕازی نەبوو، بەڵکوو دۆست و هاوکاری کۆنی خۆی سادق خەڵخاڵی وەک حاکمی شەرع، بە دەسەڵاتێکی ڕەهاوە ناردە کوردستان بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵک.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕیکخراوی لێبوردنی گشتی لە سەرکەوتنی شورشی گەلانی ئێرانەوە هەتا ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨، چوارسەد و سی و هەشت کەس ئێعدام کراون و لەو کاتەوە هەتا ئێستا ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی ڕانەوەستاوە و قۆناغی ئێعدام کردنەکان بە پێی هەل و مەرجی سیاسی لە ناو خۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەڵکشان و داشکاندا بووە. بەڵام قەت ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە کار نەکەوتووە؛ بۆ نموونە بە پێی ئامارەکان لە نێوان ساڵەکانی ٦٠ هەتا ٦٧ی هەتاوی کە لوتکەی ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دابوو، دەهەزار و حەوسەد کەس ئێعدام کراون . لەو کاتەوە هەتا ئێستا نیزامی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵی لە ڕێژەی ئیعدام دا لە نێوان پلەبندی جیهانی دا پلەی دووهەمی لە دوای وڵاتی چین بۆ خۆی هێشتۆتەوە.

کاتێک ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد کە دوو مانگ لە گیرانیان تیپەڕ نەدەبوو بە بڕیارێک ڕادەگوێزرێن بۆ شاری تەورێز، ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی شەرقی و لەوێ هەر ٥٩ کەسەکە لە یەک ڕۆژ و لە یەک کات دا ئێعدام دەکرێن، دەبێ ڕوون بێت کە نێوەرۆک و ماهییەتی ئەم نیزامە کۆنەپەرەست و دژیگەلییە چی بووە.

ئەو ٥٩ کەسە لە تەمەنی جۆراوجۆردا بوون، لاوی تەمەن ١٦- ١٧ ساڵیان تێدا بووە هەتا پیاوی کامڵی تەمەن ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵو لە هەمان حاڵدا لە چینو توێژی جۆراوجۆری شاربوون؛ لە قوتابی و خوێندکار هەتا دوکاندار و بازارییان تێدا بووە. هەربویە چ لە بواری تەمەنەوە چ لە بواری تێڕوانین بۆ ڕووداوەکان ئەو ٥٩ کەسە ناتوانن وەک یەک بن، بەڵام دادگای شەرعی تەورێز بێ گوێدان بە هیچ بنەمایەکی قانوونیو ئەخلاقی وەک ئەوە کە دەبێ زیندانی «تفهیم اتهام» بکرێو مافی ئەوەی هەبێ کە پارێزەر بۆخۆی دیاری بکا و لە دادگایەکی عادڵو دادپەروەردا دادگایی بکرێو دوای دەرچونی حوکمی دادگا مافی ئەوەی هەبێ تانە لە حوکمی دادگا بدا بۆ ئەوەی لە دادگای تێهەڵچوونو پێداچوونەوەدا داوای پێداچونەوە بۆ حوکمی دادگا بکرێو لە هەمان حاڵدا مافی ئەوەی هەبێ



سەرچاوە
Serchawe

چاوی بە کەس و کارو بنەماڵەی خۆی بکەوێ. بەڵام دەبینین ماوەی زیندانی کردن و بەڕێوە چوونی حوکمی ئێعدام ئەوەندە کەمە کە مەجالی هیچکام لەوانەی سەرەوە کە باسمان کرد بەو ٥٩ کەسە نەدراوە هەروەکی ئەوە وابێ ئەو ٥٩ کەسە لە مەیدانی شەڕدا گیرابن و دادگای نیزامیان بۆ تەرتیب درابێ. لێرەدا ئەوە پرسیارە سەر هەڵدەدا ئەرێ بەڕاستی بۆ وا بە پەلە ئەو ٥٩ کەسە ئێعدام کران؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە بزانین هەل و مەرجی ئەوکات ناوچەکە چوون بووە. کاتێک ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد ئێعدام کران، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی توانای بەربەرەکانیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا نەبوو، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ بردنە سەری ڕۆحیەی هێزەکانیان و چاوترساندنی خەڵک کە هاوکاریی پێشمەرگە نەکەن، گرتن و ئەزیەت و ئازارو ئێعدام کردنی خەڵکی شارو گوندی کوردستانیان وەک ستراتیژیەکی نیزامی بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان دیاری کردبوو و لەو سەردەمدا چڵەپۆپەی ئەو ستراتیژییە، ئێعدام کردنی ئەو ٥٩ کەسە لە خەڵکی مەهاباد بوو.

لە کۆتایەکانی مانگی بانەمەڕو سەرەتای جۆزەردان ساڵی ٦٢ پێش ئەوەی ئەو٥٩ کەسە ڕابگوێزرێن بۆ زیندانی تەوریز و لەوێ ئێعدام بکرێن، لە یەکێک لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە قائیممقامی قەرارگای هەمزە بە ناوی "بروجردی" دەکوژرێ، ناوبراو لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و پەرەپێدان بە دیاردەی جاشایەتی لە کوردستان ڕۆڵی سەرەکی هەبوو. کوژران و لە دەستدانی بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی برینێکی بەژان بوو. هەربۆیە کوژرانی "بروجردی" دژکردەوەی بەرپرسانی حکوومەتی تارانی لێ کەوتەوە. مێرحوسێن مووسەوی کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو، بە توندی هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی کوردستان و داوا دەکا هێزە نیزامیەکان بە توندترین شێوە تۆڵەی بروجردی بکەنەوە. هاشمی ڕفسنجانی و محسن ڕفیقدوست هەڵوێستی توند دەگرن و هێرش دەکەنە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی کوردستان.

دوای دەرکەوتنی ئەو دژکردەوانە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ چەند کۆبوونەوەیەک لە مەهاباد پێک دێنن و بە هاوکاری قەرارگای هەمزە بڕیار دەدەن دژکردەوەیەکی توند نیشانی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان بدەن. هەربۆیە ئەو ٥٩ کەسە کە لە ماوەی مانگەکانی خاکەلێوە و بانەمەڕدا دەست بە سەر کرا بوون ڕاپێچی زیندانی تەوریزیان دەکەن و لەوێش لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا هەر ٥٩ کەسەکە مەحکووم بە ئێعدام دەکەن و هەر لەوێش حوکمی ئێعدامیان لە سەر جێبەجێ دەکەن و بە پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو بە مەبەستی ترساندنی خەڵکی مەهاباد هەواڵەکە بە شێوەی ڕاگەیەندراوێکی فەرمانداری مەهاباد بڵاو دەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی جۆزەردانی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## سێدارە، پێناسەی ٤٥ ساڵە



**هەردی سەلیمی**

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی، "محەممەدی بڕووجێردی"، یەکێک لە فەرماندە گرینگەکانی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی و دامەزرێنەری "قەرارگەی هەمزە" کە دەستێکی باڵای هەبوو لە جەنایەتی جەنگیی ئەو ساڵانەی کوردستاندا، لە تێکهەڵچوونێک لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کوژرا. کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرلەبەیانیی سەرکەوتنی شۆڕشەوە و لە سەربانی قوتابخانەی "ڕفاه" لە تاران دەستی بە کوشتنی حکوومەتیی دژبەرانی کردبوو و لە ناوچە جیاکانی ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان ئێعدامی بەکۆمەڵی دەست پێکردبوو، لەو بارەوە ئەزموونێکی زۆری بەدەست هێنابوو و چارەسەری هەموو کێشەکانیشی لە نەهێشتنی دژبەرانیدا دەبینی! بەم پێشخانە فکری و کردارییەوە بوو کە، لە تۆڵەی کوژرانی فەرماندەکەی و بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی شاری مەهاباد، ڕۆژی ٤ی جۆزەردانی ١٣٦٢ "شۆڕای تەئمینی ئوستانی ئازەربایجانی غەربی" لە ورمێ کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا بەمەبەستی وڵامدانەوەیەک بە کوژرانی بڕووجێردی. لەم کۆبوونەوەیەدا "سەردار محەممەدئیبراهیمی سەنجەقی" کە ئەوکات فەرماندەی قەرارگەی هەمزە بوو و هەروەها حەمیدڕەزا جەلایی‌پوور، فەرمانداری ئەوکاتی شاری مەهاباد بەشدار بوون.

ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە دەرکردنی بڕیارێک بوو کە لەودا ٥٩ کەس لە دەسبەسەرکراوانی شاری مەهاباد ئێعدام بکرێن. ئەم ٥٩ کەسە کە هەموو لاو بوون و مێرمنداڵیشیان تێدا بوو، بە سێ وەجبە و لە ٢٩ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦١ەوە هەتا بانەمەڕی ١٣٦٢ گیرابوون و دوور و نزیک پێوەندییان بە کوژرانی بڕووجێردییەوە نەبوو. بەم حاڵەشەوە چەند ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوەیە لە ورمێوە برانە تەورێز و لە نادادگاییەکی یەکسەعاتەدا بڕیاری ئێعدامیان بۆ دەرچوو و لەسەریان جێبەجێش کرا. وەک زۆربەی هەرە زۆری چالاکانی سیاسی، ئەم ٥٩ کەسەش شاردرانەوە و ئێستا و ئێستاش بنەماڵەکانیان – سەرەڕای هەوڵ و تەقەللا و پرسیاری زۆر - نازانن

ئازیزانیان لەکوێ ناژراون.

هەرچەند هەر ئەوکات و تەنانەت چەندین جاری تریش لەم ساڵانەی دواییدا بەرپرسانی ڕێژیم و خودی جەلایی‌پووریش ڕاستییەکانیان ئاوەژوو کردەوە، بەڵام یادگەی گشتیی خەڵکی کوردستان، ئەم جەنایەتەی لەبیر نەکردووە، هەروەک چۆن ساڵی ڕابردوو لە یادی چلساڵەی ئەم جەنایەتە دژەمرۆییەدا هەڵوێستیان نیشان دا و بنەماڵەکانیان جارێکی تر وەبیریان هێناوە کە لە خوێنی ئازیزانی خۆیان خۆش نابن و لەبیریان ناکەن.

کۆماری ئیسلامی هەموو کات پاش ناڕەزایەتی و ڕووداوە نائاساییەکان، تۆڵە لە خەڵکی ئەو وڵاتە دەکاتەوە، لەگەڵ دەسپێکی شەڕی ئێران و ئێراق بە سەدان کەسی سیاسیی ئێعدام کرد، دوای شەڕەکە بە هەزاران کەسی لەسێدارە دا، لەدوای ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ٧٨ و ٨٨ و ٩٦ و ٩٨ و ١٤٠١یش هەر بەو شێوەیە لە سیاسەتی خۆیدا بەردەوام بووە. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون لە نوێترین ئامارێدا ئاماژە بەوە دەکات: "کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردووی زایینیدا بەتەنیایی ڕێژەی ئێعدام یا هەمان کوشتنی حکوومەتیی لە ئاستی جیهاندا بردووەتە سەرێ، بە چەشنێک کە لە دە ساڵی ڕابردوودا ڕووی نەداوە." لەو ماوەیەدا ژمارەی ٨٥٣ ئێعدام لە ئێران تۆمار کراون کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتریدا ٥٠٪ ئەم ڕێژەیە هەڵکشاوە. لەم ژمارە زۆرە ١٧٢ کەسیان بەلووچ بوون، بەلووچەکان ٥٪ی جەماوەری خەڵکی ئێران پێکدێنن، بەڵام ٢٠٪ی ئێعدامەکانی ئەمساڵ بەوان بڕاوە؛ ئەمە خۆی نیشانەیەکە لە تۆڵەکردنەوە و ترساندنی خەڵک، ئێمە دەزانین خەڵکی بەلووچستان لە جەریانی ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادیدا، یەک لەو نەتەوانە بوون وا زیاترین بەشدارییەکانیان لە خۆیان نیشان دا و لە قوربانیدانیشدا هەر لە ڕیزی پێشەوە بوون.

ئەم ڕێژیمە لەژێر ڕێنوێنیی عەلی خامنەییدا ماکیاوێلیستییانە بیر دەکاتەوە و پێی‌وایە پاشەکشێ لە بەرامبەر ناڕەزایەتی‌دا بەواتای لەنێوچوونی دەسەڵاتەکەیانە، بۆیە بێ‌گرینگی‌دان بە ویستی خەڵک و ناڕەزایەتیی ناوەندەکانی مافی مرۆڤیش، ڕێیەک دەبڕن کە هەر لە سەرەتاوە بڕیویانە؛ بەڵام بێ‌ئاگا لەوەی گەر لەسێدارەدان و لەنێوبردن چارەسەر بووایە لەدوای ئێعدامەکانی سەربانی قوتابخانەی ڕفاه، دەبوو خەڵک ترسابان و هیچ چەشنە ناکۆکییەکیان لەگەڵ دەسەڵاتدا نەبووایە، لە کاتێکدا ئێمە شایەدی ئەوەین ڕووداوەکان بە پێچەوانە ڕوو دەدەن و ئەم ئامێری ترساندن و تۆقاندنە هەرگیز وڵامدەر نییە و نەبووە و نابێ و ناڕەزایەتییەکان هەروا بەردەوام دەبن و کەس سڵیان لێ ناکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

# ٥٩ گوڵـی ژاکاوی مەهابادی




**ئەحمەد ڕەحمانی**

**ئەم بەیانیە خەونم بینی، گەڕابوومەوە بۆ سەردەمی ڕووتەڵەیی و مێرمنداڵی خۆم، جاڕچی جاڕییان دەدا، شار خرۆشابوو، دار و بەرد و بوونەوەر و مرۆڤ دەگریان، شەقام و بن دیوارەکان بۆنی خوێنی لاوانی کوردیان لێ دەهات.**

**خەونی ئەم بەیانیەم بۆ بەر لە ٤١ ساڵ لە ناوخۆی دا نغرۆی کردم بۆ ٥٩ لاوی شارەکەی حەزرەتی پێشەوا دەریای فرمێسکم هەڵدەڕشتن، ئەو کات نەمدەزانی سێدارە و گوللەباران چین، منیش وێڕای خەڵکی دەگریام و ئاخم هەڵدەکێشان!**

**ئەم بەیانیە لە زینـدە خەوی خەونـی ٤١ سـاڵ لەمەوبەر دا بـووم، کە جـاڕچی سـەڵای شـەهید بـوونی ٥٩ لاوی سـابڵاغی یەکەم پێتەختی کۆماریان دەدا!**

**٥٩ گوڵ ژاکان، خوێنیان تێکەڵ بە خاکی نیشتمان کرا، بەڵام بەری داری خوێنی ئەو بە ٥٩ لاوە شەهیدە، بوو بە بورکـانی گـڕ و تۆڵە...**

**لەهێزی بێستوون دا بە تـۆڵەی ٥٩ گـوڵی هەڵوەریوی شاری پێشەوا، ٥٩ عەمەلیـاتی دووژمـن تـۆقێن ئەنجـام درا، هەر ڕۆژەو هەواڵی تۆڵەی خوێنی لاوێکی مەهابادیمان دەبیست، ٥٩ چالاکی پێشمەرگانە تۆڵە بوو بۆ خوێنی ڕژاوی ئەو پەنجا و نۆ لاوەی ئەم نیشتمانە !**

**هەموو ساڵێ لە مانگی جۆزەردان دا خەمی وەرزی خەزەوڵوەری ٥٩ گوڵی ژاکاوی شاری پێشەوا دەمانهەژێنێ، کانیاوی فرمێسکەکانمان دەژینەوە، لە ناخماندا پەیمانی ئەمەگ و وەفاداری بۆ ڕێبازیان بە ڕواندنی گوڵە شلێرەیەکی سووری جوانی نیشتمان لە سەر گڵکۆیان نوێ دەکەینەوە.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠٢٤**


---






سەرچاوە
Serchawe

# ١٢ی جۆزەردان




## ڕۆژی زیندانیانی سیاسی یا ماتەمینی گشتی / سەراسەری لە کوردستان!

**بیژەن قارەمانی**

**لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ هەتاویی دەسەڵاتی تاران لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی "مەهاباد" لێستەکی ٥٩ کەسی خوێندوە کە گوایە دژە شۆڕشن لە دادگای دادی عەدلی ئیللاهی بەتاوانی خۆیان گەیشتوون تیرەباران کراون...**

**ئەو کۆمەڵکوژییە کە سەرەتا و دەست پێکیک بوو بۆ ئیعدامی زیاتری لاوانی کورد لە ژێرناوی جیهاد - ئیسلام قەت کۆتایی پێ نەهات هەنووکەش بەردەوامە.....**

**٥٩ لاوی مەهابادی کە بەشیکیان لە ژیرەوەی تەمەنی ١٨ ساڵبوون ئەوانەش کە لەسەروی تەمەن بوون هەر لاو بوون.**

**تا ئێستاشی لەگەڵ بێت جگە لەو ڕاگەیاندراوە ڕەسمیە لەناوەندی دەنگ و ڕەنگی مەهاباد و دان پێداهێنان بەوتاوانە قێزەونە هیچ بەڵگەیەکی ڕەسمی و حکومەتی لە شیوەی دادگای کردنەکەیان لە شونی بەخاک ئەسپاردنیان ڕادەستی بنەماڵەکانیان نکردووە ئەو چاوەڕوانییە لە دەسەڵاتیکی بەناو ئیسلامی تا ئێستاش نەهاتە دێ زۆربەی هەر زۆری دایک و باوک و بنەماڵەکان تەنیا و تەنیا لە حەسرەتی گوشە قەبریکی دابوون بە پێ داب و نەریتی ئیسلامی کە هیچکات ئەو ئاواتەیان سەری نەگرت و سەریان نایییەوە...**

ئەو کۆمەڵکوژییە ((ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی)) لە کاتێکدا بەڕیووە چوو کە بەرەی چەپی دوێنی دەسەڵات و ڕیفۆرمخوازەکانی دووڕاوی ئەمڕۆ لەسەر کاربوون نەک ئەوکات نە ئێستاش دەدانیان بەوتاوانەدا نەهێنا نەچوونە ژێر باری بەرپرساییەتیکی ئەوە لە کاتێکدایە پاشان بە جوریک لە جوران تووشی پراوێز زیندان دوورخستنەوە ترۆر ڕەشەکۆژی هاتن بە دەستی هاوبیرەکانی خۆیان لەسەر دەسەڵات و سەروەت و سامانی ئەو وەڵاتە، ئەوەش ڕاستێکی حاشا هەڵنگرە ئەوان "دەسەڵاتی تاران" لەسەر دژایەتی بە نیسبەتی کورد و نەتەوەکانیتری ئێران ناکوک نیین ئەوەی ئێستا شەڕییانە لەسەری مافیای دەسەڵات و سەروەتە..

کاتێک ئەو ٥٩ لاوە بە ئاوات بە تەمەن نەگیشتووە بێ دادگاە و پارێزەر و چاوەدێر بێ گۆڕ تیرەباران کران کەسێک لەوەشارە "مەهاباد" بە ناوی حەمید ڕەزا جلاییپور فرمانداری نیزامی شار بوو ناوبراو ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ئەو تاوانە بووە و هەییە بەڵام تا ئێستاش لەو پرسیارە و لەو بەرپرسایەتیی ڕادەکا ناچێتە ژێر باری....

ئەوە لە ککاتێکدایە ناوبراو لێدەیری ڕیفۆرمخوازەکانی دووای دووی جوزەردانی ١٣٧٦ مامۆستا زانکۆ دم لە ئازادی و دێموکراسی دەدا بەڵام لە ئاست تاوانیکی ئاوەدا بێ دەنگی هەڵبژاردووە...

هەرچەند نووسەری ئەو چەند دێرە کۆی گشتی تاوانەکە دەخاتە سەر تەواوییەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک تاقە کەسیک بەڵام بۆ دەبێت کەسیک وەک "جلاییپور" کە لە لایەک خۆیان بە ڕیفۆرمخواز دەزانن دەناسینن ئەوەندەیان جەسارەتی دەربڕیین نەبیت کە پردە لەسەر جنایەتێکی ئاوها هەڵدەنەوە هەر نەبیت خۆ دەتوانن وەک ئیبراهیمی رئیسی سەرکۆماری پێشوو "قازی هیئەتی مەرگ" بە کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ ئیفتخار بەکەن داوای خەڵات بەکن!؟

نەک ئەوەی جەللاپیور وەک لە دوا وتووێژی لەگەڵ د - حاتح قادری بیین دەسڵات و خەڵک لە دووپات بوونەوەی شەڕی نەغەدە چاوترسین کەن ئەوە لە کاتێکدایە ئەو شەڕەش سازکراوی باندی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی تاران و ناوچەکە بوو بە دژی کورد و ژیانی هاوبەشی دوو نەتەوەی کورد - تورک ئەوەش لە دووا هەڵبژاردنی سێ حەوزەی ورمێ و ماکۆ و نەغدە و شنۆ ئەو ڕاستیی نیشان دا کە کورد لەو دەوەرە کوردستانیە باڵانیسی هێز و خەڵک و خاکی هەییە...

نووسەری ئەو دیڕانەی سەرەوە بۆ ئەم ڕۆژە ئەم کارەساتە کۆمەڵکوژییە لە بەری ناودیرککردنی ڕۆژی زیندانیانی سیاسی بە گونجاوتری دەزانیت بە حوکمی گشتگیر بوونی تاوانەکە لە ژێر پردە ڕەشی دەسەڵاتیکی ئیسلامیدا بە دژی گەلی کورد لەسەر ناوی جیهاد ئەنجامدراوە حەق وایبە ئەو ڕۆژە بەکریتە ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە کوردستان هەموو ساڵێک بە هەموو بیر و بۆچوونیکی سیاسی - مەزهەبی و حیزبییەوە لەسەراسەری کوردستان یادییان بەکریتەوە و دۆکان. بازاڕی دابخریت ئەو یادە دڵتەزینە چێتر بە حیزبی نەکریت....



سەرچاوە
Serchawe

شیعە وەک ئایین ١٤٠٠ پێش ئێستا ئیمام حوسێن هاوڕێیانی ٧٢ کەس بوون لەسەر گەیشتن بە دەسەڵات گیانیان بەخشی ((ڕەزای خواییان لێ بێت)) تا ئێستاشی لەگەڵ بێت شیعە کردوویان بە بەهانەیەک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و قودرەت لە ئایینەوە بۆ سیاسەت هەموو کردەوەیەکێش لەم سونگەوە بەڕەوادەزانن ناوی دەنین جیهاد..

من ناڵێم ئێمەی کورد جیهاد بە دژی وان بەکەیین بەڵام دەتوانیین پێش بە جیهادی وان بەگریین ئێمە خاوەنی ئەو ئاو و خاکەیین

لێرەدا لەو ڕۆژە شوومەدا یاد دەکەیین لەسەرجم شەهیدانی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ هەتاویی مەهاباد و هەر وەها دایک و باوکی ئەو شەهیدانە کە لە چاوەڕوانی ئازیزانیاندا پاش ساڵانێک سەرییان نابیەوە....

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠٢٤

## هەڵدانەوەی لاپەڕەی جینایەتکاران...




**ئەحمەد شێربەگی**

لەوەیکە داگیرکەری تاران تەرمی ٥٩ لاوە ئێعدامکراوەشەهیدەکەی مەهابادی ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکردەوەو بێ سەر وشوێنی کردن، هۆکارەکەی بۆ ئەم نامەیە دەگەڕێتەوە کە دادوەری گشتی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی لەسەر حوکمی خومەینی بۆ دادگاکانی شۆڕش لە پارێزگا وشارستانەکانی ئێرانی ناردوە.

ئەم کۆمەڵە گەنجە کوردە بۆ ئەومەبەستە کۆمەڵکوژ کران کە دوادڵۆپی خوێنیان لێگیراوە و خوێنیان بۆ برینداروەکانی شەڕی ئێران لە گەڵ عێڕاق ناردوون.

لەوەی دڵنیام هەر بەوەندەش نەوەستاون، مافیاکانی نێو دەسەڵات ئەندامی جەستیشیانیان دەرهێناون وفرۆشتوویانن، کردەوەیەک کە پێشنەی هەیە و زۆرێک لە زیندانیە سیاسییە ئێعدامکراوەکان بەمشێوازە گیانیان لێ ئەستێندراوە ....

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی١٣٦٢ی هەتاوی ٥٩ لاوی مەهابادی کە تەمەنی ٣٨ کەسیان لە خوارەوەی ١٨ ساڵ و هەموویان قوتابی بوون بەحوکمی ئاخوندی دژە کورد مەلاحەسەنی نوێنەری خومەینی لە ورمێ و پاسدار حەمیدڕەزا جەلایی پوور فەرماندار ئەوکاتی مەهاباد ئێعدامکران و کوردستانیان نوقمی ماتم کرد ....

یادو ناوی ٥٩ لاوی شەهیدی مەهابادی وهەمووشەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد وکوردستان هەرمان وسڵاو لە گیانیان..

....

وێنەکەم لە پەیجی بەڕێز Jamal Najari وەرگرتوە...

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠٢٤

---

## ١٢ی جۆزەردان ڕۆژی ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهاباد

**ئەحمەد شێربەگی**

ئێستا لە وێ "داشە مەجید"

پەنجاو نۆ نێرگزی شەهیدی تر دەدا لەسەر

ئێستا لە وێ "زاوا بووکم"

پەنجاو نۆ کراسی هەڵاڵەی تر دەکاتە بەر

پەنجاونۆ جووت گوارەی گوڵە باخم دەکاتە گوێ

لەسەر گومبەزی بەر هاتاوی "بداغ سوڵتان"

پەنجاو نۆ یاقووتی سوور دادەنێ

لەسەر هەر چڵێکی "قاقەدار"

پەنجاو نۆ چرا دا دەگیرسێنێ

لە سەر گەڵکۆی "پێشەوا"

پەنجاو نۆ مۆمی تر دەسووتێنێ

# یادی ٥٩ شەهیدی مەهاباد




**د. مەجید حەقی**

ئەمڕۆ ساڵڤەگەری ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مهابادیە بە دەستی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بەفەرمانی ڕاستەوخۆی" حمید رضا جلایی پور"، قەسابی پێشوو و ڕیفۆرمخوازی ئەمڕۆ. ژمارەیەک لە قوربانیان تەمەنیان کەمتر لە ١٧ ساڵ بوو. ئەوکات حمید رضا جلایی پوری ٢٣ ساڵە بۆ جێبەجێ کردنی هەرچی چاکتری فەرمانی جیهادی خومەینی بێ بەزەیانە، بێ ئەوەی لاوانی کورد تاوانێکیان ئەنجام دابێ و لە دادگایەک دا فەرمانێکیان دژ دەرچووبێ قەڵا چوو کرد. لە ساڵی ١٣٥٨ەوە بە فەرمانی جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد ڕەوتی ژێنۆسایدی سیستماتیکی خەڵکی کوردستان هەموو ڕەهەندەکانی ژینگەیی، ئابووری، چاندی و فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، مرۆڤایەتی و دەروونی و پەروەردەیی بەخۆیەوە گرتووە و ڕۆژبەڕۆژ بەرفراوانتر و کوشەندەتر دەبێ. ئەو شەڕەوی ڕژێمی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا دژی ژینگەی کوردستان دەستی پێکردووە، یەک ئامانج زیاتری لە پشتەوە نیە: لەناو بردنی هەموو مەرجەکانی ژیان لە کوردستان و قڕکردنی کورد بە شێوەی سپی.

و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرز و مانا بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠٢٤

---


٥٩ مەشخەڵی ڕێگای ڕزگاریی
کوردستان و سەرانسەری ئێران
٣٠
شەهید مەلا حەسەن لاجوردی
شەهید عەلی سالحی
شەهید عەلی غەواره
شەهید مستەفا فەقری
شەهید شوکری نادری
شەهید سالح مام ئیبراهیمی
شەهید سەید محموود سەید ئەحمەدی
شەهید کەریم کاوه
شەهید یوسف حەسەن زاده
شەهید سلێمان حەسەن زاده
شەهید ئیبراهیم ئەمینی
شەهید محەممەد فارۆق بازیار
شەهید یوسف حەبیب پەناه
شەهید کەریم رەحیمیان
شەهید کەماڵ کەریمی
روحیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ






سەرچاوە Serchawe






سەرچاوە
Serchawe






سەرچاوە
Serchawe

## ناو و ناوبانگی ئەو ٥٩ شەهیدەی کە لە ١٢ جۆزەردانی ١٣٦٢ هەتاوی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران گوللە باران کران

| ٥٩ مەشخەڵی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلا حەسەن لاجوەردی | ١٦ | هەژار کەریمی | ٣١ | حوسێن کەلهوری | ٤٦ | عەلی گوڵپەرەست |
| ٢ | عەبباس حوسێن پور | ١٧ | ئینشائڵلا نادری | ٣٢ | عەلی غەواره | ٤٧ | رەحمان رەحیمی |
| ٣ | حامید مەحموود کەندو | ١٨ | ئەبوبەکر شوکری | ٣٣ | مستەفا فەقری | ٤٨ | محەمەد مەسعودی |
| ٤ | محەممەد ئەمین ئەحمەدی | ١٩ | خدر رەنگین | ٣٤ | مەنسوور جەناح | ٤٩ | عەلی مەزنه |
| ٥ | عەبدوڵلا تەحریان | ٢٠ | عەلی بازیان | ٣٥ | وەفا ئەلیاسی | ٥٠ | کازم خاتوونی |
| ٦ | ساڵح مام ئیبراهیمی | ٢١ | فەرەیدون شەنگه | ٣٦ | شوکری نادری | ٥١ | عەلی سەلاحی |
| ٧ | سەید مەحموود سەید مەحموودی | ٢٢ | محەممەد سەلیمی | ٣٧ | کەریم کاوه | ٥٢ | محەممەد حوسێنی |
| ٨ | محەممەد ئەبوبەکری | ٢٣ | حەسەن رەحمانیان | ٣٨ | کەریم رەحیمیان | ٥٣ | مەحموود ریزیی |
| ٩ | یۆسف حەسەن زاده | ٢٤ | ئەحمەد کەهروبی | ٣٩ | خالید سەفایی | ٥٤ | همایون نیلوفەری |
| ١٠ | سولەیمان حەسەن زاده | ٢٥ | مەقسوود مەحموودی | ٤٠ | عەلی ئاباده | ٥٥ | کەماڵ کەریمی |
| ١١ | کامران زاهیر حەجازی | ٢٦ | مستەفا عیسمەتی | ٤١ | رەحمان خزرپور | ٥٦ | محەممەد عەلیالی |
| ١٢ | محەممەد فارق بازیار | ٢٧ | ئیبراهیم ئەمینی | ٤٢ | کەماڵ چاوشینی | ٥٧ | عەلی بانەیان |
| ١٣ | یۆسف حەبیب پەناه | ٢٨ | خالید رەحیم ئازەر | ٤٣ | یۆسف ئەیازی | ٥٨ | حەسەن جیهانیان |
| ١٤ | سەید ئیبراهیم ئەحمەدی | ٢٩ | سیامک سەقزی | ٤٤ | خالەق بارزانی | ٥٩ | غوڵامرەزا بارزی |
| ١٥ | محەممەد ئەمین سەفا | ٣٠ | عەبباس یۆسفی | ٤٥ | سالح فەرهوودی | | |











سەرچاوە
Serchawe







**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧٢٤ی کوردی = جوونی ٢٠٢٤ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، و بابەت کان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

